


GOLDEN BOOK

ئارِ. ئێڵ. ستاین

# دەمامکە شەیتانییەکان

## تەلاری شاراوە

وەرگێڕانی سەروەر عومەر

+18

ئار. ئێڵ. ستاین

# دەمامکە شەیتانییەکان

## تەلاری شاراوە

وەرگێڕانی سەروەر عومەر

+١٨

## بەخێربێن بۆ تالاری شاراوە
## ئەم تالارە هەمیشە بۆ قیژەیەکی تر شوێنی هەیە!

سڵاو. وەرە ژوورەوە. تۆ قەڵا دێرینەکەی منت دۆزییەوە.
لێرە، لە تاریکترین و شاراوەترین بەشی پارکی ترسدا.
گرنگی بەو شەمشەمەکوێرانە و جیکەجیکیان مەدە. ئەمە کاری هەمیشەییانە، هەر کاتێک چاویان بە تازە هاتوویەک دەکەوێت، دەوروژێن. واهەست دەکەن کە ڕەنگە کاتی خواردنی شێو بێت.
هێندە مەترسە، ئەم شەمشەمەکوێرانە کاریان بەسەر تووە نییە. دووپشکەکان ناهێڵن بێنە پێشەوە.
لە تەنیشت ئەو مێزەوە کە شێوەی تابووتی هەیە، دانیشە. شوێنێکی پەنایە، نا؟
نا، من نازانم کێ لەو تابووتەدا مردووە، تەنها هیوادارم زیندوو نەبێتەوە!
هاهاها.
تەلاری شاراوە تایبەتە بەو میوانانەی زۆر تایبەتن. تایبەتە بەو منداڵانەی چیرۆکیان بۆ گێڕانەوە هەیە. منداڵە تۆقیوەکان لێرە دەدۆزنەوە، ئەو منداڵانەی جنۆکە دەستیان لێ وەشاندوون. حەز دەکەن چیرۆکی خۆیان بۆ من بگێڕنەوە.

ئاخر من گوێگرم؛ پاسەوانی چیرۆکەکانم، پارێزەری چیرۆکەکان.

ئەمڕۆ میوانێکمان هەیە. هەر ئەو کچەی کە بەردەوام چەپکێک لە مووەکانی لە دەوری پەنجەی لوول دەکات و دەیکاتەوە. بەڵێ، تووڕە دێتە بەرچاو.

ناوی مۆنیکا ئەندەرسنە. تەمەنی دوازدە ساڵانە.

ئەو دەمامکی هالۆوینە لەسەر ئەژنۆی دەبینی؟ ناشیرینترین شتێکە کە لە ژیانمدا بینیومە. (هەڵبەتە جیاواز لەو دیمەنەی کە بەیانیان وەختێک سەیری ئاوێنە دەکەم، دەیبینم! هاهاها. دەبێت وریا بم و بەدزییەوە سەیری ئاوێنە بکەم تا لە پڕێکدا نەشکێت!)

وای بۆ دەچم چیرۆکی مۆنیکا پەیوەست بێت بە هالۆوینەوە.

لێی دەپرسم: "مۆنیکا بۆچی ئەو دەمامکەت هێناوە بۆ ئێرە؟"

- من نەمهێناوە. ئەو دەمامکە منی هێناوە بۆ ئێرە.

- واتا دەتەوێ بڵێی ئەو دەمامکە زیندووە؟

- دەمەوێ بڵێم هالۆوینی ئەمساڵ ترسناکترین شەوی ژیانم بوو. من و براکەم پیتەر، ئیتر مەحاڵە بچین بۆ ئاهەنگی هالۆوین.

- زۆرباشە مۆنیکا، لە سەرەتاوە دەست پێ بکە. من چیرۆکوانم، چیرۆکەکەی خۆتم بۆ بگێڕەوە.

مۆنیکا دەمامکە ناحەزەکە لە دەستەکانیدا لوول دەکات و دەڵێت: "ئەو بەڵایەی بەسەر من و پیتەردا هات، باوەڕپێکراو نییە. دڵنیای کە دەتەوێ بەسەرهاتەکەی ئێمە ببیستی؟"

دەستپێبکە مۆنیکا. مەترسە. تەلاری شاراوە هەمیشە بۆ قیژەیەکی تر جێگەی هەیە.



# وەرزی یەکەم

# ١

براکەم پیتەر، پشتوێنی جلە کاراتییەکانی توند بەست و وتی: "مۆنکیا، ئەگەر تۆ لە من زیاتر شکولاتت دەستکەوت، بەشم دەدەیت؟"

چاوەڕوانی وەڵامەکەی منی نەکرد و هاواری کرد: "دایکە دەتوانین شیرینیی سەر بەتاڵیش بخۆین؟"

دایە لە نهۆمی خوارەوە بوو، دیار بوو کە گوێی لێ نییە.

پیتەر سووڕێکی خوارد و لێدانێکی کاراتیی بەهێزی ئاڕاستەی شانم کرد.

بۆڵاندم بە سەریدا: "ئاااااخ، وا مەکە پیتەر!" کەمێک شانی خۆمم شێلا.

پێکەنی و وتی: "ناسک و نازدار" و دیسان ویستی دانەیەکی ترم تێسرەوێنێ.

بەڵام من خۆم لادا.

پیتەر پرسی: "دەکرێ مرۆڤ بەهۆی خواردنی شکولاتەوە سەری گێژ بخوات؟"

"فرێدی میلنەر" دەڵێت ئەگەر زیاد لە ئەندازە شکولات بخۆی، سەرت هێندە گێژ دەخوات کە ناتوانی بە ڕێکی بەڕێدا بڕۆی."

- ئەمشەو تاقی مەکەرەوە.

پیتەر هێندە بە چواردەوری ژوورەکەدا سووڕایەوە تا توند بەر دیوارەکە کەوت. ئەوسا هەڵبەزییەوە و لە هەوادا لەقەیەکی وەشاند. هیچی وای نەمابوو لاپتۆپەکەم بەربداتەوە سەر زەوی. بە سەریدا قیژاندم: "وریابە! بۆچی لە ژوورەکەی من ناچیتە دەرەوە و لە خوارەوە چاوەڕێم بکەی؟"

دەمی کردەوە، ددانەکانی دەرخست، هەردوو مشتی بەرز کردنەوە و وتی: "ئەگەر دەتوانی ناچارم بکە!"

ئەم پیتەرە پێی وایە زۆر ئازیز و شیرینە، بەڵام وا نییە! یەکەم زۆر لەوە درێژترە کە شیرین بێت. واتا لەگەڵ ئەوەی کە دوو ساڵ لە من بچووکترە و تەمەنی دە ساڵانە، باڵای نزیکەی سی سانتیمەتر لە من بەرزترە. قژی زەردی وەک تەناف، لووتی درێژ و نووک هەڵگەڕاوە و ددانی گاڵتەجاڕانەی هەیە. پیتەر برای منە، بەڵام باوەڕ بکەن لە دێو ئەچێ.

پیتەر پولێکی پۆستەی لەسەر مێزەکەم هەڵگرت، بە زمان تەڕیکرد و نووساندی بە نێوچاوانمەوە. خۆیشی لە پێکەنیندا تریقایەوە و کەوتە سەر تەختەکەی من.

بە سەریدا قیژاندم: "بۆچی واتکرد؟"

شانەکانی هەڵتەکاند و وتی: بۆچی وا نەکەم؟"

وابزانم ئێستا ئیتر دەیزانی بۆچی ناوم لێناوە خۆرە. بەردەوام قسە دەکات و لە شوێنێک ناسرەوێ. یەکبینە وەک کرم لوول دەخوات و یان مشت یان لەقە دەهاوێت.. خۆی وا

بیر دەکاتەوە کە قۆشمە و شیرینە، بەڵام وا نییە. هاوڕێکانی منیش تەحەمولی ناکەن.

هێندێک لە مندالانی وەک پیتەر، جۆرێک دەرمان دەخۆن تا کەمێک ئارام بگرن و بزێوییان کەم بێتەوە، بەڵام دایک و باوکی من لەبارەی پیتەرەوە بڕوبیانوو دەهێننەوە و دەڵێن هیچی نییە، تەنها کەمێک وزەی زۆرە!

بە جۆرێک قسە دەکەن وەک بڵێی من حەلەزۆنێکی تەنبەڵ بم. نەخێر، من کاپتنی تیپی جیمناسیتکی قوتابخانەم و ئەستێرەی ڕاکردنی ٤٠٠ مەتری تیپی ڕاکردن و گۆڕەپانی قوتابخانەی هیل کریستم.

پیتەر بزەیەکی گاڵتەجاڕانەی کرد و پرسی: "ئەوە چییە لەبەرت کردووە؟ پانتۆڵی کورتی ڕەش، بەسەر سترێچی درێژی وەنەوشەییدا؟"

- جلی تایبەتی جیمناستیکەکانە.

پێکەنی و وتی: "ڕێک ئەڵێی شێتەکانی."

ڕوو لە پلیکانەکان هاوارم کرد: "دایە! حەتمەن دەبێ ئەمە لەگەڵ خۆم بەرم؟"

دەنگی پێیەکانیم لەسەر پلیکانەکان بیست و چوومە ناو ڕاڕەوەکەوە. دایە کە تا نیوەی پلیکانەکان هاتبوو، پاڵی بە پەرژینەکەوە دابوویەوە، چەند تاڵێک مووی سووری لوول کە هاتبوونە سەر ڕووخساری، بە فوویەک لایدان و وتی: "هێشتا هەر خەریکی بۆڵەبۆڵ دەکەی مۆنیکا؟"

قژی من و دایکم یەک ڕەنگە. ڕاستییەکەی لە دوو خوشک دەچین. هەردووکمان لاواز و وردیلەین. بە پێچەوانەی پیتەر و باوکمەوە کە کەڵەگەت و درێژن.

ئاخێکم هەڵکێشا و وتم: "من تەنها حەز دەکەم بڕۆم بۆ لای کارۆلین و ڕێجینا و لەگەڵ ئەواندا بگەڕێم."

- ناکرێ. دەبێ پیتەریش لەگەڵ خۆت بەریت بۆ ئاهەنگی هالۆوین.

چاوەکانم خڕ کردنەوە و وتم: "بەڵام دایە ئەو تەنها کاری ئەوەیە کە لەسەر ئێمە ڕاهێنانی کاراتی بکات و شین و مۆرمان بکاتەوە."

پیتەر کە لە پشت سەری منەوە بوو، پێکەنی و یەکێک لە پاندا پەڕۆیینەکانی منی هەڵگرت و چەند لێدانێکی کاراتی تێسرەواند.

دایکم وتی: "دەی ئێوەیش بەرگری لە خۆتان بکەن، بە لەقە وەڵامی بدەنەوە."

پیتەر ورچەکەی هەڵدایەی سەر زەوی و وتی: "ها؟"

دایە بەردەوام بوو: "تازە، تۆ خۆ دەزانی پیتەر خۆرەی شکولات و شیرینییە. لەوێدا، هێندە خەیاڵی لای ئەو شتانەیە کە کاتی ئەوەی نییە ئازاری تۆ و هاوڕێکانت بدات." پاشانیش بە دەنگی بەرز وتی: "وا نییە پیتەر؟"

پیتەر وەڵامی دایەوە: "هەرچی تۆ بڵێی."

ئاخێکی ترم هەڵکێشا و وتم: "لێگەڕێ ئیتر، لەسەری نەڕۆین."

گەڕامەوە بۆ ژوورەکەم و دەمامکێکی زیوینم کردە دەموچاوم و بیرم کردەوە ڕەنگە بەم جۆرە کەس نەمناسیتەوە. تەحەمولکردنی پیتەر کەم بوو، لاستیکی دەمامکەکەیش لە نێو مووەکانمدا گیری خوارد.

ئاوڕم دایەوە و سەیرم کرد پیتەر خەریکە دەمامکێکی ڕەش دەبەستێت. لەگەڵ پشتوێنی ڕەشی کاراتییەکەیدا گونجا بوو. هەڵبەتە جارێ زۆری ماوە کە پشتوێنی ڕەش وەربگرێت، بەڵام شەرم ناکات و لە ئێستاوە پشتوێنی ڕەش دەبەستێت.

چەند چرکەیەک دواتر لە دەرگای ماڵەوە چووینە دەرەوە و پیتەر وەک قالۆنچە بەسەر پلیکانەکاندا هەڵبەز و دابەزی کرد و چووە خوارەوە بۆ سەر شەقامەکە.

شەو تاریک بوو. مانگێکی نیوە لە ئاسمان بەسەر ماڵەکانی ئەوبەری شەقامەکەوە بوو و با گەڵا وشکەکانی لە باخچەی بەردەم ماڵەکەدا دەهێنا و دەبرد.

پشتم لەرزی و لەبەرخۆمەوە بیرم کردەوە، نەدەبوو ئەو تی شێرتە قۆڵکورتە لەبەر بکەم. باشتر بوو چاکەتێک بکەم بە سەریدا.

بەڵام کاتێک بەدوای پیتەردا لە ڕۆشنایی ماڵەکە دوور کەوتمەوە و کەوتمە ناو تاریکیی سەر شەقامەکەوە، بۆم دەرکەوت بێزارییەکەم بەهۆی با و سەرماوە نییە.

من ترسنۆک نیم، بەڵام لەناکاو هەستێکم بۆ دروست بوو...

... هەستێکی زۆر ناخۆش سەبارەت بەو هالۆوینە.

## ٢

کارۆلین کڵاوی درێژی جادووگەرانی کردبووە سەری، پاڵتۆیەکی پیاوانەی کۆنە و دڕاو و جووتێک پێڵاوی گەورە و پانوپۆڕی لەپێکردبوو. لووتێکی پلاستیکیی پڕ لە باڵووکەیشی لەسەر لووتی بەستبوو. بە دەنگێکی نزم و باریکەوە قسەی دەکرد، وەک بڵێی یەکێکە لە مرۆڤە چکۆلەکانی شاری ئۆز.

ڕێجینا جلێکی وەرزشیی نایلۆنی خۆڵەمێشیی لەبەر کردبوو و بە ڕەنگی ڕەش لەسەر لێوەکانی سمێڵی دروست کردبوو تا وەک ژنە پشیلەییەکەی فیلمی باتمانی لێ بێت. ئەم کچە بەو چاوە زەیتوونییانەیەوە بەبێ سمێڵیش هەر لە پشیلە دەچێ. هەر سێکمان چونکە لە تیپی جیمناستیکی قوتابخانەداین، زۆر بەهێز و وەرزشکارین، بەڵام دەرەقەتی پیتەر نایەین.

ئەو شەوە هەر خەریکی ئەوە بوو بە چواردەوری ئێمەدا بسووڕێتەوە، پاشان لە ناکاو هەڵبەزێتەوە و شتێک لە کیسەکانمان بفڕێنێت. ڕێک وەک دزەکان.

"بمدەرێ! من ئەوەم لەوانیتر زیاتر حەز لێیە!" ڕێجینا هاواری کرد و دەستی بردە پێشەوە تا شکولاتەکەی وەربگرێتەوە، بەڵام پیتەر دەستی کێشایەوە دواوە و وتی: "منیش هەروەها!"

ئەو بە دەمی کراوەوە لە ئێمە دوورکەوتەوە و شکولاتەکەی ڕێجینای خستە ناو کیسەکەیەوە.

بەڵام ڕێجینا خۆ بەو ئاسانییە دەستبەردار نەبوو. بەسەر پیتەردا قیژاندی و خۆی بۆ هەڵدا.

پیتەر خۆی لادا و لێدانێکی کاراتیی کێشا بەسەر شانی ڕێجینادا. "تەپ!" ڕێجینا دەنگێکی زۆر ناخۆشی لێوە دەرچوو و کەوتە سەر زەوی.

پیتەر دەستی لە هەڵبەز و دابەز هەڵگرت و وتی: "شەرمەزارم. تازە ڕووی دا."

"ئەمەیش ڕوویداوە!" کارۆلین وای وت، شانەکانی نزم کردنەوە و ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی پیتەر ڕۆیشت. براکەم خۆی لادا و هەردووکیان کەوتن بەسەر گەڵا وشکەکاندا.

پیتەر کیسەکەی کە هێشتا توند بە دەستییەوە گرتبوو، بەرەو لای کارۆلین سووڕاند و ئەو ناچار بوو یەکسەر خۆی لابدات.

ڕێجینا دەستی بەسەر گەروویدا هێنا و وتی: "هیچم لێ نەهاتووە."

پیتەر دەستبەجێ هەستایەوە و دیسان وتی: "لەدەستم دەرچوو. بەڕاستمە."

کیسەکەی لەبەردەمی ڕێجینادا ڕاگرت و وتی: "فەرموو، شکولاتێک هەڵگرە. هەرچییەکت حەز لێبوو."

ڕێجینا بە بەدگومانییەوە سەیری کرد.

پیتەر کیسەکەی لەبەردەم ڕیجینادا ڕاوەشاند و ڕیجینا شکولاتیکی گەورەی لە کیسەکە دەرهێنا.

پیتەر هاواری کرد: "نەخێر، ئەوەیان نادەم!" و شکولاتەکەی لە دەستی ڕیجینا دەرهێنا و چووە دواوە.

ڕیجینا بەسەریدا بۆلاندی: "جانەوەر!"

کارۆلین قۆڵی ڕیجینای گرت و هاوکات کە لەگەڵ خۆیدا ڕایدەکێشا، وتی: "پاشان دەتبینمەوە، مۆنیکا."

بەدوایاندا ڕۆیشتم و وتم: "هێی، ڕاوەستن... بۆکوێ دەڕۆن؟"

کارۆلین وتی: "بۆ شوێنێک کە لەم دێوە کاراتییە دوور بین. زۆر دوور."

هاوڕێکانم دەستی یەکتریان گرت و بەسەر پیادەڕۆکەدا ڕایانکرد. منیش ڕاوەستام و سەیرمکردن کە بە نۆرە، بۆ ساتێک لەژێر ڕووناکیی گڵۆپەکانی سەر شەقامەکەدا دەردەکەوتن و دووبارە لە تاریکیدا ون دەبوونەوە.

بە تووڕەییەوە ئاوڕم دایەوە بەرەو لای پیتەر و بەسەریدا هاوارم کرد: "زۆر سوپاس کە هاوڕێکانی منت ناچار کرد هەڵبێن."

شانەکانی بەرز کردنەوە و وتی: "مەگەر خەتای منە کە هاوڕێکانی تۆ هێندە دڵیان ناسکە؟"

حەزم دەکرد سەری لێبکەمەوە. بەڵام ئێمە بە خێزانی حەزمان لە توندوتیژیی نییە. هەڵبەتە جگە لە پیتەر. لە بەرانبەردا مشتەکانم لە هەوادا سووڕاند و تا دەم ژمارد.

کەمێک لە تووڕەییەکەم کەمتر بوویەوە و وتم: "زۆرباشە، بەڕێکەوە بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە." و کەوتمە ڕێ. بەلام پیتەر شانی گرتم و منی سووڕاند بەرەو لای خۆی.

کیسە گەورەکەی لەبەر چاومدا ڕاوەشاند تا گوێم لە دەنگی شکولات و شیرینییەکان بێت و وتی: "نەخێر مۆنیکا خانم، ئێستا ناکرێ بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە. کیسەکەی من هێشتا نیوەی پڕ بووە."

پێکەنین گرتمی و وتم: "گاڵتەم لەگەڵ دەکەی؟ هەر بەڕاستی بەنیازیت ئەو کیسە زەبەلاحە پڕ بکەیت؟ هەرگیز. دەبێ تا کۆتایی شەو لەسەر شەقام بمێنینەوە."

- باشە، باشە. تەنها یەک کۆلانیتر بگەڕێین. دووانیتر، سێ دانە...

چاوەکانم خڕ کردنەوە و وتم: "تەنها یەک کۆلانیتر. بەلام دەتوانی لە دەرگای ماڵەکانی هەردوو بەری کۆلانەکە بدەیت."

"باشە. تۆ لە دواوە ڕاوەستە. دەستپێکرد." پیتەر ئەمەی وت و وەک با خۆی هەڵدایە ناو  چیمەنی بەردەم ماڵێکەوە کە گڵۆپەکانی داگیرسابوون و فانۆسێکی کوولەکەیی لە پشت پەنجەرەی دەرەوەی دەمی کردبوویەوە و گڕی ئەو مۆمەی لە ناویدا دەسووتا، دەبووە هۆی ئەوەی  چاوە گۆشەدار و ئەستێرەییەکانی بدرەوشێنەوە.

لە تەنیشت شۆستەی پیادەڕۆکەوە ڕاوەستام و سەیری لە جەڕەسدانەکەیم کرد. کچێک کە جلی دۆرای لەبەردا بوو دەرگاکەی کردەوە.

بێزم لێی هاتەوە و دەستەکانم لە یەک ئالاند. با زیاتر سارد بووبوو و هەوا بە جۆرێک قورس و شێدار بووبوو، وەک بڵێی دەیویست بەفر ببارێت. ئەو نیوە مانگەیش کە بە ئاسمانەوە بوو، کەوتبووە ژێر هەورە ڕەشەکانەوە.

وردە وردە خەریکبوو درەنگ دەبوو. سەیرێکی سەر و خواری شەقامەکەم کرد، جگە لە ئێمە هیچ منداڵێکی تری لێ نەبوو. ئەم پیتەرە شەیدای شکولات و شیرینییە و دڵنیابووم ئەگەر بۆی بکرایە، تا بەیانی لەسەر شەقام دەمایەوە.

بەڵام من حەزم دەکرد بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە و خۆم گەرم بکەمەوە. تەلەفۆن بۆ ڕێجینا و کارۆلین بکەم و بۆ دەهەزارەمین جار لەم مانگەدا، بەهۆی ڕەفتاری پیتەرەوە داوای لێبووردنیان لێ بکەم.

هەر لەوێدا لە تەنیشت پیادەڕۆکەوە ڕاوەستام و سەیری ماڵە و ماڵکردنی پیتەرم کرد. هالۆوین بەلایەوە گرنگترین شەوی ساڵە، واتا لە کریسمسیش گرنگترە.

هەر کە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، توێشەبەرەکەی هەڵدەڕێژێتە سەر فەرشەکە و چەندین سەعات شکولات و شیرینییەکانی جیا دەکاتەوە و هەر جۆرێکیان بە جیا لەسەر یەک هەڵدەچنێت.

ئەم منداڵە بەڕاستی دێوانەیە. ئەو کاتانەی کە منداڵتر بوو، جاری واهەبوو بەسەر شکولاتەکانیدا تەپاوتلی دەکرد. هەڵبەتە ئەو کاتانە زۆر شیرین و خۆشەویست بوو. ئێستا تەنها پێی وایە کە شیرین و خۆشەویستە!

پیتەر خەریک بوو بەرەو لای دەرگای دوایین ماڵ ڕایدەکرد؛ خانوویەکی بچووک و چوارگۆشەیی کە دوو بایسکیل لەملا و ئەولای باخچەکەی بەردەمییەوە لەسەر زەوی کەوتبوون. ژنێکی گەنج دەرگاکەی کردەوە و دەیویست سێوێک بدات بە پیتەر کە دەنگی پیتەر بەرز بوویەوە.

"نەخێر! من سێوم ناوێ!" پێش ئەوەی ژنەکە بتوانێ سێوەکە بخاتە ناو کیسەکەیەوە، سوڕایەوە و لەسەر سەکۆی بەردەم ماڵەکەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە و بەرەو لای من ڕایکرد.

بەدەم هەناسەبڕکێوە وتی: "مۆنیکا، دەبێ کۆڵانێکی تریش بگەڕێم."

دەستەکانم لەسەر سینەم لێک ئاڵاند و وتم: "پیتەر تۆ بەڵێنت دا. بڕیارمان وا بوو ئەمە دواهەمینیان بێت."

بە لاڵەپەتە وتی: "بەڵام... بەڵام... بینیت لەو ماڵە چی بوو؟ ئەو ژنە دەیویست سێوم بداتێ لە جیاتی شکولات!"

چاوەکانم خڕکردنەوە و وتم: "بەڵێ، بەمە دەڵێن کارەسات!"

"وەرە مۆنیکا. ناخۆشی مەکە." پیتەر ئەمەی وت و دەستمی ڕاکێشا تا بمبات بۆ کۆڵانێکی تر.

- پیتەر، درەنگ بووە. دایک و باوکمان نیگەران دەبن. سەیرکە جگە لە ئێمە کەسیتر لە دەرەوە دەبینی؟

وەڵامی نەدامەوە. وەک با خۆی کرد بەناو کوڵانێکی تردا و بە تەنیشت ڕیزێک چناری بەرزدا بەرەو پێشەوە ڕایکرد.

لە پشت سەرییەوە هاوارم کرد: "پیتەر بگەڕێوە!"

بەڵام ئەو لە تاریکیی سێبەری چنارەکاندا ون بوو.

نەمدەزانی لەکوێین. تیشکی گڵۆپی سەر شەقامەکە هێندە کز بوو کە نەمدەتوانی تابلۆی سەر شەقامەکە بخوێنمەوە. مانگەشەویش نەبوو تا شوێنێک ببینم.

چنارە بەرزەکان وەک دیوار بەرز بووبوونەوە و لە پشت سەریانەوە، درەختە بەرزەکان چپەچپیان دەکرد و دەجووڵانەوە.

بەخۆمم وت، تا ئێستا بۆ ئێرە نەهاتووین. من ئەم کوڵانە هەر نازانم.

وەختێک چاوەکانم بە تاریکی ڕاهاتن، ماڵەکانم بینی. ماڵە گەورەکان، لە سەرووی چیمەنە لێژەکانەوە. هیچ گڵۆپێک لە پشتی پەنجەرەکانەوە دانەگیرسابوو. هیچ گیانەوەرێک لەو ناوەدا نەبوو. هیچ ئۆتۆمۆبیلێک بەسەر شەقامەکەدا نەدەڕۆیشت.

لەناکاو دەنگی لوورەیەک هات و مووەکانی لەشم ڕاست بوونەوە.

پشیلە بوو؟ یان دەنگی بایەکی بەهێز کە خۆی دەکرد بە نێو درەختەکاندا؟

دڵم کەوتە تەپەتەپ و سووڕامەوە و ڕامکرد بەشوێنی پیتەردا کە بەرەو دەرگایماڵێکی گەورە ڕایدەکرد و نیوەی ڕێگاکەی بڕیبوو؛ ماڵێک کە لە پشت درەختە بەرزەکانەوە نزیکەی شارابوویەوە و بەو دوو منارە نووکتیژەیەوە کە لەمبەر و ئەوبەرییەوە بوو، مرۆڤی دەخستەوە یادی قەڵا دێرینەکان.

بە دەنگێکی هێواش و نزم بانگی براکەم کرد: "پیتەر؟" و ڕامکرد تا پێی بگەمەوە: "وەرە با بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە. ئەم ماڵە زۆر تاریکە. ئەم کۆڵانە سەرتاپای تاریکە. ئێمە هاتووینەتە کۆڵانێکی هەڵە و سەیر و سەمەرەوە."

پێکەنی و وتی: "دەترسی؟ هاهاها. سەیریکە، وەک منداڵی شیرەخۆرە هەڵدەلەرزێت."

- ن.. نەخێر ناترسم، بەڵام ئێرە زۆر سەمەرەیە. وەرە بڕۆین خێرا. کەس دەرگای ئەم ماڵە ناکاتەوە.

پشتوێنی جلە کاراتییەکانی توند کردەوە، دەمامکە ڕەشەکەی سەر ڕووخساری ڕێکخست و وتی: "دەیبینین." و پەنجەی نا بە زەنگەکەدا. دەنگی بەهێزی زەنگەکە لە ناو ماڵەکەدا بەرز بوویەوە.

هیچ هەواڵێک نەبوو.

- پێم نەوتی؟ وەرە با بڕۆین. من خەریکم ڕەق دەبمەوە. تۆیش خەروارێک شکولاتت کۆکردۆتەوە. وەر بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە.

وەک هەمیشە گوێی پێ نەدام و دووبارە لە زەنگەکەی دا و دەستی لەسەر زەنگەکە ڕاگرت.

دیسان لەودیو دەرگا دارینەکەی ماڵەکەوە دەنگی زەنگەکە بڵاو بوویەوە.

بایەکی بەهێز درەختەکانی ڕاوەشاند و گەڵا وشکەکانی لەسەر سەکۆی بەردەم ماڵەکە فڕاند.

دیسان دەنگی لوورە هاتەوە. لە مەودایەکی زۆر دوورەوە. نزیکەی لە دەنگی مرۆڤ دەچوو.

بە هێواشی وتم: "پیتەر، تکا دەکەم..."

هەر لەو کاتەدا گوێم لە دەنگی پێ بوو، دەنگی تەپەتەپێک کە لەودیو دەرگاکەوە دەهات.

دەرگاکە جیڕەجیڕی کرد و بەهێواشی کرایەوە. ژنێکی قژڕەش کە جلێکی درێژی لەبەردابوو، سەری هێنایە دەرەوە و سەیری ئێمەی کرد. ڕووناکییەکی خۆڵەمێشی پشتی سەری ڕووناک کردبوویەوە، بەڵام دەموچاوی لە تاریکیدا بوو و نەمتوانی بە جوانی بیبینم.

پیتەر وتی: "یان شیرینی و شکولات، یان لە ملی خۆت چیت بە سەرهات!"

ژنەکە هەنگاوێک هات بەرەو لای ئێمە و چاوەکانی گەورە بوون. بە دەنگێکی بەرز وتی: 'وای سوپاس بۆ خوا ئێوە هاتن. دەمزانی کە دواجار دێن!'




Description

بسم الله الرحمن الرحيم
🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و  بابەتی جیاواز🤍

ئەم کتێبە لەلایەن { ئازیزێکی چەناڵ }
کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7
Invite Link

## ٣

ژنەکە ئێمەی بردە ژوورەوە. لەو ڕووناکییە خۆڵەمێشییەدا کە تروسکەی دەدا، چەند جارێک چاوم ترووکاند و بینیم لە ڕاڕەوێکی باریکدا ڕاوەستاوین کە میچێکی بەرزی هەیە و گۆیەکی شووشەیی گەورە کە بە زنجیرێکەوە هەڵواسراوە، ئەوی ڕووناک دەکاتەوە.

پیتەر بە زمانگرتنەوە وتی: "ئێمە... ئێمە هاتووین بۆ ئاهەنگی هالۆوین."

ژنەکە سەری ڕاوەشاند. مووە ڕەش و خاوەکەی کەوتە سەر ڕووخساری و بە دەستی ڕەنگ زەردی لایدا. دیار نەبوو تەمەنی چەند ساڵانە. وای بۆ چووم ڕەنگە وەک دایک و باوکی خۆمان سی و چەند ساڵان بێت.

جوان بوو، چاوی قاوەیی خڕی هەبوو، گۆناکانی بەرز و بزەیەکی گەرمی هەبوو. کراسە ڕەشەکەی وەک جلی خەو تا قوولەپێی دەهات.

دووبارە وتی: "دڵنیابووم کە دێن."

لێم پرسی: "مەبەستت چییە؟"

وەڵامی نەدامەوە. خێرا ڕووی وەرگێڕا و جلە درێژەکەی بە دەوریدا سووڕایەوە. ئێمەی برد بۆ ژوورێکی زۆر گەورە و نیوە تاریک.

ئاگرێکی بچووک لە ئاگردانی ناو دیوارە بەردینەکەدا کرابوویەوە و بڵێسەکانی سێبەری درێژیان لەسەر دیوارەکەی بەرانبەر دروست دەکرد. چەند دانە مۆبیلی چەرمی ڕەش و کۆن ژوورەکەیان پڕ کردبوو.

تابلۆیەکی درێژ کە بەسەر ئاگردانەکەوە هەڵواسرابوو، ڕووخساری غەمگینی ژنێکی پیشان دەدا کە جلێکی کۆنی سەردەمانی زووی لەبەردابوو و دڵۆپێک فرمێسک کەوتبووە سەر یەکێک لە ڕوومەتەکانی.

سەرەڕای ئاگری ئاگردانەکە، ژوورەکە سارد و هەوای ناوی شێدار و قورس بوو. لە دڵی خۆمدا وتم، چ شوێنێکی غەمگینە. هەموو شتێک تاریک و ڕازئامێز و ترسناکە.

ژنەکە وتی: "من ناوم بێلایە." چەپکێک موو کە کەوتبووە سەر ڕووخساری، بە پشتی دەستی لایدا و دەست لەسەر کەمەر، لەبەردەمی ئێمەدا ڕاوەستا. چاوە قاوەییەکانی بە نۆرە لە من و پیتەریان ڕوانی.

- تۆ مۆنیکای، دروستە؟ براکەشت ناوی پیتەرە.

هەستم کرد ڕێڕەوی قوڕگم وشک بووە و پرسیم: "تۆ کێیت؟ دایک و باوکی ئێمە دەناسی، یان... چی؟"

ژنەکە سەری ڕاوەشاند و بزەیەکی نیوەناچڵ ڕووخساری ڕەنگ زەرد و لاوازی گەشاندەوە. بە دەنگێکی سازگار وتی: "ناوی هەردووکتان لە کتێبەکەدایە." پاشان بە نیگای، هەردووکمانی بەوردی هەڵسەنگاند.

وتم: "کتێب؟ تێناگەم؟"

دەستێکی خستە سەر لێواری یەکێک لە مۆبیلەکان و وتی: لە کتێبەکەدا نووسراوە ئەو دووانەتان دێن. نووسراوە ئەمشەو یارمەتیی من دەدەن.

سەیرێکی پێتەرم کرد و ئەویش چاوەکانی خڕکردنەوە.

لە دڵی خۆمدا وتم، واتا ئەم ژنە حۆڵە؟

لێم پرسی: "ناوی ئێمە لە کتێبەکەدا نووسراوە؟ مەبەستت دەفتەری تەلەفۆنە؟"

بێلا سەری ڕاوەشاند، ئاماژەی بۆ کردین کە دوای بکەوین و ئێمەی بردە ناو کتێبخانەی پشت ژووری دانیشتنەکەوە.

لەبەردەم هەر چوار دیواری کتێبخانەکەدا لە زەوییەوە تا میچەکە، ڕەفەی پڕ لە کتێبی کۆنە بوو.

ئەو کتێبانەی بەرگەکانیان درزی بردبوو و کاڵ بووبوونەوە.

دوو گڵۆپی هاوشێوەی مەشخەڵ کە لە بەرزاییەکی زۆردا، لە دیوارەکەوە هاتبوونە دەرەوە، ڕووناکییەکی زەردیان دەخستە سەر مێزە دارین و درێژەکەی ناوەڕاستی ژوورەکە.

چوار دانە کورسیی پشت بەرزیش لە دەوری مێزەکە دانرابوون.

لە هەموو جێیەک سێبەری شین و ڕەش بەرچاو دەکەوت.

پشتم لەرزی، ئەم بیرکردنەوە خراپە هاتبووە مێشکمەوە کە ئەو سێبەرانە زیندوون.

بێلا کتێبێکی گەورەی لە یەکێک لە ڕەفەکانی خوارەوە دەرهێنا. بە هەردوو دەست کتێبەکەی بەرز کردەوە و فووی لە خۆڵی سەر بەرگەکەی کرد.

کاتێک کتێبەکەی هێنا بۆ سەر مێزەکە، بینیم بەرگەکەی درزی بردووە و پڕە لە پەڵە. کتێبەکەی بە جۆرێک ڕاگرت کە من و پیتەر بتوانین ناونیشانەکەی کە بە پیتی پێچاوپێچ و هەڵگەڕاوەی قاوەیی نووسرابوو، بخوێنینەوە: کتێبی هاڵۆز.

وتم: "هاڵۆز؟ واتا... واتا ئەم کتێبە لەبارەی هاڵۆوینەوەیە؟"

وەلامی نەدامەوە. کتێبە قورسەکەی لەسەر مێزەکە دانا، نووشتایەوە بەسەر کتێبەکەدا و بە وریاییەوە پەڕە زەردەکانی هەڵدایەوە.

وتم: "تێ...ناگەم، لەم کتێبەدا چی نووسراوە؟"

پیتەر بە دەنگێکی لەرزۆک وتی: "ئێمە تەنها هاتبووین بۆ شکولات."

بە ڕووخساریدا دیاربوو کە لەم دۆخە ناڕەحەتە.

بێلا پەنجە لاوازەکانی بەسەر لاپەڕەیەکی کتێبەکەدا هێنا و وتی:

"بیخوێننەوە. وەرنە پێشەوە. بڕوانن لە کتێبەکەدا چی نووسراوە."

من و پیتەر نووشتاینەوە بەسەر کتێبەکەدا و وەک کۆمۆدەکانی ماڵی دایەگەورەی ئالیس بۆنی شێ و کۆنی لێ

دەهات. بە وردی سەیری نووسینە وردەکانی کتێبەکەم کرد و خوێندمەوە:

"شەوی هالۆوین زەنگی ماڵەکە لێ دەدرێت. دوو تازەلاو بە هانای بێلاوە دێن. ناوی ئەوان مۆنیکا و پیتەر ئەندەرسۆن دەبێت. ئەو دووانە سەرگەرمی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی "شەوی قدیسین" دەبن. بەلام مۆنیکا و پیتەر دەست لە ڕێوڕەسمەکەی خۆیان هەڵدەگرن و لە کاتی پێویستیدا بە هانای بێلاوە دێن.

فشارم لە خۆم کرد تا تفێک قووت بدەم. ناو دەمم لە پڕێکدا وەک تەختە وشک بووبوو.

من و پیتەر هەروا لە کاغەزی ڕەنگ زەردی ئەو کتێبە کۆنە ڕامابووین. پاشماوەی لاپەڕەکە بەتاڵ بوو.

سەرم هەڵبڕی و لە چاوەکانی بێلام ڕوانی: "مەحاڵە. مەگەر شتی وا ڕێی تێدەچێت؟"

## ٤

چاوەکانی بریسکەیان دایەوە و وتی: "لە کتێبەکەدا وا نووسراوە. کەواتا دەبێ ڕاستی بێ."
قۆڵی پیتەرم گرت و وتم: "وەرە با بڕۆین، ئەم بەسەرهاتە زۆر پڕوپووچە.
بێلا بە دەنگێکی بەرز وتی: "ناتوانن بڕۆن!" خێرا چووە بەردەم دەرگای ژووری کتێبخانەکە و ڕێگەی لێ گرتین.
هیچی وای نەمابوو من و پیتەر ڕێک خۆمان بکێشین بە سکیدا. دەستەکانی بۆ هەردوولا بڵاو کردنەوە تا نەتوانین بە تەنیشتیدا تێپەڕین.
پیتەر هاواری کرد بە سەریدا: "تۆ ناتوانی ئێمە لێرە ڕابگری!"
بێلا وتی: "لە کتێبی هاڵۆزدا نووسراوە کە ئێوە لێرە دەمێننەوە."
چاوەکانی دووبارە بریسکانەوە و لەو کتێبە ڕاما کە لە پشت سەری ئێمەوە و لەسەر مێزەکە کرابوویەوە. ئێوە لێرە ناڕۆن. کتێبکە دەڵێ کە ناڕۆن."
بە بێلام وت: "من نازانم چۆن ئەم فێڵی کتێبەت دروست کردووە، بەڵام هەر بەڕاستی دەبێ بهێڵیت بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە. تۆ بۆچی پێویستت بە یارمەتیی ئێمە هەیە؟"

بێلا کتێبە کۆنەکەی پیشاندا و وتی: "لە کتێبەکەدا نووسراوە کە ئەو دووانەتان لێرە دەمێننەوە و یارمەتیی من دەدەن تا ئەو پێنج دەمامکەی لێیان دزیوم، وەک هەموو ساڵێک، بەدەست بهێنمەوە. ئێوە یارمەتیم دەدەن تا وەریانبگرمەوە."

هاوارم کرد: "پێنج دەمامک؟"

پیتەریش دەنگی لێ بەرزبوویەوە: "من کاراتێ دەزانم." وەک بڵێی بیەوێ لێدانێک بوەشێنێت، دەستەکانی بەرز کردنەوە: "باشترە ڕێگە بدەی ئێمە بڕۆین."

چاوەکانی بێلا فراوان بوون و وتی: "پیتەر، من بەنیازی ئەوە نیم کە ئازارتان بدەم. نامەوێ لێرەدا زیندانیتان بکەم. تەنها ئەوەیە کە لە کتێبەکەدا نووسراوە ئێوە یارمەتیم دەدەن تا دەمامکەکان وەربگرمەوە."

پیتەر دەستەکانی هێنانە خوارەوە و وتی: "تێگەیشتم." پاشان سەری لەقاند: "ئەمشەو شەوی هالۆوینە و تۆ دەتەوێ منداڵەکان بترسێنی. ئەم قسانەیش هەموویان گاڵتەن، وایە؟"

بێلا ڕۆیشت بۆ لای مێزەکە: "ئەم کتێبە گاڵتە نییە. هەموو ئەوشتانەی کە ڕوودەدەن، لێرەدا نووسراون."

پرسیم: "سەبارەت بە کام پێنج دەمامکە قسە دەکەی؟ دەمامکی هالۆوین؟"

- ناویان پێنج دەمامکەکەی دوکتۆر ڤیژەیە و توانایەکی جادوویی زۆریان هەیە.

من و پیتەر سەیری یەکترمان کرد و دڵنیا بووین کە بێلا بەڕاستی مێشکی کێشەی هەیە.

لە دڵی خۆمدا بیرم کردەوە، باشتر نییە تا درەنگ نەبووە بۆی دەرچین؟ نووشتامەوە و سەیری لاپەڕەی کراوەی کتێبەکەم کرد. باوەڕم نەکرد، بەڵام شتی تازە لەو لاپەڕەیەدا نووسرابوو. پارەگرافێکی تازەی بۆ زیاد بووبوو. بۆ پیتەرم خوێندەوە:

"پیتەر و مۆنکیا متمانەیان بە بێلا نەبوو، نەیاندەزانی بێلا داوای چییان لێ دەکات. سەرەتا پێیان وابوو ئەو شێت بووە. دوو تازەلاوەکە دەیانویست هەڵبێن.

بەڵام ئەوان ئەرکێکی گەورەیان لەسەر شان بوو. بێلا زۆر زۆر پێویستی بە یارمەتیی ئەوان بوو. لە ڕاستیدا هەموو دنیا پێویستیی بە یارمەتیی ئەوان بوو. نەدەبوو هەڵبێن.

پیتەر سەری ڕاوەشاند و وتی: "زۆر سەیرە." و دەمامکە ڕەشەکەی لە ڕووخساری کردەوە و هەڵیدایە سەر زەوییەکە. عارەقەی ڕووخساری بە پشتی دەستی سڕییەوە.

منیش لەژێر لێوەوە وتم: "هەر زۆر سەیرە."

بێلا وتی: "وەرن ئەو دەمامکانەتان پیشان بدەم. بەڕاستیی هیی منن، بەڵام ئەم دۆخە زۆر بەردەوام نابێ."

ئێمەی برد بەرەو لای یەکێک لە دیوارەکانی کتێبخانەکە. دەستی درێژکرد بۆ سەر ڕەفەیەک و کتێبێکی بەرگ سووری دەرهێنا.

چەند چرکەیەک دواتر، دەنگی ویزە ویزێک بەرز بوویەوە و تەواوی ڕەفەکە سووڕایەوە. ئێستا ئیتر هیچ هەواڵێک لە کتێب نەبوو و لە جیاتی ئەوە تاقێکی شاراوە دەرکەوت.

پێنج دانە دەمامکی هالۆوین لەو تاقەدا هەڵواسرابوون.

لەخۆمەوە هاوارێکی خنکاوم کرد. ئاخر ئەو دەمامکانە زۆر ناحەز و ترسناک بوون. یەکێکیان لە شێوەی کەللەسەری مرۆڤدا بوو. یەکێکی تریان کەللەسەری مۆمیایی، یەکێکیان سەری گورگێکی ترسناک کە کەڵبەکانی هاتبوونە دەرەوە و دەتوت لە بێدەنگیدا باوێشک دەدات.

پیتەریش قیژەی لێ بەرز بوویەوە: "وای دایە. لەو دەمامکە ترسناکانە!"

بێلا زۆر لەسەرخۆ وتی: "ئێوە نازانن چی دەڵێن، لە واتای ترسناک تێناگەن."

ئاماژەی بۆ کردین بچینە پێشترەوە: "وەرن بۆ ئێرە. لە دواوە مەوەستن. جوان سەیریان بکەن."

پیتەر چووە پێشەوە. نیگای لەسەر دەمامکێک چەقی بەستبوو کە ڕووخساری بەرازی هەبوو و دوو دانە شاخی زەردی هەڵگەڕاوە لە سەرییەوە دەرچووبوون.

من لە شوێنی خۆم ڕاوەستام. دووبارە پێستی لەشم مێروولەی کرد و سەرتاپام بەستی.

ترس بە واتای ڕاستەقینە، تەنانەت سەیرکردنی ئەو دەمامکانەیش لەشی مرۆڤی دەهێنایە لەرزین.

ئەوسا... ئەوسا... لەبەر چاوە تۆقیوەکانی مندا... دەمی هەر پێنج دەمامکەکە کرایەوە... و هەموویان پێکەوە لوورەیان کرد.

٥

نەمتوانی ڕێگە بەخۆم بگرم. دەمم کردەوە و قیژەیەکی بەرزم کرد.

من و پیتەر پاشە و پاش چووینە دواوە. حەزم دەکرد تا بۆم بکرێ زیاتر لەو دەمامکە لوورەکێشانە دوور بکەومەوە. خۆمان ئامادەکرد ڕاکەین بەرەو لای دەرگاکە... و قاچمان لەیەک گیر بوو. پیتەر وەک تۆپ هەڵدرا و لەسەر لاکەلەکەی کەوتە سەر زەوی. من هاوسەنگیی خۆم پاراست و دەستم بۆ درێژ کرد تا یارمەتیی بدەم هەڵسێتەوە.

دەنگی لوورەی دەمامکەکان ڕاوەستا و دەمیان دووبارە داخرایەوە. بەڵام من هێشتا ئەو دەنگە ترسناکەم لە سەرمدا دەبیست.

پیتەر پشتوێنی کاراتییەکەی توند کردەوە و هەردووکمان ڕامانکرد بەرەو لای دەرگای کتێبخانەکە.

بێلا وتی: "بەداخەوەم، مافی خۆتانە بترسن."

وتم: "ئیتر نامەوێ هیچ ببیستم. تەنها دەمەوێ بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە."

بیلا قژە درێژەکەی هەڵدایەوە بۆ دواوە و وتی: "دەبێ بۆتان ڕوون بکەمەوە. ئەگەر بڕیار بێ یارمەتیم بدەن، دەبێ هەموو شتێک بزانن."

ویستم بڵێم: "نا. بەڕاستمە... من و پیتەر..." بەڵام بیلا نەیهێشت قسەکەم بکەم: "من سەد ساڵە کە پارێزگاریی لەو دەمامکە شەیتانییانە دەکەم."

پیتەر وتی: "باسی چی دەکەی! تۆ لە دایکی ئێمەیش گەنجتری."

وتم: "لێیگەڕێ وەرە بابڕۆین." ئیتر دڵنیا بووبووم کە بیلا شێتە.

بیلا وتی: "لێرەدا جادوویەک هەیە. من تەمەنم سەد و سی ساڵە."

پیتەر بە گاڵتەجارییەوە وتی: "منیش سپۆنج بۆبم."

ڕووخساری ڕەنگ زەردی بیلا لە تووڕەییدا ڕەش داگەڕا و تەماشایەکی خراپی پیتەری کرد: "من شێت نیم. ئەگەر دەتانەوێ بە ساغی و تەندروستی بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، دەبێ گوێ لە قسەکانی من بگرن و باوەڕم پێ بکەن. لانیکەم دەرفەتێکم پێ بدەن."

لە دڵی خۆمدا وتم، ئەگەر بمانەوێ بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە؟ ئەمە ئیتر چ جۆرە هەڕەشەیەکە؟

قسەکانی بێلا پشتیان لەرزاندم. دەستەکانم لەسەر سینەم لەیەک ئالاند و وتم: "فەرموو، دەست پێ بکە. کەس ڕێگەی لێ نەگرتووی."

بێلا دەمامکەکانی پیشاندایِن کە لە ناو ڕەفەکەدا هەڵواسرابوون و وتی: "ئەم دەمامکانە سەد ساڵ لەمەوبەر دروستکراون. جادووگەرێکی بەهێز دروستی کردوون. بە ناوی هاڵۆز."

پیتەر وتی: "واتا ئەو ئەم کتێبەی نووسیوە؟"

بێلا سەری بە واتای بەڵێ لەقاند و بەردەوام بوو: "هاڵۆز لە شەوێکی هاڵۆویندا هاتە دنیاوە و چەندین ساڵ لەمەوبەر لە شەوێکی هاڵۆویندا مرد. کاتێک ئەو دەمامکانەی دروستکرد، جادوویەکی بەهێزی پێ بەخشین. جادوویەک کە لە ساڵدا تەنها یەک جار چالاک دەبێ... ئەمشەو."

لە دەماکەکان ڕامام و لەژێر لێوەوە وتم: "ئەمشەو..."

بێلا درێژەی پێ دا: "هاڵۆز دەمامکەکانی دا بە دوکتۆر (قیژە)ی چەپەڵ. هەربۆیە پێیان دەڵێن دەمامکەکانی قیژە. بەڵام من ناتوانم ڕێگەی پێ بدەم دەمامکەکان لای خۆی بهێڵێتەوە. ئەو زۆر شەڕانگێزە."

هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا تا هەموو ئازایەتیی خۆم کۆبکەمەوە: "تا ئێرە بەسە. بە یارمەتیی خۆت من و پیتەر دەبێ بڕۆین."

پیتەر بە بێلای وت: "چیرۆکێکی ترسناکی باشت هۆنییەوە.
دەتوانی فیلمێکی لەسەر دروست بکەی."
بێلا تەماشایەکی خراپی هەردووکمانی کرد و هیچی نەوت.
تەنها دەستەکانی خستنە سەر هەردوو لای ڕووخساری.
من و پیتەر پاشەو پاش کشاینەوە دواوە. سەیرێکی تری ئەو
دەمامکە ناشیرینانەم کرد. شل و بێ جوولە بە
قولاپەکانیانەوە هەڵواسرابوون.
سووڕاینەوە و دوو هەنگاومان بەرەو لای دەرگای
کتێبخانەکە نا...
هەردووکمان لە ترسان قیژەیەکی خنکاومان کرد.

## ٦

دەرگای کتێبخانەکە لە شوێنی خۆی نەمابوو.
چاوەکانم بە چواردەوری کتێبخانەکەدا سووڕاند. تەنها چوار دیواری هەبوو کە لە زەوییەوە تا بنمیچەکەی ڕەفەی کتێب بوو.
هیچ هەواڵێک لە دەرگاکە نەبوو.
ئەو شوێنەی کە پێشتر دەرگا بوو. ئیتر هیچ دەرگایەکی لێ نەبوو!
قاچەکان لە ترسان بە لەرزە کەوتن و پشتم دووبارە تەزی.
پیتەر هاواری کرد: "کوا دەرگاکە؟ بهێڵە با ئێمە بڕۆین!"
تۆقیوانە بە چواردەوری ژوورەکەدا ڕایکرد. پاڵی بە ڕەفەکانەوە دەنا و بەشوێن ڕێگەی هەڵاتندا دەگەڕا.
بێلا بە دەنگێکی وەک پاڕانەوە نزم، وتی: "ئارام بن. تێناگەن؟ هەر کە پێت نایە ئەم ژوورەوە، ئیتر چوونە دەرەوە سەختە. سەفەرەکەی ئێوە تازە دەستی پێکردووە. ڕێگەی گەڕانەوە بوونی نییە. سەفەرەکەی ئێوە تازە دەستی پێکردووە. ڕێگەی گەڕانەوە نییە."
بە دەنگێکی لەرزۆکەوە کە ترس و تۆقینی منی ئاشکرا دەکرد، وتم: "ئێمە نامانەوێ بڕۆین بۆ سەفەر. تەنها دەمانەوێ لێرە بڕۆینە دەرەوە."

پیتەر بە شانی پاڵی بە یەکێک لە ڕەفەکانەوە نا، لە جێگەی خۆی نەجووڵا.

بە بێلام وت: "تۆ ناتوانی ئێمە لێرە زیندانی بکەی. دایک و باوکمان..."

- ئێوە زیندانی نیین. هاتوون بۆ ئێرە تا یارمەتیی من بدەن... بیرتان چۆتەوە؟

پیتەر هاواری کرد: "بهێڵە لەم ژوورە بچینە دەرەوە!"

بێلا وتی: "من دوژمنی ئێوە نیم. وەرن دانیشن. ئارام بن. من پێویستم بە یارمەتیی ئێوە هەیە. سوێند دەخۆم کە نامەوێ زیانتان پێ بگەیەنم." کتێبە بەرگ سوورەکەی خستەوە جێگەی خۆی. ڕەفەکە سووڕا و دەمامکەکان ون بوون. بێلا لەژێر لێوەوە وتی: "باشە، ئیتر نابینرێن." چووە لای مێزی ناوەڕاستی ژوورەکە، دوو کورسیی هێنایە دەرەوە و وتی: "وەرن دانیشن. تکا دەکەم."

من و پیتەریش سەیری یەکترمان کرد. دەمزانی چارەیەکی ترمان نییە. پێم وابوو ئەگەر ڕێگە بدەین بێلا بەسەرهاتەکەی تا کۆتایی بگێڕێتەوە، ڕێگەمان پێ بدات بڕۆین."

خۆمان خستە سەر کورسییەکان و چووینە بەردەم مێزەکە. بێلا بەرانبەرمان دانیشت. چاوم بە نینۆکە درێژ و سوورە تۆخەکانی کەوت.

پرسی: "دەی، بەردەوام بم؟"

- بەڵێ، خەریکبووم سەبارەت بە هاڵۆزی جادووگەر قسەم دەکرد. ئەو پێنج دەمامکی دروست کرد و ئەوانی بە جادوویەکی بەهێز پڕکرد و دانی بە دوکتۆرە قیژە. نەیدەزانی کە قیژە بوونەوەرێکی شەیتانی و شەڕانگێزە، پاشانیش ئەم کتێبەی نووسی و ناوی لێ نا کێبی هاڵۆز."

سەیرێکی کتێبەکەم کرد و مێشکم خستە کار. فشارم لە خۆم کرد تا سەر لەوە دەربکەم کە بێلا چۆن ناوی من و پیتەری خستۆتە ناو ئەو کتێبەوە، بەڵام هیچ سەرەداوێکم پێ نەبوو.

- قیژە دوژمنی منە. هەموو سالێک دەجەنگم و تەواوی هەوڵی خۆم دەدەم تا نەهێڵم دەمامکەکان بە دەستی بگەن، بەڵام ئەو هەموو ساڵێک دەیاندزێت. هەموو ساڵێک شەوی هاڵۆوین ئێمە دەبێت لەسەر دەمامکەکان پێکەوە شەڕ بکەین. ئەو دەمامکەکان دەدزێت و دەیانشارێتەوە، بەڵام دەبێ بدۆزرێنەوە!

پشتم لە ترسان لەرزی کاتێک بێلا چاوی بڕییە چاوەکانم و بەردەوام بوو: "سەد ساڵە هەموو هاڵۆوینێک، ئەم گەڕان و وەرگرتنەوەی دەمامکانە درێژەی هەیە و من ناچارم هەموو ساڵێک ئەم یارییە ترسناکە ئەنجام بدەم."

وتم: "کەواتا هەر بەڕاستی تەمەنت سەد و سی ساڵە؟"

دەستی بەرز کردەوە و ئاماژەی بۆ کردم کە بێدەنگ بم: "قیژە بوونەوەرێکی چەپەڵە و شەڕانگێزییەکەی لە ئاستی

وێناکردنی ئێمە بەدەرە. ناتوانم بهێڵم دەمامکەکان لای ئەو بمێننەوە."

دەنگی نەماو و بۆ ماوەیەک چاوەکانی داخستن: "ئەگەر دەماکەکان لە دەستی دوور نەخەمەوە، دنیا تووشی مەترسییەکی گەورە دەبێت."

وتم: "زۆر باشە، ئێستا کە دەمامکەکانت لە شوێنێکی دڵنیا شاردۆتەوە، دەتوانین بڕۆین؟" کورسییەکەم کێشایە دواوە.

بێلا بۆ یەکەم جار دەنگی بەرز کردەوە: "تۆ تێناگەی؟!" ئەمەی وت و لە پڕێکدا هەستایە سەر پێ: "قیژە ئەوان دەدزێت. هەموو ساڵێک ئەم چیرۆکە دووبارە دەبێتەوە. هەموو ساڵێک ئەوان لە من دەدزێت و لە شوێنی جیاواز دەیانشارێتەوە. ئەگەر ئێوە بڕۆن، من چۆن وەریانبگرمەوە؟ من ناتوانم بە شوێن دەمامکەکاندا بڕۆم."

"تێ... ناگەم..." سەرم بەگێژدا دەهات و لەبەر خۆمەوە بیرم دەکردەوە، ئەم وێرانانە چیین؟

- من ناتوانم بڕۆم بە شوێن دەمامکەکاندا. کاتێک قیژە ئەوان دەدزێت، پێویستم بە کەسێک هەیە بڕوات بە دوایاندا. کەسێک یارمەتیم بدات. ئەو دووانەتان بۆ ئەوە لێرەن.

دڵۆپە فرمێسکەکان لە چاوە قاوەییەکانیدا درەوشانەوە: "هاڵۆزی جادووگەر ئەم یاسای شکاری دەمامکانەی داناوە. منی تەلیسم کردووە؛ ئەگەر پەنجەم بەر یەکێک لەو دەمامکانە بکەوێ، دەبم بە خۆڵەمێش."

پیتەر چاوەکانی خڕ کردنەوە. بەسەر هاتەکەی بێلا سات لە دوای سات پڕوپووچتر دەبوو.

بۆچی من وردە وردە خەریکبووم باوەڕم بە قسەکانی دەکرد؟ ڕەنگە لەبەر ئەو فرمێسکانە بێت کە لە چاوەکانیدا کۆ بووبوونەوە. یاخود لەرزینی دەنگی سازگاری کە داماویی ئەویان پیشان دەدا.

بێلا بەردەوام بوو: "هەموو ساڵێک شەوی هالۆوین من دەبێت کەسێک بدۆزمەوە کە یارمەتیم بدات. وەختێک قیژە دەمامکەکان دەدزێت، من پێویستم بە کەسێک هەیە کە بڕوات بگەڕێت و کۆیان بکاتەوە. کەسێک کە ئەوانم بۆ بگەڕێنێتەوە. ئەمساڵ بڕیارە ئەو دووانەتان ژیانی خۆتان بخەنە مەترسییەوە."

پیتەر وتی: "ئەگەر ئەم هەموو ئەرکەت بۆ ئەوە کێشاوە کە ئێمە بترسێنیت و جەومان بگریت، سەرکەوتوو بوویت. ئێستا ئیتر بهێڵە بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە."

"ناتوام بهێڵم بڕۆن. من بەرانبەر قیژە هیچ کارێکم لە دەست نایەت. ناتوانم لە دژی ئەو جادوو بەکار بهێنم. هیچ جۆرە هێزێکم نییە کە بتوانم ڕێگەی لێ بگرم." بێلا کتێبێکی قورسی هەڵدا بەرەو لای ئێمە و وتی: "سەیری کەن. بیخوێننەوە، بزانن چی نووسراوە. ئەم کتێبە درۆ ناکات. دەڵێ ئەمساڵ ئەو دووانەتان یارمەتیی من دەدەن."

من و پیتەر نووشتاینەوە بەسەر کتێبەکەدا و چاوەکانمان بەسەر هێڵە وردەکانیدا خشاند. پەرەگرافێکی تازەی بۆ زیاد بووبوو کە نزیکەی هەمان قسەکانی بێلای تێدا نووسرابوو. ناوی من و پیتەری هێنابوو. نووسیبووی هاتووین بۆ ئێرە تا یارمەتیی بێلا بدەین...

"ئەوان باوەڕیان بە قسەکانی بێلا نەدەکرد، باوەڕیان نەدەکرد شکاری دەمامکەکانی هالۆوین ڕاستییە. حەزیان دەکرد لەو ماڵە کۆنە هەڵبێن و بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە.

بەڵام چیرۆکی جادووگەرە پیرەکە (هالۆز) ڕاستی بوو. ئەو ساڵە نۆرەی پیتەر و مۆنیکا بوو تا بجەنگن و ڕەنگە دنیا لە بەڵایەکی ئەهریمەنیی لەباسنەهاتوو ڕزگار بکەن."

لەو ساتەدا بوو کە وشەکانی کۆتایی ئەو پەرەگرافە سەرنجیان ڕاکێشام. وشەکانی کۆتایی... دووجار ئەو وشانەم خوێندەوە و هەستم کرد دڵم کەتوتە تەپەتەپ. دووبارە هەمان لەرزین لە قاچەکانمدا بوو.

وشەکانی کۆتاییم بە دەنگی بەرز خوێندەوە:

"چیرۆکەکەی بێلا، مۆنیکا و پیتەری ترساندبوو. بەڵام تا دەستپێکی تۆقینی ڕاستەقینەیان تەنها پێنج خوولەکی تری مابوو..."

## ٧

نووسینی ناو کتێبکە هەر لەوێدا تەواو دەبوو. چاوەکانم لەسەر ڕستەی کۆتایی وشک بووبوون. هاوارم کرد: "واتای ئەمە چییە؟"

بێلا وەڵامی نەدامەوە. تەنها زەق زەق سەیری کردم.

پیتەر وتی: "واتای ئەوەیە کە من و تۆ تەنها پێنج خوولەک کاتمان هەیە تا لێرە بڕۆینە دەرەوە!"

هەردووکمان لە جێگەی خۆمان بەرز بووینەوە و من بە بێلام وت: "تۆ دەبێت بهێڵیت ئێمە لێرە بچینە دەرەوە. من و پیتەر ناتوانین یارمەتیت بدەین."

بەرلەوەی بێلا بتوانێ وەڵام بداتەوە، دەنگی تەپەتەپێکی بەرز هات و من و پیتەر بێ ئەوەی خۆمان بمانەوێ هاوارمان کرد.

ئاوڕمان دایەوە و بینیمان کتێبەکان لەسەر ڕەفەکان دەخزێن و بەردەبنەوە سەر زەوی. من و پیتەر لە ترسی ئەو کتێبە قورسانەی کە لەمسەر تا ئەوسەری ژوورەکەوە لە هەوادا بوون، خۆمان خزاندە ژێر مێزەکەوە.

بوومەلەرزەیە.

دەستەکانم خستنە سەر سەرم و چاوەکانم داخستن. بە ڕاست و چەپدا کتێب بەردەبوویەوە سەر زەوی. هێندێکیان

بەردەبوونەوە سەر مێزەکە، وەک تۆپ بەرز دەبوونەوە و دەکەوتنە سەر زەوی. بارانی کتێب بوو!

پاشان... دەنگی گرمەیەکی تر. ڕێک لەو کاتەدا چاوەکانم کردەوە کە دیوارێکی ژوورەکە بە تەواوی ڕووخا و دارما.

نا. دیوار نەبوو. یەک لا ڕەفەی کتێب لە جێگەی خۆی هەڵکەندرا و بە دەنگێکی گوێدڕینانە کەوت بەسەر زەویدا. ژوورەکە لەرییەوە و خۆڵی سەر پەردەکان بە هەوادا بڵاو بوویەوە.

پاشان، بێدەنگی.

سەرم بەرز کردەوە و چاوم بە پیاوێک کەوت کە بە تەپەتەپ لە پشتی ڕەفەکانەوە هاتە ناو کتێبخانەکەوە. جلێکی درێژی ئەرخەوانی لەبەردا بوو (پێم وابێ پێی دەڵێن عەبا) و کڵاوێکی ئەرخەوانیی قوماشی کردبووە سەری. دەموچاوێکی سووری هەبوو، ڕیشە سپی و چوارگۆشەییەکەی هاوشێوەی فڵچەی نیگارکێشەکان بوو.

بەسەر کتێبەکاندا هەنگاوی دەنا، ئەوانی بۆ ئەملا و ئەولا هەڵدەدا و دەهاتە پێشەوە. باڵای کورت بوو. واتا لە پیتەر بەرزتر نەبوو.

هەروا کە بە تووڕەییەوە دەهاتە ناو کتێبخانەکەوە، بە ڕق و کینەوە سەیری من و پیتەری دەکرد. دوو چاوی ڕەنگ ئەرخەوانی هەبوو کە وەک گەوهەر دەدرەوشانەوە.

بێلا دەستەکانی خستنە سەر ڕووخساری و هاواری کرد:

"دوکتۆر قیژە! بڕۆ دواوە، بڕۆ دواوە!"

پیاوەکە وەک بڵێی گوێی لە دەنگی ئەو نەبووە، تەنها سەیری پێشەوەی دەکرد.

بێلا پاڕایەوە: "دوکتۆر قیژە... تکا دەکەم! لێیان نزیک مەبەرەوە! زیانیان پێ مەگەیەنە!"

بەڵام دوکتۆر قیژە دیسان لەقەی لە کتێبەکان دا و ڕاستەوخۆ بەرەو لای من و براکەم هات.

پێتان بڵێم، ئەو نیگایەی لە ڕووخسارە ڕیشنەکەیدا بوو، هیچ دۆستانە نەبوو.

## ٨

بێلا قیژاندی: "دەستیان بۆ مەبە! زیانیان پێ مەگەیەنە!"
چەند ساتێک وەک تەختە لە جێگەی خۆمدا وشک بووم و پاشان چنگم لە پیتەر گیر کرد و هێندە هێنامە دواوە کە هەردووکمان لە پشتەوە بە توندی بەر یەکێک لە ڕەفەکان کەوتین.
قیژە ڕاستەوخۆ هاتە پێشەوە.
هێندە هەناسەم ڕاگرت کە قەفەزەی سینەم ئازاری پێ گەیشت. هەستم دەکرد خەریکە پێیەکانم لە ژێرمدا دەردەچن.
پاڵم بە ڕەفەکەوە دایەوە تا نەکەوم.
بێلا دەستەکانی خستبوونە سەر ڕووخساری و هاواری دەکرد:
"نا... تکا دەکەم!"
بەڵام چاوە ئەرخەوانییەکانی قیژە سەیری ئێمەی نەدەکرد. نیگای ڕاستەوخۆ چووە سەر تاقی شاراوەی دەمامکەکان.
بێلا هەناسەیەکی دەنگداری کێشا و وتی: "نا! برۆ ئەولاوە!" و خێرا ڕایکرد. خۆی هەڵدایە بەردەم ڕەفەکە و هەوڵیدا بە جەستەی ڕێگەی لێ بگرێت.
قیژە بە پەنجەی نیشانەی لێ گرتەوە و چاوم بە ئەنگوستیلە سەوزەکەی کەوت.

ڕووناکییەکی سەوز لە ئەنگووستیلەکەیەوە دەرچوو و بەسەر ڕەفەکەدا خزا.

ڕەفەکە وردە وردە سووڕایەوە و پێنج دەمامکەکە دووبارە دەرکەوتنەوە.

قیژە چووە پێشەوە و بێلا لە ترسان خۆی کێشایە دواوە. قیژە دەستی درێژ کرد و دەمامکەکانی یەک یەک لە قولاپەکان کردەوە، هەموویانی خستنە سەر یەک و نانییە ژێر باخەڵی. بێلا هاواری کرد: "نا! نا!" و ڕایکرد بە دوای قیژەدا، شانەکانی نزم کردنەوە و هەوڵی دا لەگەڵیدا دەستەویەخە بێت. بەڵام قیژە خۆی لادا، بێلا بە توندی کەوت بەسەر زەویدا و لەسەر سکی خشا. قژە درێژەکەی لە دواوە لە هەوادا بڵاو بوویەوە و داماوانە دەستی کرد بە ناڵەناڵ.

قیژە دەمامکەکانی لەژێر عەباکەیدا شاردنەوە و سەیرێکی خراپی بێلای کرد کە خەریک بوو وردە وردە هەڵدەستایەوە. بزەیەکی سەیر کەوتە سەر ڕووخسارە ڕیشنەکەی و وتی: "دەی، دووبارە دەستی پێ کردەوە."

دەنگی ناسک و فیکەئاسا و پچڕپچڕ بوو، وەک دەنگی پیرەمێردەکان.

بێلا پاڕایەوە: "قیژە، گوێبگرە چی دەڵێم..."

- ناتوانی ڕێگەم لێ بگری. ئەمە لە کتێبەکەدا نووسراوە. شکار دووبارە دەست پێدەکاتەوە. بەڵام ئەم جارە وەختێک

تەواو ببێت، دەمامکەکان و تەواوی هێزە جادووییەکەیان دەبن بە هیی من.

بێلا بە نارەزایەتییەوە وتی: "نا..."

قیژە وتی: "با هالۆوین تەواو ببێت، کۆنترۆڵی تۆیش بەسەر دەمامکەکاندا تەواو دەبێت."

قیژە بەرەو لای ئەو کەلەبەرەی کە لە شوێنی ڕەفە هەڵکەندراوەکەدا دروستی کردبوو، سووڕایەوە و عەبا ئەرخەوانییەکەی لە دەوری خۆیەوە پێچا.

بێلا چەند هەنگاوێک دوای کەوت، بەڵام پاشان ڕاوەستا. چەناگەی دەلەرزی و ڕووخسارە ڕەنگ زەردەکەی پیشانی دەدا کە چەند ترساوە.

قیژە لەبەر دەم ڕەفەکەدا ڕاوەستا و ئاوڕی بۆ لای ئێمە دایەوە. پەنجەی ئاماژەی لەبەر چاوی من و پیتەردا ڕاوەشاند و بەسەرماندا نەڕاندی: "بە چواردەوری مندا نەیەن. ئاگادارتان دەکەمەوە."

چاوم لە ئەنگوستیلە سەوزەکەی بڕی، لەو تیشکە سەوز و لێزەرئاسایەی کە لێیەوە دەردەچوو.

بەسەرماندا هاواری کرد: هەوڵ مەدەن یارمەتیی بدەن. من دەزانم ئێوە کێن."

لەناکاو دەرگای کتێبخانەکە لەبەردەم قیژەدا دەرکەوت. عەباکەی قیژە جارێکی تریش بە دەوریدا سووڕایەوە و لە دەرگاکە چووە دەرەوە.

دەنگی لە گوێمدا دەزرینگایەوە:
من دەزانم ئێوە کێن... من دەزانم ئێوە کێن...
هەر جارێک ئەو وشانەم دەبیست، زیاتر دەتەزیم و لەشم دەلەرزی.
بێلا بەپەلە و هەنگاوی خێرا هات بەرەو لامان. ڕووخساری لە پڕێکدا پیرتر بووبوو. ژێر چاوەکانی چرچی قووڵیان تێدا دروست بووبوو و لێوەکانی وشک و تەقیبوون.
لەژێر لێوەوە وتی: "ئێستا ئیتر هیچ چارەیەکتان نییە."
بە تیلەی چاو سەیرم کرد و وتم: "چیت وت؟"
دووبارە وتی: "هیچ ڕێگەیەکی ترتان نییە. دەبێ یارمەتیم بدەن. قیژە دەزانێ ئێوە کێن و ئەمە واتا خراپ لە مەترسیدان."
بەڵێ، ڕاستە کە من حەوسەڵەم زۆرە، تەحەمولی بیستنی قسەی پڕوپووچ دەکەم، کەسێکی خوێنساردم و دەتوانم لەگەڵ کەسانی ئاڵۆزدا هەڵبکەم.
هەرچییەک بێ ناچارم تەحەمولی پیتەر بکەم، نا؟
بە ڕای خۆم زۆر باش دەتوانم ڕووبەڕووی دۆخە دژوارەکان ببمەوە.
بەلام هەر کەسێک سنوورێکی هەیە و من ئیتر بەو سنوورە گەیشتبووم. تا ئەوێ بۆ من بەس بوو.
هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و هەوام لە سییەکانمدا ڕاگرت، چاوەڕێم کرد تا تەزووی پشتم دەربچێت. ئەوسا شانی

پیتەرم گرت و پاڵم پێوەنا: "بەڕێکەوە با بڕۆین!" ئەمەم وت و بە سەر ئاماژەم بۆ دەرگاکە کرد.

بیلا فەرمانی بەسەردا کردین: "ڕاوەستن!"

پێم وت: "ئێمە لێرە دەڕۆین! تۆ و ئەو جادووگەرە کولەبنەیە هەردووکتان شێتن."

پیتەریش هاواری کرد: "بەڵێ، هالۆوینت پیرۆز!"

هەردووکمان لە جێگەی خۆمان هەستاین و بە ڕاکردن بە لایدا تێپەڕین. بەسەر کتێبە کۆنەکاندا کە لەسەر زەوییەکە کەتبوون خزاین، بەسەر ڕەفەکەدا خۆمان هەڵدا و وەک با بە دەرگای کتێبخانەکەدا چووینە دەرەوە.

گوێم لە دەنگی هاواری بیلا بوو، بەلام ئاوڕم بۆ نەدایەوە. دەرگای هاتنە ژوورەوەی ماڵەکەم کردەوە و هەردووکمان لەو ماڵە هاتینە دەرەوە.

هەوای ساردی شەو بەر ڕووخساری گەرمم دەکەوت و با مووەکانمی دەبرد بە ئاسماندا. بە تەنیشت یەکەوە ڕاماندەکرد و پێلاوەکانمان تەپ تەپ بەر چیمەنی بەردەم ماڵەکەی بیلا دەکەوتن. وەک بۆمبێک کە بتەقێتەوە، بە نێوان چنارە بەرزەکانی تەنیشت شەقامەکەدا تێپەڕین و درێژەمان بە ڕاکردن دا.

سەیرێکی دواوەم کرد، چاوەڕێم دەکرد بیلا دوامان کەوتبێت. بەلام شەقامەکە چۆڵ بوو. نە هیچ مرۆڤێکی لێ بوو نە ئۆتۆمۆبێلێک.

دەبێ زۆر درەنگ بوو بێت، هیچ منداڵێک لەسەر شەقامەکە نەبوو. دایە و بابە بێگومان ئێستا تووڕە بوون و ئەگەر بۆیان بگێڕمەوە کە چ بەڵایەکمان بەسەر هاتووە، بەدڵنیاییەوە دەڵێن خۆمان ئەم شتانەمان دروست کردووە.

بە ناوەڕاستی شەقامەکەدا غارمان دەدا. ئەوەندە بە خێرایی ڕامدەکرد، لاکەلەکەم ئازاری پەیدا کردبوو. بەڵام هیچ بایەخم پێ نەدەدا و هەر ڕامدەکرد.

گەیشتینە سەر پێچی کۆڵانەکەی خۆمان. کیسەی شکولاتەکانی پیتەر لە قاچی گیربوون و هیچی وای نەمابوو بکەوێتە سەر زەوییەکە.

باوەڕم نەدەکرد کە هێشتا ئەم کیسەیەی بەدەستەوە بێ. بیری لێ بکەرەوە ئێمە لە ترسناکترین ساتەکانی ژیانماندا بووین و تەنها شتێک کە ئەم کوڕە بیری لێ دەکردەوە ئەوە بوو کە کیسەی شکولاتەکانی توند بگرێت!

بە بەردەم ماڵی بەڕێز "ویلەر"دا تێپەڕین و گەیشتینە سەر ئەو زەوییە خۆڵە کە هێڵکاریی یاریی بەیس بۆڵی لەسەر کێشرابوو. پاشان گەیشتینە بەردەم ماڵی "کلاین".

هەردوو قاچم دەیەشان و ئازاری لاکەلەکەم زیاتر بووبوو. چەند هەنگاوێکی تر...

هەردووکمان لە پڕێکدا ڕاوەستاین و پێکەوە هاوارمان کرد.

- نا!

- وای، نا!

قوڕگم لە ترسان گیرابوو و هەناسەم بۆ نەدەدرا.

چاوم بڕییە سەرووی ئەو هەوارزەی پێشتر ماڵی ئێمەی لەسەر بوو.

لە جێگەی خۆی نەمابوو.

ماڵەکەمان ئیتر لەوێ نەبوو.

من و پیتەر لە زەوییەکی بەتاڵ ڕامابووین.

## ٩

پیتەر بە دەمی کراوە و دوو چاوی دەرپۆقیوەوە قسەی بۆ نەدەکرا: "مممممالّەکەمان... کووووووا؟"

هەردووکمان بە شێوەیەک هەناسەبڕکێمان پێ کەوتبوو کە نەماندەتوانی قسە بکەین. دەتوت هەموو خوێنی جەستەم ڕژاوەتە ناو لاجانگەکانم و خراپ لێیدەدا.

لەسەر زەوییەکە کەوتمە سەر ئەژنۆ، بەڵکوو سەرگێژەکەم کەمتر ببێتەوە.

پیتەر بە زەحمەت وتی: "ماڵەکەمان... دیار نییە. بەڵام ئەی دایک و باوکمان لە کوێن؟"

سەرم ڕاوەشاند و ڕووم وەرگێڕا. حەزم نەدەکرد ئەو شتەی کە دەیبینم ڕاستەقینە بێت.

پێم وا بوو ئەگەر سەیری شوێنێکی تر بکەم، وەختێک دووبارە ئاوڕ دەدەمەوە، ماڵەکەمان گەڕاوەتەوە سەر جێگەی خۆی.

نا.

چیمەنە بەرزەکانی باخچە سەرەولێژەکەی بەردەم ماڵەوە، بە هۆی بایەکی بەهێزەوە دەشنانەوە و جگە لە چیمەن هیچ شتێکی تر لەوێدا نەبوو.

بە هەناسەبڕکێوە وتم: "بەهەلە... بەهەلە هاتووین... تێگەیشتم ئەمە کۆلانەکەی ئێمە نییە." و هەستامە سەر پێ و تەماشای چواردەوری خۆمم کرد: "وەرە پیتەر، زۆر گاڵتەجارانەیە. لێمان تێکچووە. تابلۆی سەر شەقامەکە بخوێنەرەوە. ماڵەکەی ئێمە لە کۆلانی ئەولاترە."

پیتەر زۆر بە هێواشی وتی: "نا مۆنیکا، سەیری ئەوێ بکە." و بە پەنجەی ئەو درەختەی لە ناو چیمەنەکەدا بوو، پیشان دا. هەر ئەو درەختی ئەفرایەی کە قەدێکی کورت و ئەستووری هەبوو و من و پیتەر عاشقی سەرکەوتنبووین بەسەر لقە نزمەکانیدا.

ئاخێکی درێژم هەڵکێشا و وتم: "ڕاست دەکەی، ئەوە درەختەکەی من و تۆیە."

ئەو درەختە پێشتر لە کۆتایی ڕێگە بەردرێژەکەدا بوو کە دەچووەوە سەر حەوشەکە. . بەلام ئێستا نە شوێنەوارێک لە ڕێگە بەردرێژەکە هەبوو نە حەوشەکە.

نە ماڵەکەیش.

هەموو گیانم دەلەرزی و ددانەکانم بەر یەک دەکەوتن. دەستەکانم توند لە دەوری خۆم ئالاند تا ڕێگە لە هەڵلەرزینی خۆم بگرم.

لە دڵی خۆمدا بیرم کردەوە، پێویستم بە چاکەتە کلاودارەکەمە.

بیرکردنەوەیەکی گاڵتەجاڕانە بوو. وەختێم ماڵێک بوونی نەبوو، چۆن دەمتوانی دەستم بە کۆمۆدی جلوبەرگەکانم بگات؟

پیتەر بە دەنگێکی نزم وتی: "ئەستەمە، مەگەر دەکرێ خانوویەک لە پڕێکدا بە تەواوەتی ون ببێت؟"

لەژێر لێوەوە وتم: "دوکتۆر ڤیژە... ئەو وتی کە دەزانێ ئێمە کێین. نەیدەویست یارمەتیی ئەو ژنە شێتە، بێلا بدەین."

پیتەر بە تیلەی چاو سەیری کردم و وتی: "بەڕاستی پێت وایە دوکتۆر ڤیژە ئەم کارەی کردووە؟ تا پیشانمان بدات تا چ ئەندازەیەک دەتوانێ ژیانمان لێ بشێوێنێت؟"

شانەکانم هەڵتەکاندن. ئەم بیرکردنەوەیە مەنتیقی نەدەهاتە بەرچاوم. واتا حەزم نەدەکرد باوەڕ بەم قسەیە بکەم.

پیتەر پرسی: "پێت وایە بێلا ڕاستی دەکرد؟ لەبارەی ئەو چیرۆکەوە کە هەموو ساڵێک دەبێت دەمامکەکان کۆ بکاتەوە تا دەستی دوکتۆر ڤیژەیان پێ نەگات؟"

وەڵامم نەدایەوە. خراپ لە بیرکردنەوەدا ڕۆچووبووم. هەر بەو جۆرەی کە لە ماڵی دراوسێکەمان ڕامابووم، بیرۆکەیەک بەسەرمدا هات. ئاماژەم بە ماڵەکەی بەڕێز "کلاین" کرد و وتم: "ئەو ماڵە وەک هەمیشە لەسەر جێگەی خۆیەتی."

لە پشت پەنجەرەی ژووری دانیشتن و دووان لە پەنجەرەکانی نهۆمی دووەمییەوە، گلۆپێک داگیرسابوو و

ڕووناکییەکی زەرد سەکۆی بەردەم ماڵەکەی ڕووناک دەکردەوە.

بە پیتەرم وت: "خێزانەکەی کلاین دەبێ بزانن چ بەڵایەک بەسەر دایک و باوکماندا هاتووە."

پیتەر وەک تەرەقە لە جێگەی خۆی بەرز بوویەوە و ڕایکردە ناو چیمەنەکەوە. منیش بە دوایدا. پێم وابوو ڕەنگە خێزانەکەی کلاین شتێکیان بینیبێت. ڕەنگە بتوانن شتێکمان پێ بڵێن کە یارمەتیمان بدات. ئەوان هەمیشە دراوسێیەکی باش بوون. هێلکاریی بەیسبۆڵی سەر زەویی کۆتایی شەقامەکەیش کاری ئەوان بوو.

خاتوو کلاین لە قوتابخانەکەی من ڕاهێنەری یاریی باسکەی کچان بوو. بەڕێز کلاین بەردەوام دەڕۆیشت بۆ سەفەر و هەمیشە شکولاتی تازەی بۆ پیتەر دەهێنایەوە. لە دایک و باوکی ئێمە گەنجتر بوون و کچەکەیان "فیبی"، تازە دەچوو بۆ باخچە.

دەستم هێندە دەلەرزی کە سێ جار هەوڵم دا تا دواجار توانیم لە زەنگی ماڵەکەیان بدەم. پیتەر بەسەر دیواری نزمی بەردەم ماڵەکەدا نووشتایەوە تا ناوەوە ببینێت: "لە ماڵ نیین."

دووبارە لە زەنگەکەم دا. دەمویست زووتر قسەیان لەگەڵ بکەم. دواجار لە ناو ماڵەکەوە دەنگی پێ و قسەکردن هات. دەرگاکە چوار تاق کرایەوە و ڕووناکییەکی زەرد، دەرەوەی بە تەواوەتی ڕووناک کردەوە. چەند جارێک چاوم ترووکاند

و زەق زەق سەیری ئەو ژن و مێردە پیرەم کرد کە لەبەردەم دەرگاکەدا ڕاوەستابوون. پیاوەکە سەرێکی کەچەڵ و ڕووخسارێکی سووری هەبوو، چاوە قاوەییەکانی وەک چاوی بۆق لە پشت چاویلکە چوارگۆشە و ژێرپیاڵەییەکەیەوە زەق بووبوون.

ژنەکە قژی کورت و سپی و ڕووخساری خڕ و گۆشتن بوو. کراسێکی درێژی گوڵداری لەبەر کردبوو و خۆی دابوو بەسەر گۆچانێکی قاوەییدا.

هەردووکیان سەرتاپای ئێمەیان هەڵسەنگاند و دواجار ژنەکە وتی: "بەڵێ؟ چیتان دەوێ؟"

بێ پێشەکی پرسیم: "بەڕێز کلاین و خێزانەکەی لە کوێن؟"

سەیری یەکتریان کرد. چاوە قاوەییەکانی پیاوەکە چەند جارێک ترووکان. "کلاین؟"

پیتەر وتی: ئێرە ماڵی ئەوانە؟"

هەردووکیان سەریان ڕاوەشاند: "نا. بێگومان بەهەڵە هاتوون. ئێمە کەس بەم ناوەوە ناناسین."

"ئەستەمە!" دەنگم لەوە بەرزتر بوو کە چاوەڕێم دەکرد، بەڵام نەمدەتوانی ترسی خۆم کۆنترۆڵ بکەم: "ئێوە دەبێ خێزانەکەی کلاین بناسن. چەندین ساڵە لێرە دەژین."

ژنەکە بەسەر مێردەکەیدا بۆڵاندی: "ئەمەیش جۆرێک گاڵتەی هالۆوینە."

پیاوەکە خۆی ئامادە کرد دەرگاکە دابخاتەوە: "بەداخەوەم. ماڵەکەتان لێ تێکچووە. دڵنیان هەر لەم کۆڵانەدایە؟"
بە زمانگرتنەوە وتم: "بببببەڵێ." دڵم هێندە بەخێرایی لێی دەدا کە نەمدەتوانی هەناسە بدەم: "کۆڵانەکە دروستە. ئەوێ ماڵی ئێمە بوو." ئەمەم وت و بە دەستم ئاماژەم بۆ ئەو شوێنە کرد کە پێشتر ماڵی خۆمانی لێبوو.
پیتەر پرسی: "ئەو ماڵەی تەنیشتتان بینیبوو؟ ئەوێ ماڵی ئێمە بوو. بەڵام لە پڕێکدا..."
ڕووخساری پیاوە پیرەکە سارد و تووڕە بوو و وتی: "بەداخەوەم منداڵەکان. من بەڕاستی سەر لەم گاڵتەیە دەرناکەم."
ژنەکە قورسایی خۆی خستە سەر گۆچانەکەی و هاتە پێشەوە: "تەنیشتی ماڵی ئێمە هیچ کات خانوو نەبووە. ئەوێ هەمیشە زەوییەکی بەتاڵ بووە."


وەرزی دووەم

## ١٠

ئێستا ئیتر ترس دەستی پێکردبوو. هەر ڕێک بەو جۆرەی کە ئەو کتێبە کۆنە پێشبینی کردبوو.

ئەوەی کە مرۆڤ ببینێت ناوی لە کتێبێکی زەردهەڵگەڕاوی کۆندا نووسراوە، بە ئەندازەی پێویست ترسناکە؛ بەڵام ئەوەی کە بزانیت شوێنێکت بۆ ژیان نەماوە، هیچ شوێنەوارێک لە دایک و باوکت نییە و خێزانەکەت بوون بە دووکەڵ و چوون بە ئاسماندا...

ئەمەیان ئیتر لە ئەندازەی تەحەمولی ئێمە ترسناکتر بوو. تەواوی ژیانمان سەراوبن بووبوو. حەزم دەکرد ئەو بارودۆخە وەک ڕیکۆردەرێک دوگمەی گەڕانەوەی هەبێت، پەنجە بەسەر ئەو دوگمەیەدا بنێم و بگەڕێمەوە بۆ دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، بۆ ئەو کاتەی کە ژیانێکی ئاساییمان هەبوو.

واتا دەکرێ ڕۆژێک دووبارە دایک و باوکمان ببینینەوە؟ پیتەر لەناو جلە کاراتییەکانیدا هەڵدەلەرزی. کیسەی شکولاتەکەی لە تەنیشت قاچییەوە لەسەر چیمەنەکە کەوتبوو. دەستەکانی تا بنەوە کردبوو بە ناو گیرفانەکانیدا. بە ڕووخساریدا دیار بوو زۆر فشار لە خۆی دەکات کە نەگری.

پیتەر تەنانەت ئەو کاتانەی کە زۆریش بچووک بوو نەدەگریا. هەمیشە ئازا و نەترس بوو. جارێکیان سەری داخست و خۆی هەڵدایە ناو حەوزی ماڵی هاوڕێکەمانەوە. بەڵێ، ئەم کارە بە هونەر دانانرێت، هەڵبەتە بەو مەرجەی کە مەلە بزانیت. پیتەر نەیدەزانی.

وتم خۆ لە هیچ شتێک ناترسێت. ئەوەندە پەلەقاژەی کرد تا دواجار هاتەوە سەر ئاوەکە و پێویستی بەوە نەبوو دایک و باوکمان دەریبهێننەوە. وابزانم ئەو کاتە تەمەنی سێ ساڵان بوو.

چونکە پیتەرم باش دەناسی، کاتێک دەمبینی هێندە ترساوە، زیاتر ناڕەحەت دەبووم.

- چارەیەکی ترمان نییە.

ئاوڕم دایەوە بۆ لای براکەم: "مەبەستت ئەوەیە کە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ماڵی بێلا؟"

سەری لەقاند: "پێدەچێت تەنها لەم ڕێگەیەوە بتوانین ماڵەکەمان وەربگرینەوە."

بەم جۆرە بوو کە بەپەلە بە شەقامە چۆڵ و تاریکەکاندا بەڕێکەوتین. گڵۆپی هێندێک لە ماڵەکان هەڵکرابوون، بەڵام زۆربەیان تاریک بوون. دوو پشیلە مەودایەک هاتن بەشوێنماندا و میاومیاویان بۆ کردین. وابزانم ئاگاداریان دەکردینەوە کە بگەڕێینەوە. سەرم پڕ بوو لەم جۆرە

بیرکردنەوانە. پشیلەکان چەند شەقامێک بە دواماندا هاتن و پاشان بەجێیان هێشتین و ڕایانکردە پشتی خانوویەکەوە.

کاتێک بە بەردەم چنارە بەرزەکانی بەردەم ماڵی بیلادا تێدەپەڕین، دەمانبینی هەموو گڵۆپەکانی ماڵەکە هەڵکراون. دەرگای ماڵەکە کرابوویەوە و بیلا لە ناوەڕاستی زەریایەک ڕووناکیی خۆڵەمێشیدا ڕاوەستابوو، دەتوت چاوەڕێمانە.

بە هەناسەبڕکێوە ڕامانکردە پێشەوە و من بە زەحمەت وتم: "ماڵە.. کەمان.. لەسەر جێگەی خۆی نەماوە."

پیتەریش پرسی: "تۆ دەتوانی یارمەتیمان بدەی؟"

بە دەستی ئاماژەی بۆ کردین بچینە ژوورەوە و دەرگاکەی داخست. بە دوایدا چووینە ژووری دانیشتنەوە.

ئاگری ناو ئاگردانەکە قرچەقرچێکی بەرزی دروستکردبوو و بڵێسەکانی بەرز دەبوونەوە و سێبەری جووڵاویان دەخستە سەر دەرگا و دیواری ژووورەکە.

دوو دانە کوپی پڕ لە شلەیەکی زەردڕەنگی دا بە دەستمانەوە و وتی: "ئەمە گەرمتان دەکاتەوە."

بە بەدگومانییەوە سەرنجم لە کوپەکە دا و وتم: "ئەمە چییە؟"

بە گرژییەوە وەڵامی دامەوە: "ئاوی سێوی گەرم. سەیرکە مۆنیکا ئەگەر دەتانەوێ من یارمەتیتان بدەم، دەبێ فێر ببن کە متمانەم پێ بکەن."

قوومێکم لێ خواردەوە.گەرم و شیرین بوو و گەرووی وشکمی تەڕ کرد. قوومێکی تریشم خواردەوە و بێ ئەوەی

بیر بکەمەوە، وتم: "چۆن متمانە بە تۆ بکەین؟ ماڵەکەمان لە شوێنی خۆی نەماوە و دایک و باوکیشمان ون بوون. هیچ شتێکمان نەماوە."

بێلا چاوەکانی داخستن و وتی: "کاری ڤیژەیە." چاوەکانی کردنەوە و لە من و پیتەر ڕاما: "من خۆ ئاگادارم کردنەوە."

پیتەر پرسی: "واتا ڤیژە ماڵەکەی ئێمەی ون کردووە؟"

- درۆی نەدەکرد. واتا بۆ یەکەم جار درۆی نەدەکرد. ئەو دەیزانی ئەو دووانەتان کێن و دەیویست پیشانتان بدات...

پیتەر قسەکەی پێ بڕی : "چیمان پیشان بدات؟"

- پیشانتان بدات کە چەندێک دەسەڵاتی هەیە. ئێستا دەزانن کە بەو دەمامکانەوە چ دەسەڵاتێکی شەیتانی بەدەست دەخات؟ دەتوانێ خانووەکان ون بکات. مرۆڤەکان ون بکات. واتا بۆ هەمیشە.

بێ ویستی خۆم هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و پرسیم: "مرۆڤەکان بۆ هەمیشە ون بکات؟"

بێلا سەری لەقاند: "بۆ هەمیشە."

بە زمانگرتنەوە وتم: "بببببەڵام.. ئاخر ئێمە چۆن دەتوانین دایک و باوکمان بگەڕێنینەوە؟"

بێلا دووبارە ڕووی گرژ کرد: "چاوە ڕەشەکانی کز بوون و لەبەر خۆیەوە وتی: "ناتوانن."

## ١١

"هاااا؟" بێ ویستی خۆم ئەم وشەیە لە دەممەوە دەرچوو و هەستم کرد دڵم بۆ ساتێک ڕاوەستا.
پیتەر هاواری کرد بە سەریدا: "مەبەستت چییە کە ناتوانین؟ ئێمە دەبێت کارێک بکەین. دەبێت بیانگەڕێنینەوە!"
- ناتوانن ئەوان بگەڕێننەوە، چونکە ئامادە نیین هاوکاریی من بکەن. ئەگەر ڕای خۆتان بگۆڕن و بچن بە دوای ئەو پێنج دەمامکەدا...
من کە تازە هەناسەدانم ئاسایی بووبوویەوە، وتم: "ئەگەر بڕۆین بە دوای..."
- ئەگەر هەر پێنج دەمامکەکە وەربگرنەوە، قیژە تا یەک ساڵی تر توانا جادووییە شەیتانییەکەی لە دەست دەدات.
پیتەر بە تووڕەییەوە وتی: "ئەی ماڵەکەمان دەگەڕێتەوە سەر جێگەی خۆی؟ هەروەها دایک و باوکمان؟"
بیلا قژە خاوەکەی هەڵدایەوە بۆ دواوە. "تەنها ڕێگە ئەمەیە. وەرن، ئەمە یارمەتیتان دەدات." ئەمەی وت و لە کتێبخانەکەدا ون بوو.

من و پیتەر سەیری یەکترمان کرد. بەڵام هیچمان نەوت. بە ڕووخساریدا بۆم دەرکەوت ئەویش بیر لە هەمان شت دەکاتەوە کە لە مێشکی مندایە.

شکاری دەمامکەکان کارێکی گەوجانە بوو. بەڵام ئێمە دەبوو ئەم کارە بکەین. دەبوو شکست بە قیژە بهێنین تا دایک و باوکمان بگەڕێنینەوە! جادووی شەیتانیی قیژە ڕاستەقینە بوو. گاڵتەی هاڵۆوین نەبوو.

ئەگەر بمانویستایە ژیانمان بۆ دۆخی ئاسایی بگەڕێتەوە، دەبوو بچووینایە بە دوایدا. دەبوو دەمامکەکان وەربگرینەوە و لەو دووری بخەینەوە تا هاڵۆوین تەواو دەبێت.

بێلا گەڕایەوە بۆ لای ئێمە و پارچەیەک کاغەزی باریکی بەدەستەوە بوو. کاغەزەکەی خستە دەستی منەوە و وتی: "بیگرە، ئەمە پێڕستێکە، پێڕستی هەر پێنج دەمامکەکە."

کاغەزەکەم بەرز کردەوە و بە دەنگی بەرز خوێندمەوە.

"مێرووی ناحەز؛ مۆمیایی؛ گورگی سپیی هیمالیا؛ کەللەسەری مرۆڤ؛ بەرازی شێوە نامۆ."

پیتەر پرسی: "ئاخر ئێمە ئەمانە لەکوێ بدۆزینەوە؟ لەکوێوە دەست پێ بکەین؟"

منیش بەدوایدا وتم: "بەڵێ، زۆر گاڵتەجاڕانەیە! قیژە دەتوانێ دەمامکەکان لە هەر شوێنێک بشارێتەوە. کوێی بۆ بگەڕێین. هیچ سەرەداوێکمان نییە کە بە دوایدا بچین."

بیلا چاوەکانی باریک کردنەوە و وتی: "دەیاندۆزنەوە مۆنیکا.
هێندێک جار ئەوان ئێوە دەدۆزنەوە. شاردنەوەیان قورسترە
لە دۆزینەوەیان. قیژە زۆر فێڵبازە. پرسیارە سەرەکییەکە
ئەوەیە کە ئایا کاتێک ئێوە ئەوان دەدۆزنەوە، دەتوانن
بیگەڕێننەوە بۆ لای من؟"
لە مەبەستی تێنەگەیشتم، بەڵام هێندە تووڕە بووم کە
نەمدەتوانی لەوێدا ڕاوەستم و لەبارەیەوە قسە بکەم. حەزم
دەکرد هەرچی زووترە دەست بەکار بم. زیاتر لە هەر شتێک
حەزم دەکرد ڕووداوەکانی ئەم شەوە تەواو ببن. دەمزانی
ترس و تۆقینێکی زۆر چاوەڕێمان دەکات. بەڵام بیرم کردەوە
ڕەنگە، ڕەنگە من و پیتەر بتوانین دەمامکەکان بدۆزینەوە و
دایک و باوکمان بگەڕێنینەوە.
چاوم کەوتە سەر دەستەکانم و بینیم بێ ئەوەی خۆم پێی
بزانم، لە تاو نیگەرانی پەنجەکانم لە یەکتر ئاڵاندووە. جلەکانم
گیرفانیان نەبوو، پێڕستی دەمامکەکانم دا بە پیتەر و ئەویش
خستییە ناو گیرفانییەوە.
"بڕۆین"ئەمەم وت و بەڕێکەوتم بەرەو لای دەرگاکە. پیتەر
هات بە دوامدا.
بیلا ڕایکرد بە دواماندا و وتی: "ڕاوەستن دەبێ دوایین
دەستوورەکانتان پێ بڵێم."
ئێمە کە گەیشتبووینە بەردەم دەرگایماڵەکە، ڕاوەستاین و
ئاوڕمان دایەوە بۆ لای بیلا.

- تا بەرەبەیان کاتتان هەیە. دەبێت دەمامکەکان بگەڕێننەوە بۆ ئێرە. ئەگەر یەکێکیان بشارنەوە، قیژە هەر کارێکی لە دەست بێ دەیکات تا لێتان بدزێتەوە.

پرسیم: "چۆن دەتوانین ڕێگەی لێ بگرین؟"

- کاتێک دەمامکەکانتان لێ سەندەوە، بیکەنە دەموچاوتان. ئەو ناتوانێ ئەو دەمامکە بەرێت کە بە دەموچاوتانەوەیە. دەمامکەکان بەسەر یەکدا بکەنە دەموچاوتان. وەختێک هەر پێنج دەمامکەکەتان بەدەست هێنایەوە، قیژە هەموو توانایەکی خۆی لەدەست دەدات و بێ توانا دەبێت.

واتا بێلا خەریکە ڕاستییەکەیمان پێ دەڵێت؟ هیوادارم. ئیتر ڕانەوەستام. دەسکی دەرگاکەم ڕاکێشا و کردمەوە. بایەکی بەهێز و سارد بەر ڕووخساری من و پیتەر کەوت.

سەرم دانەواند و لە دەرگاکە چوومە دەرەوە.

بەڵام کاتێک گوێم لە هاواری بێلا بوو، لە جێگەی خۆمدا وشک بووم: "ئۆۆۆۆی، شتێکم بیرچوو..."

## ١٢

بێلا هاتە پێشەوە و لە ناو دەرگاکەدا ڕاوەستا. با کراسە درێژەکەی لە دەورییەوە پێچا. لە ناو ئەو ڕووناکییە خۆڵەمێشییەدا نزیکەی نەدەبینرا.

- ئەوەتان بیر نەچێ. قیژە توانای زۆری هەیە، بەڵام گرنگترینیان درۆکردنە.

لوورەی با نەیدەهێشت باش گوێم لە دەنگی بێت. هاوارم کرد: "وتت درۆ؟"

سەری لەقاند و وتی: "قیژە باشترین درۆزنی سەر گۆی زەوییە. هێندە بە جوانی درۆ دەکات کە باوەڕ پێنەکردنی نزیکەی ئەستەمە."

پەنجەی بەرانبەرمان ڕاوەشاند و بەردەوام بوو: "بیرتان نەچێ، هەر کارێک پێتان باش بوو بیکەن، بەڵام باوەڕ بە قسەکانی ئەو مەکەن. فریوی درۆکانی مەخۆن."

دەرگاکە بە دەنگێکی بەهێز داخرا و من و پیتەر لە پڕێکدا لە تاریکیی تەواودا ماینەوە. دەتوت شەو دەمی کردۆتەوە و قووتی داوین.

با لەناکاو ڕاوەستا و بێدەنگی منی ترساند. من و براکەم بە تاقی تەنیا لەو شەوە ساردەی هاڵۆویندا ڕاوەستابووین. تەنیا بە واتای ڕاستەقینە؛ لە ژیانمداندا هێندە هەستمان بە تەنیایی

نەکردبوو. لەگەڵ ئەوەیشدا بڕیار بوو ڕووبەڕووی جادووگەرێکی بەهێز و شەڕانگێز و درۆزنیش ببینەوە.

پیتەر پێڕستی دەمامکەکانی لە گیرفانی دەرهێنا. کاغەزەکە لە دەستیدا دەلەرزی: "دەی لە کوێوە دەست پێ بکەین؟"

سەرم ڕاوەشاند. من هیچ سەرەداوێکم نەبوو. تەنانەت نەمدەتوانی بیرکردنەوەکانیشم کۆبکەمەوە.

بەسەر حەوشەکەدا ڕۆیشتین و ڕامانکردە سەر شەقامەکە. چنارە بەرزەکان لە قەراغ شەقامەکە وەک شەپۆلی ڕەشی ئۆقیانووس، لە شوێنی خۆیاندا شەپۆلیان دەدا و گڵۆپی سەر شەقامەکە، ڕووناکییەکی کز و شێوە سێگۆشەیی دەخستە سەریان.

شانی پیتەرم گرت و ڕاموەساند: "پیتەر... سەیرکە ئەوە دەبینی؟"

پیتەر چاوەکانی خڕکردنەوە و بە هێواشی وتی: "بەڵێ، شتێک لە نێو دارچنارەکاندایە."

دڵم کەوتە تەپەتەپ: "دەمامکە؟ واتا دەکرێ؟"

بە پارێزەوە چوومە نزیک چنارەکانەوە. لەسەر زەوییەکە چۆکم دادا و سەرم نزیکەی تا ئاستی زەوییەکە دانەواند. بەڵێ، دەمامک بوو.

پیتەر بە هێواشی وتی: "دەمامکی مێرووەکەیە."

لەژێر ئەو ڕووناکییەدا کە بەسەر سەرمانەوە دەدرەوشایەوە، ڕەنگی دەمامکەکە زەیتونی دیار بوو. لە

ڕووخسارێکی درێژ دەچوو، بۆ نموونە ڕووخساری قالۆنچە. دوو هەستەوەری درێژی سیمی لەسەر سەرە سەوز و سافەکەی بوون. چاوەکانی ورد و ڕەش بوون. دەمی کراوە بوو و زمانە دووسەرە ڕەشەکەی لە ناو دەمیدا دیار بوو.

پیتەر وتی: "وای، چەند ناشیرینە."

دەستە لەرزۆکەکانم درێژ کرد و هێنام بەسەر سەریدا و بە هێواشی وتم: "دەڵێی لاستیکییە، بەڵام گەرمە."

پیتەر وتی: "قیژە ئەمەیانی لێرەدا شاردووەتەوە. بەڵام هەموویان نا. ئەم شکارە زۆریش سەخت نییە."

چاوم بڕیبووە دەمامکەکە و تەنانەت بە سەیرکردنیشی پشتم دەتەزی.

پیتەر وتی: "ڕاکە هەڵیگرەوە."

دووبارە دەستم بردە خوارەوە و هەر لەوێدا ڕامگرت. بە ئەسپایی وتم: "پیتەر، لەوانەیە قیژە بە ئەنقەست ئەمەیانی ئاوا لەبەر چاودا دانابێت؟ لەوانەیە تەڵە بێ."

پیتەر سەیرێکی ئەمسەر و ئەوسەری شەقامەکەی کرد و وتی: "من خۆ کەس لێرە نابینم. خێراکە هەڵیگرە. بەرلەوەی قیژە بەدوایدا بێت، بیکەرە دەموچاوت."

دەستم بردە خوارەوە. چاوە وردەکانی مێرووەکە لێم ڕامابوون و هەستەوەرەکانی لەبەر بادا دەلەرینەوە.

بە هەردوو دەست هەڵمگرتەوە و دەستم برد بەرەو دەموچاوم، بەڵام قیژەیەکی بەرزم کرد و دەستم لە هەوادا

ڕاگرت: "پیتەر... ئەمە.. ئئئئئەممە.. جوولایەوە! هەستم بە جوولانەوەی کرد! ئەم دەمامکە... زیندووە!"

## ١٣

پیتەر گاڵتەی پێ کردم: "شتی وا نییە!"
دەمی دەمامکەکەم ڕاکێشا کە زیاتر بکرێتەوە و بە وردی سەیری ناوەوەیم کرد: "یاااع، یاااع" قیژاندم و دەمامکەکەم هەڵدایە سەر چیمەنەکە.
- چییە؟ چی بووە؟
بە زەحمەت وەڵامم دایەوە: "ئەو دەمامکە.. پڕە لە مێروو!"
"ها؟" پیتەر دەمامکەکەی بەدەستەوە گرت و سەیری ناوەوەی کرد: "وای، زەریای مێرووە!"
یەک میلیۆن مێرووی قەڵەو قەڵەو لە ناو دەمامکەکەدا لوولیان دەخوارد، لەسەر ڕووە ساف و لووسەکەی ناو دەمامکەکە بە یەکدا دەچوون و بەسەر یەکدا دەخزان.
پیتەر دەمامکەکەی دا بە دەستی منەوە و وتی: "مۆنیکا تۆ ناچاری ئەم دەمامکە ببەستی، واتا پێش ئەوەی قیژە بێت بە دوایدا."
- بەڵام ئاخر.. ناتوانم، پیتەر. بەو هەموو مێرووە قێزەونەوە. ئاخر چۆن چەند سەد دانە مێروو بخەمە سەر دەموچاوم؟
پیتەر هاواری کرد: "ناچاری! دەبێ ئەم کارە بکەی، مۆنیکا گوێت لێبوو بیلا چی وت. دەبێ دەمامکەکان بکەیتە دەموچاوت تا قیژە نەتوانێ بیاندۆزێتەوە."

تەماشایەکی تری دەمامکەکەم کرد و دڵم بەیەکدا هات. مێرووەکان قەڵەو و قاوەیی و تەڕ و لووس بوون.

"بە نۆرە دەیبەستین، منیش دەمامکی دواتر دەبەستم." پیتەر ئەمەی وت و دەمامکەکەی پاڵنا بۆ سەر دەموچاوی من.

"دەستپێبکە، مەگەر نامانەوێ دایک و باوکمان بگەڕێنینەوە؟"

دەمامک بەدەست، وەک دار ڕاوەستابووم. مێروویەک لە دەمامکەکەوە بەر بوویەوە و بەسەر دەستمدا ڕۆیشت. پێستم مێروولەی دەکرد. حەزم دەکرد بقیژێنم.

سکم خراپ بەرز و نزم دەبوویەوە. دەستم ڕاوەشاند و مێرووەکەم هەڵدایە سەر زەوی. بوونەوەرێکی چەسپناک بوو. هێشتا هەستم دەکرد بەسەر پێستی دەستمەوەیە.

پیتەر وازی نەدەهێنا: "خێراکە مۆنیکا. دەستبەکار بە. بیکەرە دەموچاوت."

نا، نەمدەتوانی. ئەستەم بوو.

- دەمامکەکە ببەستە مۆنیکا، بجووڵێ.

سکم بەرز بوویەوە و گەرووم تەسک بوویەوە. وا هەستم کرد هەر ئێستا نا ئێستا دەرشێمەوە.

هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا. چاوەکانم داخستن و دەمامکەکەک کردە سەرم.

جوولەم نەکرد.

چاوەکانم نەکردنەوە.

دەمامکەکە بۆ دەموچاوی من گەورە بوو. پێی ناسک و تیژی مێرووەکان لە ڕوومەتەکانم دەچەقین. مێرووەکان بەسەر ڕووخسارمدا بەڕێکەوتن و تا سەر گەردنم ڕۆیشتن.

لەسەر چەناگەم لوولیان دەخوارد و فشاریان لە لێوەکانم دەکرد تا بچنە ناو دەممەوە.

ئیتر توانای بەرگەگرتنم نەما.

هیندەی نەمابوو بتەقمەوە.

قیژەیەکی گوێدڕێنم کرد: "پیتەر... یارمەتیم بدە! خەریکن گاز دەگرن! واییی... گاز لە ڕووخسارم دەگرن!"

## ١٤

لەناکاو ئازارم نەما.

دەستم لە هاوارکردن هەڵگرت. بێدەنگیی چواردەوری گرتم. تەنها دەنگێک کە دەمبیست، دەنگی تەپەتەپی دڵی خۆم و دەنگی خیزەخیزی هەناسەکانم بوو.

چاوەکانم کردنەوە. خەرمانەیەکی لیلی ئەرخەوانی و ڕەشم بینی.

"پیتەر؟" دەمامکە لاستیکییەکە دەنگمی خنکاندبوو. بەڵام هیچ هەواڵێک لە مێرووەکان نەبوو. ون بووبوون: "پیتەر!"

بە زەحمەت لە کونی چاوەکانی دەمامکی مێرووەوە سەیری دەرەوەم کرد:

"پیتەر!"

دیار نەبوو لەکوێم. ئیتر لە بەردەم ئەو چنارە بەرزانەدا نەبووین.

دەتوت لە بێشەڵانێکی پڕ لە درەختداین.

دواجار چاوەکانم پیتەریان دۆزییەوە. ئاوڕی دایەوە تا من ببینێت. بە دوو چاوی زەقەوە ڕاستەوخۆ سەیری ڕووبەڕووی دەکرد.

بەدوای نیگایدا چووم. لە ترسان هاوارم کرد: "پیتەر... ئەوە چییە؟"

"مێرووە زەبەلاحەکان." هەموو گیانی دەلەرزی، بەلام چاوەکانی نەدەترووکان: "دەڵێی جۆرێک کوللەحاجیی زەبەلاحن. لانیکەم دوازدە دانەیەک دەبن. با... باوەڕ ناکەم!"
- وای، باڵایان لە من و تۆ بەرزترە!
باڵای ئەو مێرووە سەوزانە، لانیکەم دوو مەتر و نیو دەبوو. سەریان درێژ و باریک بوو و چاوە ڕەشەکانیان وەک دوو دانە کوپ لە هەردوو لای سەریانەوە دەرپەڕیبوو. هەستەوەرەکانیان لەبەر بادا بەر یەک دەکەوتن و تەپ تەپ دەنگیان لێوە دەهات.
لەسەر پێیەکانیان ڕەق ڕاوەستابوون و باڵە زەبەلاحەکانیان وەک عەبای زیوین، پشتیانی داپۆشیبوو. دەمیان بەخێرایی سەروخواری دەکرد و ماوەیەکی پێچوو تا بۆم دەرکەوت خەریکن شتێک دەجوون. دەیانجوو و دەیانجوو. بەهۆی ئەو دەنگی وردکردنەوە کە لە دەمیانەوە دەردەچوو، گوێیەکانم دەیەشان.
پیتەر خۆی لە من نزیک کردەوە و لەژێر لێوەوە وتی: "لە فیلمی ترسناک دەچێت. بۆچی وای لێ هات؟"
بەهێواشی وتم: "دەمامکەکە. دەبێت جادووی شەیتانیی ئەم دەمامکە بێ."
بێ جووڵە ڕاوەستابووین، تەماشامان دەکردن و گوێمان لە دەنگی هاڕینی ددانەکانیان دەگرت کە یەکبینە شتێکیان دەجوو... قرچ... قرچ...

لەپڕێکدا بەڕێکەوتن بەرەو ڕووی ئێمە. هەستەوەرەکانیان وەک قامچی لە هەوادا دەجوولانەوە و لەسەر قاچە درێژ و باریکەکانیان بەخێرایی بەسەر گژ و گیا بەرزەکاندا دەڕۆیشتن.

قرچ... قرچ... قرچ...

سەریان داخستبوو و چاوە گەورە و ڕەشەکانیان دەبریقایەوە.

"پیتەر... ڕاکە!" پاڵم پێوەنا و خۆمان هەڵدایە لاوە.

"وای، نا." ناڵەم لێ بەرز بوویەوە. ڕێگەی هەڵاتنمان نەبوو. مێرووەکان لە هەموو لایەکەوە چواردەوریان گرتبووین. بازنەیەکی بچووکیان بە دەورماندا دروستکردبوو و ئێمەیان خستبووە تەڵەوە.

دەستە باریک و وشکەکانیان بەرز کردەوە و هەروا کە دەهاتنە پێشەوە، دەستەکانیان لەبەردەم سینەیاندا لەیەک دەخشاند.

پیتەر زمانی لاڵ بوو: "دە... یانەوێ چی- چی بکەن؟ ئـ.. ئێمە بـ. بخۆن؟"

لەبەر خۆمەوە وتم: "کاری دەمامکەکەیە. دەمامکی مێروو ئەم بەڵایەی بەسەرمان هێناوە."

زانیم دەبێ چی بکەم. دەبێ دەمامکەکە لە دەموچاوم بکەمەوە. هەردوو لای دەمامکەکەم گرت و ڕامکێشا.

نا.

لە جێگەی خۆی نەجوولا.

دەستم بەرزکردەوە و لە سەرەوە گرتم، بەڵام لاستیکەکە زۆر لووس بوو و نەمدەتوانی توند بیگرم.

قرچ... قرچ... مێرووەکان هاتنە پێشترەوە. هەستەوەرەکانیان خێرا خێرا دەلەرانەوە.

پەشۆکام و بنی دەمامکەکەم گرت و هەوڵمدا بیدڕێنم تا خۆم لە دەستی ڕزگار بکەم.

نا. سوودی نەبوو.

هاوارم کرد: "پیتەر، فریام کەوە!" درەنگ بووبوو.

کوللەحاجییەکی زەبەلاح نووشتایەوە و سەری توند کێشا بە سەری مندا.

"ئاخخخ!" سەرم ئازاری پێگەیشت، ئێش بە هەموو گیانمدا بڵاو بوویەوە و هاوارم لێ بەرز بوویەوە. دەتوت بە پارچە تەختەیەک کێشاویانە بە سەرمدا.

مێرووەکان دووبارە سەری درێژ و قورسیان کێشایەوە بە سەرمدا، تەپ! هۆشم لە سەردا نەما و هەستم کرد ئەژنۆکانم نووشتانەوە. ئازار لە سەرمەوە دەستی پێکرد و تا سەری پەنجەکانم ڕۆیشت.

بەرلەوەی بتوانم لە جێگەی خۆم بجووڵێم، منی بە دەستە کورت و چەسپناکەکانی گرت... لەسەر زەوی بەرزی کردمەوە، بەرز... بەرز... بەرەو لای ددانە گەورە و وردکەرەکانی.

## ١٥

- نا! نا! نا!

ئەم هاوارە خۆنەویستانە لە گەروومەوە هاتنە دەر. هێندە هاوارم کرد تا ئەو جێیەی کە ئیتر دەنگم دەرنەدەهات.
دڵۆپە زەردەکانی ئاوی دەمی مێرووەکەم لەسەر ددانە تیژەکانی بینی. قەپۆزی بەسەر سەرمەوە دەچووە دواوە و دەهاتەوە بۆ پێشەوە. منی بردە پێشترەوە، نزیکی ددانەکانی. سەری وەک میزەڵدانە گەورەکانی کەرنەڤاڵ دەلەرییەوە. دەستەکانم لە هەوادا ڕاوەشان. لەقەم هاویشت. بەڵام دەستە باریکەکانی مێرووەکە منیان توند گرت و بەرزیان کردمەوە. "نا!" هاوارێکی تر لە دەممەوە دەرچوو و گەرووی بریندار کردم.
دەمی کوللەحاجیکە بە تەواوەتی کرایەوە.
پەلەقاژەم دەکرد و لوولم دەخوارد. هەوڵمدا بە لەقە لە سکی بدەم، بەڵام ڕێگەی لێ گرتم و پاشان...
باوەڕم نەدەکرد، منی نەخستە ناو دەمییەوە کە وەک ئاش هەڵدەسووڕا. گەڕایەوە و منی لە ئەڵقەی مێرووە زەبەلاحەکان بردە دەرەوە.

چاوم بە پیتەر کەوت و بینیم کە مێروویەکی تریش ئەوی هەڵگرتووە و خەریکە دەیبات. پیتەر دەیقیژاند، بەڵام مێرووەکە توند گرتبووی و نەیدەتوانی بجووڵێت.
هەردوو مێرووەکە بە هەنگاوی خێراوە، بە تەنیشت یەکەوە بەڕێکەوتن. لەشیان بەسەر قاچە باریکەکانیانەوە دەلەرییەوە. لە پڕێکدا هەردووکیان ڕاوەستان. سەیری خوارەم کرد و چاوم بە ڕیزێک درەختی پڕ لق و گەڵا کەوت. ئەو کوللەحاجییەی منی لە ئامێز گرتبوو، نووشتایەوە و منی برد بەرەو لای درەختەکان.
خەیاڵم ئاسوودە بوو و هەناسەیەکم دایەوە. واتا نایەوێ من بخوات؟
دەستە باریک و درێژەکانی مێرووەکە منیان لە پشتەوە داگرتە خوارەوە و لەسەر درەختێک دایاننام. سەیری خوارەوەم کرد. بەرزیی درەختەکە زیاتر لە یەک مەتر نەبوو و لە دڵی خۆمدا بیرم کردەوە ڕەنگە بتوانم لە سەرییەوە خۆم هەڵدەمە خوارەوە و ڕابکەم.
هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و دەستبەکار بووم. زۆر بە ئەسپایی خۆم گەیاندە سەر زەوی.
- ئاااااااخ!
مێرووەکە نینۆکە تیژەکانی دەستی توند کرد بە سینگمدا. نووشتایەوە بەرەو لای من و سەری هێنایە نزیک دەموچاومەوە. قەپۆزەکانی خستنە سەر یەک و دەنگی

قرچەیەکی بەرز هات. نینۆکی لەسەر سینگی تیشێرتی جیمناستیکەکەم توند کرد و لەسەر جێگەی خۆم وشکی کردم. لەسەر درەختەکە گیرم خواردبوو و نەمدەتوانی بجووڵێمەوە.

هاوارم کرد: "پیتەر... تۆ باشی؟" دەنگی هاواری لەو نزیکانەوە هات. هەوڵم دا ئاوڕ بدەمەوە، بەڵام مێرووەکە توند بە درەختەکەوەی نووساندبووم.

سەیری قاچەکانم کرد و شتێکم بینی کە بەڕاستی سەراسیمە بووم. هاوارم کرد: "نا! وای، تکایە...نا!"

مێرووەکە خەریکبوو بە دەستەکەی تری لە سکییەوە دەزووی دەردەهێنا. وەک بەکرە، دەزوویەکی لینج و درێژی لە لەشی خۆیەوە دەرهێنا و بە بەرچاوی ترساوی منەوە، لە دەوری قاچەکانمییەوە ئاڵاند.

وەک جاڵجاڵۆکە کاتێک تەون دەچنێت. دەزووەکە بێدەنگ لە سکییەوە دەهاتە دەرەوە و بە نیازی تەواوبوون نەبوو. مێرووەکە ئێستا خەریک بوو بە خێرایی ئەژنۆکانمی توند پێکەوە دەبەستەوە.

هاوارم کرد: "پیتەر؟"

دووبارە پیتەر هاواری کرد. بەڵام ئەم جارە دەنگی لە شوێنێکی زۆر دوورەوە دەهات و نەمدەزانی چی دەڵێت.

خێرایی مێرووەکە زیاتر بوو و ئێستا خەریک بوو کەمەرمی دەپێچایەوە؛ هەروا دەزووی چەسپناکی لە سکییەوە دەردەهێنا و توند لە منییەوە دەپێچا.

دەمویست بە لنگەفرتێ دەزووەکە بپچڕێنم، بەڵام زۆر پتەو بوو. مێرووەکە هەروا منی بە نینۆکەکانی لەسەر جێی خۆم ڕاگرتبوو و دەیپێچامەوە. قۆزاخەی بۆ دروست کردبووم.

بە دەنگێکی بەرز هاوارم کرد: "نا! تکا دەکەم!"

دەستەکانم ڕاوەشاند، بەڵام دەستم بە مێرووەکە نەگەیشت. پێچ و لوولم خوارد تا خۆم ڕزگار بکەم، بەڵام مێرووە ناشیرینەکە منی بە نەمامەکەوە نووساندبوو. نۆرە هاتە سەر گەردنم و ئێستا بە دەوری ملمدا دەزووی دەپێچا و دەپێچا. وەک بەکرە دەزووی لێوە دەردەچوو و منی وەک کرمی ئاوریشم لە قۆزاخەدا دەپێچایەوە.

ئێستا دەیویست ئەو دەمامکەی لەسەر دەموچاوم بوو، بپێچێتەوە و بە دەزووە چەسپناکەکەی توند بە دەموچاومەوە ببەستێت. دەزووەکەی توند خستە سەر بەشی خوارەوەی دەمامکەکە. تا چەند چرکەیەکی تر ئاستی دەمم دەگیرا.

بۆ دواین جار هاوارم کرد: "پیتەر! پیتەر... لێرەی؟ کارێک بکە!"

## ١٦

گوێم لە دەنگی پیتەر بوو کە ناوم دەهێنێت. پاشان دەموچاویم بەسەر سەرمەوە بینی.

چاوەکانی لە ترسان گەورە بووبوون و دەمی کرابوویەوە. بە زەحمەت هەناسەی دەدا. بە زمانگرتنەوە وتی: "خۆ...خۆم ڕزگار کرد."

لێی پاڕامەوە: "کارێک بکە. خێراکە. من ناتوانم لەم قوزاغەیەدا هەناسە بدەم."

چەند دانە مێرووی زەبەلاح بە لۆقە لۆق گەیشتنە پشتی سەری. مێرووەکەی سەرم بایەخی بە پیتەر نەدا و درێژەی بە پێچانەوەم دا.

لە پڕێکدا پیتەر سووڕایەوە و لە من دوورکەوتەوە. سەرەتا پێم وابوو دەیەوێ بە لێدانێکی کاراتیی دەست و قاچ لەگەڵ مێرووەکان بجەنگێت... بەڵام نا. خۆی کرد بە نێوان دوو مێرووداو خۆی هەڵدایە سەر زەوییەکە.

چرکەیەک دواتر هەستایەوە سەرپێ و دەستێکی بەرز کردەوە: "مۆنیکا... سەیرکە!"

بڵێن چی بە دەستەوە بوو؟ کیسەی شکولاتەکانی هالۆوین! کیسەکەی لە هەوادا هەڵسووڕاند و بەسەر مێرووەکاندا هاواری کرد: "هێی سەیرکەن!" کیسەکەی بەرز کردەوە و

هەموو شکولاتەکانی ڕشتە سەر زەوی. پاشان بە دەنگی بەرز وتی: "بڕۆن هەڵیانبگرنەوە! شکولاتن! ئممممممم، بەتامن! بۆ ئێوە! بڕۆن هەڵیانبگرنەوە! زۆر خۆشن!"

مێرووەکان بە ڕیز ڕاوەستان. چاوە ڕەش و بریقەدارەکانیان لە کاسەدا دەسووڕانەوە و دەمیان بەرز و نزم دەکردەوە. لە ناکاو باڵەکانیان کەوتە تەپەتەپ و هەموویان بە دەنگێکی تیژ و گوێدڕێن وتیان "ئی ئی ئی" دەتوت کەسێک بە مشار دار دەبڕێتەوە. جەستە درێژەکانیان نووشتانەوە و باڵە تەنکەکانیان لە پشت سەریانەوە بەرز بوونەوە. خۆیان هەڵدا بەرەو لای شکولاتەکان و خستیاننە ناو دەمیانەوە. وەک برسییەکان شکولاتەکانی پیتەریان قووت دەدا. ئێستا ئیتر دەنگی "ئی ئی ئی" لە نێو دەنگی مڵچەمڵچی شکولات جوینیاندا ون بووبوو.

ئەو مێرووە زەبەلاحەی منی زیندانی کردبوو، لەناکاو بێ جووڵە ڕاوەستا. دەستی لە پێچانەوەی من هەڵگرت و دەزووە سپییەکەی شل بوو. سەری لەسەر من لابرد و هەڵفڕی بەرەو زەوی. ئێستا پارچەیەک شکولات لە دەمیدا بوو و باڵەکانی لە دوایەوە تەپەتەپیان دەکرد.

بە زەحمەت وتم: "پیتەر... خێراکە."

پیتەر بە دەوری مێرووەکاندا سووڕایەوە و هات بەرەو لای من. ئەو قوزاخەیەی گرت کە مێرووەکە چنیبووی و کەوتە گیانی دەزووەکان.

بەهێواشی وتم: "پەلە بکە."

هاواری کرد: "لەمە... لەمە خێراتر ناتوانم! زۆر لینج و قێزەونە."

بەشێک لە قۆزاخەکەی دەوری کەمەرمی دڕاند و چوو بۆ لای ئەو دەزووانەی قاچمیان تەنیبوو. لە لایەکەوە دەزووەکانی دەپچڕاند و لە لایەکی ترەوە چاودێریی مێرووەکانی دەکرد و بەردەوام ئاوڕی دەدایەوە و سەیری دەکردن. دەنگی تەپەتەپی باڵەکانیان و ملچەملچی جووینیان لە هەوادا بڵاو دەبوویەوە.

پیتەر بەشێک لە دەزووەکانی دەوری قاچمی پچڕاند، بەڵام هەرچییەکی کرد نەیتوانی تەواو لێیان بکاتەوە. دەزووە لینجەکان بە دەستییەوە نووسابوون.

بە لەقەیەک، قاچێکم ڕزگار کرد. سووڕامەوە و قاچەکەی تریشم لە قۆزاخە هێنایە دەرەوە. قاچەکانم سڕ بووبوون. چەند جارێک لەقەم لە هەوا دا تا خوێن لە دەمارەکانمدا بکەوێتەوە جووڵە. پیتەر ویستی قۆزاخەی دەوری دەستەکانم بکاتەوە، بەڵام من پێم وت: "لێیگەڕێ، کاتمان نییە."

تەکانێکم بە خۆم دا و لەسەر درەختەکە خۆم خزاندە خوارەوە. "وەرە با بڕۆین، ڕاکە!"

پیتەر لە جێگەی خۆی هەستا، بە تەنیشت درەختەکاندا ڕایکرد تا لە مێرووەکان دوور بکەوێتەوە. من کە قاچەکانم هێشتا

سڕ بوون، لە پشت سەرییەوە لەترم دەدا. قاچەکانم هێشتا هەستیان تێدا نەبوو و دەستەکانیشم بە سەر سینگمەوە بەسترابوون.

هاوسەنگیم نەبوو. بەڵام دەمزانی کە دەبێت ڕابکەین و لەوێ هەڵبێین. شکولاتەکان تەواو دەبوون و پاشان...

پیتەر سەیرێکی دواوەی کرد و هاواری کرد: "وای، نا! ئێمەیان بینی! خەریکن دێن!"




Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن { ئازیزێکی چەناڵ } کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7
Invite Link

## ١٧

سووڕاینەوە و بە تەنیشت ڕیزێک درەختی بەرزدا ڕامان کرد. من بەردەوام هاوسەنگیم لەدەست دەدا و دەکەوتمە سەر زەوییە پڕ لە گەڵاکە .

دەنگی تەپەتەپم بیست. ئاوڕم دایەوە و بینیم مێرووەکان لە پشت سەرمانەوە لەسەر دوو لۆق باز دەدەن. باڵەکانیان لە دواوە کردبوویەوە و هەستەوەرەکانیان خێراخێرا دەسووڕان.

ئی ئی ئی! شەیپووری جەنگیان لێ دەدا.

باڵایان زۆر بەرز بوو و خێراییان زۆر. مەحاڵ بوو من و پیتەر بتوانین خێراتر لەوان ڕابکەین. بە دەنگی پچڕ پچڕ وتم: "هەر ئێستا... ئێمە... دەگرن. هەردووکمان دەکەنە ناو قۆزاخەوە."

"نا!" پیتەر هاواری کرد و بێ ئەوەی هیچ بڵێ خۆی هەڵدایە ناو دارێکەوە. لە ماوەی چەند چرکەیەکدا ون بوو و لەوسەری دارەکەوە هاتە دەرەوە.

سەیرێکی دواوەم کرد. مێرووە زەبەلاحەکان بەخێرایی بەرەو لای ڕایاندەکرد. دەستە باریکەکانیان درێژ کردبوو.

ئامادەبوون بۆ گرتنی من. تەنها چەند چرکەیەک کاتم هەیە
بۆ ئەوەی کارێک بکەم.

سووڕامەوە بۆ لای دارێک. هێندە گەڵا و لقوپۆپەکانی چووبوون بەناو یەکدا کە هیچ کونێکم نەدەدۆزییەوە. ئەو دەزووەی دەستەکانمی پێ بەسترابوو، خەریکبوو دەکرایەوە. توند ڕامکێشا. باوەڕم نەدەکرد هێندە پتەو بێ. بیرۆکەیەکی گاڵتەجاڕانە بە سەرمدا هات. بەپەلە هێندێک دەزووم ڕاکێشا و لە دەستمم کردەوە. بێهیوایانە سەرێکی دەزووەکەم هەڵدایە سەر لقی دارێک. بەختم هەبوو دەزووەکە لە لقەکە گیر بوو.

ڕێک لەو ساتەدا کە مێرووەکان پێم گەیشتن، خۆم بە دەزووەکەوە هەڵواسی. توند بە هەردوو دەستم گرتبووم، خۆم سووڕاند و لەبەر دەستیان دوور کەوتمەوە. خۆم هەڵدایە سەر لقەکە... بەسەر لقەکاندا ڕۆیشتم و خۆم گەیاندە لای براکەم.

پیتەر حەپەسا و لە جێگەی خۆی بەرز بوویەوە.

لە پشتی لقوپۆپە تێکئاڵاوەکانەوە، لە چاوی مێرووەکان ون بووبووین. دەموچاوم لەژێر دەمامکەکەدا شەڵاڵی عارەقە بووبوو. هەموو گیانم مێروولەی دەکرد.

دەزووی چەسپناک بە هێندێک شوێنی دەست و قەفەزەی سینەمەوە نووسابوو.

واتا دەکرێت ئەو کوللەحاجییە دزێوانە بەسەر لقوپۆپەکاندا بفڕن بۆ ئەمدیو؟

ئەگەر بهاتنایە، بەدڵنیاییەوە من و پیتەریان دەگرت، چونکە تەواو هەناسەمان لێ بڕابوو و توانای ڕاکردنمان نەمابوو.

گوێم هەڵخست تا دەنگی تەپەتەپی پێیەکانیان و زیکەزیکیان ببیستم.

هیچ هەواڵێک نەبوو. تەنها بێدەنگی.

لەودیو کونیلەی چاوەکانی دەمامکەکەوە سەیری دەرەوەم کرد. هەموو گیانم تەزیبوو. ترسێکی سارد بوونی داگیر کردبووم.

بەڵام هێشتا هەر دنیا بێدەنگ بوو.

سەرم سووڕاند و هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا. چەند جارێک چاوەکانم ترووکاند تا باشتر بتوانم ببینم. هەردوو شانی پیتەرم گرت، ڕوویم کردە خۆم و وتم: "سەیرکە پیتەر... ئێمە لەکوێین؟ هیچ هەواڵێک لە درەخت نییە. ئێمە ئیتر لە بێشەڵاندا نین. هەموو ئەو شتانە بۆ کوێ ڕۆیشتن؟"

پیتەر لەژێر لێوەوە وتی: "زۆر تاریکە. خراپ تاریکە."

لە ناوەڕاستی شوێنێکی نادیاردا ڕاوەستابووین. واتا نە درەختێک لەوێدا هەبوو، نەماڵێک، نە مانگێک بە ئاسمانەوە. هەر ئاسمانێک لە ئارادا نەبوو.

نەمدەتوانی ئەو زەوییەی لەسەری ڕاوەستابووین ببینم. سەرم سووڕاند. ڕیزی درێژی درەختەکان ون بووبوو. هەموو جێیەک وەک قیر ڕەش بوو.

بێدەنگی لە گوێیەکانمدا دەنگی دەدایەوە. بێدەنگییەکی قورس هەموو جێیەکی داگیر کردبوو.

بە ئەسپایی وتم: "پیتەر، من... حەزم لێرە... نییە."

## ١٨

هەموو گیانم دەلەرزی و ددانەکانم لەژێر دەمامکەکەوە بەر یەک دەکەوتن.

چەند خاڵێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی لەو تاریکییەدا دەرکەوتن و شتانێکی نەناسراو لەبەردەممدا لە هەوادا مەلەوەر بوون.

دیسان با هەڵیکرد و دەنگی سووڕانەوەی گەڵا وشکەکان گوێیان پڕ کردم.

دەنگی فرەفری مۆتۆڕی ئۆتۆمۆبێلم بەر گوێ کەوت و دەنگی هوهوی هێواشی کوندەپەپوو.

بەڵێ. درەختەکانم لە تاریکیدا ناسییەوە. ئەوێ سەر شەقام بوو، شەقامێکی ئاشنا. ڕیزێک چناری بەرز و ماڵێک لە پشتیانەوە. ئەو ماڵەی کە بەلامەوە ئاشنا بوو.

ماڵی بێلا.

هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشا و وتم: "گەڕاینەوە شوێنی خۆمان."

پیتەر هەڵبەز و دابەزی کرد و بە دەم گۆرانییەوە وتی: "گەڕاینەوە و گەڕاینەوە!"

پاشان توند کێشای بە شانی مندا: "زۆر خۆش بوو!

چوومە ئەولاوە و وتم: "ها؟ واتا تۆ هێندە حۆلی؟ پێت خۆش بوو وەک کرمی ئاوریشم لە ناو قوزاغەدا زیندانی بکرێیت؟ یان کوللەحاجییەکی زەبەلاح قووت بدات؟"

- ئێستا خۆ سەلامەتین! سەرکەوتوو بووین!

بیرم هێنایەوە کە: "هێشتا کارەکەمان تەواو نەبووە. چوار دەمامکی تر ماون، بیرت چۆتەوە؟ ئەگەر تا بەری بەیانی نەیاندۆزینەوە، لەوانەیە تا کۆتایی تەمەن دایک و باوکمان نەبینینەوە."

کاتێک ئەمەم وت: "پێکەنینەکەی پیتەر بە کۆتایی هات و پرسی: "زۆرباشە، ئێستا نۆرەی کام دەمامکەیە؟"

ئاوڕم دایەوە بۆ لای ماڵەکەی بیلا. پەردەکانی پەنجەرەی ژووری میوان دادرابوونەوە و گڵۆپەکانی کوژابوونەوە. واتا ماڵەکە بە تەواوەتی تاریک بوو. "تۆ دەڵێی بیلا ڕۆیشتووە؟"

"واز لە بیلا بێنە. وەرە برۆین بەدوای دەمامکی مۆمیاییدا بگەڕێین. گرەو دەکەم هەر لەو شوێنەدا بێ کە من بیری لێ دەکەمەوە." پیتەر وای وت و بە پەلە بەسەر پیادەڕۆکەدا ڕۆیشت. بەدوایدا ڕامکرد و وتم: "پیتەر، بۆ کوێ دەڕۆی؟"

- مۆزەخانەی مێژوو. هەفتەی پێشوو پۆلەکەی ئێمەیان بۆ گەشتی زانستی برد بۆ ئەوێ. دنیایەک مۆمیاییان بۆ نمایش لێ دانابوو.

- بۆچی پێت وایە دەمامکی مۆمیایی لەوێیە؟

- چونکە دەمامکی مێروو لەسەر زەوی و نزیکی مێرووەکان بوو. بەڕای من دەمامکەکان خۆیان پێمان دەڵێن لەکوێ شاردراونەتەوە. تۆ بۆ شاردنەوەی دەمامکی مۆمیایی، شوێنی لەوێ باشتر پێدەزانی؟

لە دڵی خۆمدا وتم ڕەنگە قسەی پیتەر بێ. بەم زووانە بۆمان دەردەکەوت. مۆزەخانەی هونەر چوار یان پێنج شەقام لە خوار قوتابخانەکەمانەوە بوو، لە تەنیشت کتێبخانەی گشتییەوە، لەسەر شەقامێکی پان کە درەختە بەرزەکان لە هەردوو بەرەوە نووشتاوبوونەوە بەسەر شەقامەکەدا.

پارکێکی چکۆلە و سەوزیش لەبەردەم مۆزەخانەکەدا بوو کە پێیان دەوت پارکی مۆزەخانە. من و پیتەر بەژێر ڕۆشنایی مانگدا و بەسەر گیاکاندا بەڕێکەوتین و چووین بەرەو تەلارەکە. تەلارێکی بەردینی سپی و کۆن کە دەبوو بە سەد پلیکانەی چیمەنتۆدا سەربکەوتیتایە تا بە دەرگای چوونە ژوورەوە بگەیت. دوو ستوونی بەرز لەملاو ئەولای دەرگاکەیەوە بوون و گومەزێکی سپییش لەسەر میچەکەی دانرابوو.

گڵۆپەکانی مۆزەخانەکە هەڵکرابوون، بەڵام کەسی لێ نەبوو. دوو ئۆتۆمۆبێل لەوسەری شەقامەکەوە هاتن و چوونە بەردەم تەلارەکە. بە پیتەرم وت: "ئەستەمە بتوانین لە دەرگای پێشەوە بچینە ژوورەوە. بەدڵنیاییەوە کڵۆم دراوە. بە ئەگەری زۆر پاسەوانیشی هەیە."

- هەفتەی ڕابردوو پۆلەکەی ئێمەیان لە دەرگای پشتەوە برده ژوورەوە. لە پشتەوە دنیایەک دەرگا و پەنجەرەی بچووکی لێیە. ڕەنگە کونێک بدۆزینەوە و بەدزییەوە بچینە ژوورەوە.
بە تەنیشت دیواری تەلارەکەدا ڕۆیشتین. لە پشت پەنجەرە بەرزەکانی سەرمانەوە گلۆپ داگیرسابوون، بەڵام دەستمان پێیان نەدەگەیشت تا ناوەوە ببینین. لەسەر دەرگایەکی ڕەش کە لە قوژبنێکی بچووکدا دانرابوو، چاوم بە تابلۆیەک کەوت: دەرگای تایبەتی خزمەتگوزارییەکان. دەرگاکە بە قوفڵ و زنجیر داخرابوو.
چووینە پێشترەوە. بەناو سێبەری تاریکی تەلارەکەدا دەڕۆیشتین تا نەبینرێین. بە بەردەم ڕیزێک پەنجەرەدا تێپەڕین کە پارێزەری کانزاییان هەبوو. دوو دەرگای کلۆمدراوی تریشمان بینی.
پشتم لەرزی و لەبەر خۆمەوە وتم: "پیتەر، من حەزم لە سیمای ئەم شوێنە نییە. چی بۆتە هۆی ئەوەی پێت وابێ دەمامکی مۆمیایی لێرەیە؟"
بەرلەوەی پیتەر وەڵام بداتەوە، گوێم لە دەنگێک بوو. دەنگی خشەخشی گەڵا وشکەکان. دوابەدوای ئەویش دەنگی تەپەتەپ و جیرەجیری پێ.
لە جێگەی خۆم بەرز بوومەوە و ئاوڕم دایەوە... هاوارێکی خنکاو لە گەروومەوە هاتە دەر.

مۆمیاییەکان چواردەوریان گرتبووین، یەک دوو دەرزەن مۆمیایی ڕزیو و شلوشێواو لەتریان دەدا و بەرەو ڕووی ئێمە دەهاتن، دەستەکانیان وەک دار لەبەردەمیان ڕاگرتبوو و بە بێدەنگی دەلەرینەوە.

پشتم نا بە دیواری مۆزەخانەکەوە، دەمم کردەوە و هاوارێکی بەرزم کرد.

## ١٩

یەکێک لە مۆمیاییەکان پێکەنی و لەدوایەوە چەند دانەیەکی تریش بزەیان کرد. دووانیان دەستە پێچراوەکانی خۆیان بەرز کردەوە و ئێسکەکانی پەنجەیان لە یەک دا.

پیتەر کە لە تەنیشت منەوە ڕاوەستابوو و پشتی بە دیواری مۆزەخانەکەوە نابوو، بە وروژانەوە وتی: "ئەمانە خۆ منداڵن!" بەڵێ. ئەو منداڵانەی کە جلی مۆمیاییان لەبەرکردبوو. ئێستا ئیتر مۆمیاییە چکۆلەکان ئێمەیان بەجێهێشتبوو و بە لەتردانەوە سەمایان دەکرد و بەرەو بەردەم مۆزەخانەکە دەڕۆیشتن.

دەرگای ئۆتۆمۆبێلەکان کرانەوە و دایک و باوکەکان دابەزین و چوون بە پیر منداڵەکانەوە. ژنێکی باڵابەرز کە لەچکێکی سووری لە دەوری مووەکانی ئاڵاندبوو ڕایکرد بەرەو لای من و پیتەر و بە هەناسەبڕکێوە وتی: "ئاهەنگی مۆمیایی تەواو بووە؟ منداڵەکانیان ناردۆتە دەرەوە؟

تازە لەو کاتەدا بیری ئاهەنگی مۆمیاییم کەوتەوە. ئاهەنگی هالۆوینی ساڵانەی مۆزەخانە. سەد منداڵ بە جلی مۆمیاییەوە لەم ئاهەنگەدا بەشدارییان دەکرد.

وەڵامی ئەو خاتوونەم دایەوە: "بەڵێ. پێم وابێ خەریکن منداڵەکان دەهێننە دەرەوە."

ڕووم وەرگێڕا و چاوم بە کۆمەڵێک مۆمیایی تر کەوت کە بە دەوری خۆیاندا دەسووڕانەوە و لە یەکێک لە دەرگاکانی پشتی تەلارەکەوە دەهاتنە دەرەوە.

ژنەکە هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵکێشا و وتی: "وامزانی درەنگ گەیشتووم." من و پیتەر بە دوایدا چووینە بەردەم دەرگاکە. دوو منداڵ ڕایانکرد بەرەو لای ژنەکە و یەکێک لەوان کە لە پشت سەرییەوە پەتێکی درێژ بەسەر زەوییەکەدا دەخشا، بەسەریا بۆڵاندی کە باش نەیپێچاوەتەوە.

جاری دواتر کە دەرگاکە کرایەوە تا منداڵانی تر بێنە دەرەوە، پیتەرم لەگەڵ خۆم ڕاکێشایە ژوورەوە. چەند جارێک چاوم تروکاند تا چاوەکانم بە ڕووناکیی زۆر ڕاهاتن.

لە هۆڵێکی گەورەدا ڕاوەستابووین کە قردێلەی پرتەقاڵی و ڕەش لەمسەری میچەکەوە بۆ ئەوسەری ڕایەڵ کرابوون. لەسەر پایەیەکی بەرز، فانۆسی کولەکەیەکی گەورە هەڵکرابوو و بڵێسە زەرد و نارنجییەکان لە هەناویدا سەمایان دەکرد. دوو پەیکەری مۆمیایی سەد و هەشتا سانتیمەتری لە هەردوو لای فانۆسەکەوە پاسەوانییان دەکرد.

سەیرێکی چواردەوری خۆمانم کرد، هۆڵەکە خەریک بوو بەخێرایی چۆڵ دەبوو. لە پیتەرم پرسی: "بەشی میسری دێرین لەکوێیە؟"

دەموچاوی تێکنا و بە پەنجەی شوێنێکی پیشان دا: "پێم وابێ لەو پشتەوە بێت."

- با برۆین.

بەڵام بەرلەوەی لە جێگەی خۆمان بجووڵێین، پیاوێک کە جلی مۆمیایی چڵکنی لەبەردا بوو، هاتە بەردەممان. چاوە شینەکانی لە نێوان پەتی مۆمیاییەکانی ڕووخسارییەوە خراپ سەیری دەکردین.

کڵاوێکی ڕەشی درێژی کردبووە سەری کە لە بەشی سەرەوەی کەمێک لار بووبوویەوە. دووگمەیەکی خڕ لەسەر کڵاوەکە هەبوو کە لەسەری نووسرابوو: من بەرەوە بۆ لای دایکم.

پرسی: "فەرموون چیتان دەوێ؟ بەدوای کەسێکدا هاتوون؟"

سەرم لەقاند و وتم: "بەڵێ، بە شوێن خوشکە چکۆلەکەماندا هاتووین، فرانی، تۆ نەتبینیوە؟ هاتۆتە دەرەوە؟"

بە تیلەی چاو سەیری کردم. واتا باوەڕی بە درۆکەم کرد؟

"هێشتا کۆمەڵێک منداڵ لە کافتریاکەن، ڕاڕەوی کۆتایی هۆڵەکەی پیشان دا کە تاقێکی کەوانەیی هەبوو و وتی: "سەرێک لەوێ بدەن."

"سوپاس." ئەمەم وت و قۆڵی پیتەرم گرت و هەردووکمان بەڕێکەوتین بەرەو ئەو تاقە.

پیاوەکە لە پشت سەرمەوە هاواری کرد: "زۆر حەزم لەو دەمامکی مێرووەت کردووە."

بە دەنگی بەرز سوپاسم کرد، بەڵام ئاوڕم نەدایەوە. هەردووکمان ڕاستەوخۆ ڕامانکردە پێشەوە و من بەرلەوەی

لەبەر چاوی ئەو پیاوە ون ببین، بەدوای یەکدا هاوارم کرد:
"فرانی! فرانی!"

پیتەر وتی: "لەوەی کە بیرم لی دەکردەوە زۆر ئاسانتر بوو."

- زوو خۆشحاڵ مەبە، هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەوێ.

بە هۆڵێکی درێژ و ڕووناکدا ڕاماندەکرد و لە پێشترەوە، دەنگی منداڵەکان و دەنگی پێکەنینی گەورەکان دەهات. بە بەردەم ڕیزێک بەربەستی دیواریدا تێپەڕین کە گوڵدانی شین و نارنجی لە پشت شووشەکانیانەوە بوو. هێندێک لە گوڵدانەکان درزیان بردبوو یان لێواریان پەڕیبوو. دیار بوو کە زۆر کۆنن.

دواجار کافتریاکەمان بینی. تەنها چەند منداڵێکی لێبوو. لەسەر زەوییەکە دانیشتبوون و شکولاتیان دەخوارد.

چەند خزمەتگوزارێک بە جلوبەرگی سپییەوە دەست بەکار بووبوون و زەوییەکەیان دەسڕییەوە، کاغەزی شکولات و شیرینی و خاشاکی تریان لەسەر زەوییەکە کۆدەکردەوە.

من و پیتەر لە کافرتیاکە نەماینەوە، لە کۆتایی ڕاڕەوەکەدا پێچمان کردەوە و درێژەمان بە ڕێگەکەمان دا. لەسەر تابلۆیەک بە شێوەی تیر نووسرابوو: بەشی میسری دێرین. پیتەر وتی: "ژووری مۆمیاییەکان لەوێدایە." خێراتر هەنگاومان نا. گڵۆپەکانی ئەم ڕاڕەوە کزتر بوون و سێبەری درێژ کەوتبووە سەر زەوییەکە. لەو شوێنەوەی کە ئێمەی

لێبووین، دەمانتوانی دەرگای چوونە ژوورەوە بۆ بەشی میسری دێرین کە کەمێک لە پێشترەوە بوو، ببینین.
تەنها چەند مەترێک لەو دەرگایەوە دوور بووین کە دەنگێکی توورە و زبر هاواری کرد بە سەرماندا: "هەر لەوێدا ڕاوەستن! خەریکن بۆ کوێ دەڕۆن؟"

## ٢٠

گیراین.

ئاوڕم دایەوە، پاسەوانێک بە جلوبەرگی ڕەشەوە بەخێرایی بەرەو لامان ڕایدەکرد. ویستم شتێک بڵێم، بەڵام پاسەوانەکە پێچی کردەوە، دوو منداڵ بە جلوبەرگی مۆمیاییەوە لە کەلەبەرێک هاتنە دەرەوە.

پاسەوانەکە دووبارە وتی: "خەریکن بۆ کوێ دەڕۆن؟"

یەکێک لەوان وتی: "دەرگای چوونە دەرەوەمان لێ ون بووە."

پاسەوانەکە دەستی منداڵەکەی گرت و وتی: "بە دوای مندا وەرن، بە هەڵە هاتوون." ئەوانی گێڕایەوە بۆ کافتریاکە.

من و پیتەر خۆمان بە دیوارەکەوە نووساندبوو. تازە زانیم هەناسەم ڕاگرتووە. ماوەیەکی پێچوو تا هەوام لە سییەکانم کردە دەرەوە: "وام... وامزانی گرتیانین."

پیتەریش لەبەر خۆیەوە وتی: "بەڵێ، نزیک بوو."

سووڕاینەوە و خۆمان کرد بەناو ئەو دەرگایەدا کە لە سەری نووسرابوو بەشی میسری دێرین. ڕووناکیی گڵۆپەکانی ئەو هۆڵەیان کەم کردبوویەوە و هەواکەی گەرم و شێدار بوو.

بە دیوارەکەوە نووسام، سەیری هەمولایەکم کرد و بە شوێن پاسەواندا گەڕام. نا، کەس لەوێ نەبوو. ژماردم، چوار دانە گۆڕی بەردینی مۆمیایی لە چوارگۆشەی هۆڵەکە بوون و

ماکێتی هەرەمێکیش لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا دانرابوو. یەکێک لە دیوارەکان پڕبوو لە وێنەی هەرەمە سێینەکانی میسر و لە پشت جامخانەی دیوارەکانی ترەوە، زێڕ و زیو و کەلوپەلی دێرینی میسری دانرابوون. بە دەوری هۆڵەکەدا سووڕاینەوە، بە وردی سەیری جامخانەکانمان کرد. بە دەوری ماکێتی هەرەمەکەدا سووڕاینەوە و چواردەوری هەموو گۆڕەکانمان پشکنی. بەهێواشی وتم: "من خۆ لێرە هیچ دەمامکێکی مۆمیایی نابینم. لەوانەیە قیژە لێرە نەیشاردبێتەوە. باشترە تا نەیانگرتووین لێرە بڕۆین."

بەرێکەوتم بەرەو لای دەرگاکە، بەڵام پیتەر ڕێگەی لێ گرتم.

- گۆڕەکان، دەبێت ناو گۆڕەکان بگەڕێین.

ویستم نارەزایی خۆم دەربڕم: "بەڵام..." ئەو گۆڕە دێرینانە لە بەرد داتاشرابوون و ئەستەم بوو بتوانین دەمەکانیان هەڵبدەینەوە.

پیتەر وتی: "قیژە دەمامکی مۆمیایی لە یەکێک لەم گۆڕانەدا شاردۆتەوە. من دڵنیام."

ڕقم هەستا، ئاخر ئەم پیتەرە زۆر کەللەڕەقە: "بەڵام چۆن ناوەکەیان بگەڕێین؟ چۆن ئەو دەمە قورسانەیان بەرز بکەینەوە؟"

لە دەرەوەی هۆڵەکە گوێم لە دەنگێک بوو و ڕامکردە پشت گۆڕێکی مۆمیاییەوە. دەنگی پێ هات. لە تەنیشتی گۆڕەکەوە

سەیرم کرد و دوو پاسەوانم بینی کە بە بەردەم هۆڵەکەدا تێدەپەڕین.

دڵم کەوتە تەپەتەپ. چوونە ناو مۆزەخانەوە بە دزییەوە، تاوانێکی گەورەیە. ئەگەر بیانگرتینایە، هیچ کەس باوەڕی نەدەکرد کە هاتووین لە ناو گۆڕێکی مۆماییدا بە شوێن دەمامکی مۆمیاییدا بگەڕێین. تەواو تووشی کێشە دەبووین. ئێمە هەر ئێستایش تا گەردنمان لە کێشەدا نقووم بووین. باوەڕ ناکەن؟ هیچ کێشە و دەردیسەرییەک لەوە گەورەتر هەیە کە ماڵەکەت و دایک و باوکت لە پڕێکدا ون ببن؟

لەسەر زەوییەکە هەستامەوە و ڕۆیشتم بەرەو لای گۆڕی مۆمیاییەکە و بە هەردوو دەست دەمەکەیم گرت. زۆر لەوە ساردتر بوو کە چاوەڕێم دەکرد، لە لایەکییەوە وێنەی سەری فیرعەونێک هەڵکۆڵرابوو. چاوەکانی گلێنەیان نەبوو و لایەکی سەری لێکرابوویەوە. دەمویست دەمی گۆڕەکە بەرز بکەمەوە، بەڵام بۆ ساتێک ڕاوەستام. مۆمیایی بەلای زۆرێکەوە سەرنجڕاکێشە و ئەم چوار مۆمیاییە، زۆرترین هەواداریان هەیە لە مۆزەخانەکەدا.

من زۆر حەزم بە مۆمیایی نییە. واتا هەرچییەک بێت ئەمانە کەسانی مردوون، ئەو مردووانەی کە چەند هەزار ساڵە لە نێو گۆڕ و پەتی تێوەپێچراودا خەریکن دەرزێن و بۆگەن دەکەن.

بە خۆمم وت، زۆرباشە مۆنیکا، تۆ دەتوانی بەرزی بکەیتەوە و لێواری دەمەوانە بەردینە قورسەکەم توند گرت، هەموو هێزی خۆم کۆکردەوە، قاچم لە زەوییەکە گیر کرد.

دەمەوانەکەم بۆ سەرەوە بەرز کردەوە.

باوەڕم نەدەکرد، دەمەوانەکە زۆر بە ئاسانی بەرز بوویەوە. لەدەستم بەربوو، خزا و هیچی وای نەمابوو لەولای گۆڕەکەوە بکەوێتە سەر زەوی.

هاوارم کرد: "نا!" نەدەبوو بهێڵم بکەوێت و دەنگەدەنگ دروست بکات.

لە جێگەی خۆم بەرز بوومەوە و ویستم بە هەردوو دەست بیگرمەوە. دەستم پێی نەگەیشت و بە سەردا کەوتمە ناو گۆڕی مۆمیاییەکەوە.

## ٢١

"واییی!" بە دەمدا کەوتم بەسەر مۆمیاییەکەدا. یەک جار بەرز بوومەوە و دەموچاوم چوو بە ناو پەتی ڕزیو و بۆگەنی سینەی مۆمیاییەکەدا.

سەرم بەرز کردەوە و ناڵەیەک لە دەممەوە دەرچوو. پەڕۆی مۆمیاییەکە وشک و زبر بوو و دەموچاومیان تووشی خوران دەکرد. بۆگەنی لاشە دێرینەکە لووتمی پڕکرد و دڵم بە یەکدا هات. بەزۆر خۆم ڕاگرت تا ئەوەی خواردبووم نەیهێنمەوە. لەگەڵ هەر هەناسەیەکدا بۆنی ترشاوی هێرشی بۆ دەهێنام. بەسەر مۆمیاییەکەدا کەوتبووم. وەک ئێسقان پتەو بوو. زۆر بچووک بوو، بە ئەندازەی منداڵێک. سەرە پێچراوەکەی لە گلۆپێک گەورەتر نەبوو.

ئەو پەڕۆیانەی چاوەکانیان پێ بەستبوو، چووبوونە ناو قووڵایی کاسەی چاوەکانییەوە و قیری وشکەوەبوو، پەڕۆکانی دەوری ملیان ڕەش کردبوو.

بۆگەنەکەی تووشی هێڵنجدانی دەکردم. لووتم گرت و هەوڵمدا بە دەم هەناسە بدەم.

بە پارێز و بە زەحمەت خۆم خستە سەر لا. مۆمیاییەکە لەژێر مندا جووڵایەوە.

یاااااااااع.

سەیری سەرەوەم کرد، دەمی گۆڕەکە کەمێک خزا بوو و لەسەر لێواری گۆڕەکە لاچووبوو. بە زەحمەت خۆم بەرز کردەوە و دانیشتم. توند لێواری دەمەوانە بەردینەکەم گرت. ویستم خۆم بە دەمی گۆڕەکەوە هەڵبواسم و خۆم لەناو گۆڕەکە بکێشمە دەرەوە.

بەڵام هەر کە دەمەوانەکەم گرت، گوێم لە دەنگی خشانی بەرد لەسەر بەرد بوو. ڕێک لەو کاتەدا بۆم دەرکەوت کە دەمی قورسی گۆڕەکە خەریکە بەردەبێتەوە بۆ ناو گۆڕەکە.

هەر ئێستا لەژێر ئەو تاشەبەردەدا پان دەبمەوە.

سووڕام و لە دەمەوانە بەردینەکە دوور کەوتمەوە. بە هەردوو دەست چنگم لە لێواری گۆڕەکە گیر کرد، تەکانێکم بە جەستەم دا و خۆم هەڵدایە دەرەوە.

ڕێک لەو کاتەدا دەمەوانەکە بە دەنگی بەرز کەوتە ناو گۆڕەکەوە، من خۆم ڕزگار کرد.

دەنگی کەوتنی تاشەبەردەکە ژوورەکەی لەراندەوە.

تلێکم دا، خۆم لە گۆڕەکە دوور خستەوە و لەبەردەم ماکێتی هەرەمەکەدا ڕاوەستام. ماوەیەک هەر لەوێ لەسەر زەوییەکە پاڵکەوتم تا هەناسەم بێتەوە سەر خۆی. جلەکانم بۆگەنی ترشاویی مۆمیاییان گرتبوو. لە ناوەوە، دەمامکی مێرووەکەم توند گرت و ڕامکێشا. دەمویست دایبنێم. دەمویست هاڵۆوین تەواو ببێت. دەمویست لەو مۆزەخانەیە کە شوێنی ئێمە

نەبوو، بچمە دەرەوە، حەزم دەکرد لە ماڵە دڵنیاکەی خۆمان لای دایک و باوکمەوە بم.

دایک و باوکم.

بیرکردنەوە لەوان بیری خستمەوە کە بۆچی نابێ ئەو دەمامکە لە دەموچاوم بکەمەوە. هەستامە سەرپێ و ئەو هەموو خاک و خۆڵەی بە جلەکانمەوە نووسابوو، تەکاندم و سەیرێکی چواردەوری خۆمم کرد.

بانگی پیتەرم کرد.

چاوەکانم بە چواردەوری ژوورەکەدا گێڕا و لە گۆڕێکەوە چوون بۆ سەر گۆڕێکی تر. "پیتەر؟ لەکوێی؟"

وەڵامی نەدایەوە.

هەستێکی ناخۆش کەوتە ناو دڵمەوە. "بەسە پیتەر، خۆت بێتام مەکە، دەبێ لێرە بڕۆینە دەرەوە. پیتەر؟ لەکوێی؟"

لەگەڵ هەر وشەیەکدا کە لە دەممەوە دەردەچوو، دەنگم گڕتر دەبوو. ئێستا ئیتر هاوارم دەکرد: "پیتەر؟ تکا دەکەم! پیتەر؟"

ون بووبوو.

## ٢٢

نە دەمتوانی لە جێگەی خۆم بجووڵێم، نە دەمتوانی هەناسە بدەم. لە دەرەوەی هۆڵەکە دەنگە دەهات.
خۆم خزاندە پشتی هەرەمەکەوە و گوێیەکانم تیژ کردنەوە.
لە تەنیشت هەرەمەکەوە سەرم دەرهێنا و بەدزییەوە سەیرم کرد، هەمان ئەو پاسەوانە ڕەشپۆشانەم بینی کە بە بەردەم هۆڵەکەدا تێدەپەڕین، سەریان ڕادەوەشاند و پێدەکەنین.
بە هێواشی بانگم کرد: "پیتەر؟"
تاوێک دواتر گوێم لە هاواری بوو: "دۆزیمەوە!" کاتێک لە ناکاو سەری لە نێو یەکێک لە گۆڕەکانەوە دەرهێنا، لە ترسان قیژاندم. دەستی بەرز کردەوە.
دەستێکی بەرز کردەوە و دەمامکە مۆمیاییەکەی لە هەوادا ڕاوەشاند.
"یارمەتیم بدە." ئەمەی وت و دەستی لە دیواری گۆڕەکەوە هێنایە دەر.
پیتەر دەمامکەکەی بەرز کردەوە و من دەستم لێدا، وەک لاستیک بوو. چاوەکانی بەقووڵاچوو و پەڕۆ تێوەپێچراوەکانی دڕاو و پڕ لە پەڵە بوون.
توند دەستیم گرت و یارمەتیم دا بێتە دەرەوە.

پیتەر وتی: "دەمزانی لێرەیە." و بە دەستەکەی تری مشتی لە هەوا دا.

- منت کوشت لە ترسان.

- لە بەرانبەردا دەمامکەکەمان دۆزیی...

قسەکەی بڕی. هەردووکمان لە دەرەوەی هۆڵەکە گوێمان لە دەنگەدەنگ و تەپەی پێ بوو.

لە دڵی خۆمدا وتم، پاسەوانەکان خۆ تازە بێرەدا تێپەڕین، ئەی ئەمانە کێن؟

ڤیژە؟

"خێراکە پیتەر. دەمامکەکەم بۆ هەڵدا و وتم: "نۆرەی تۆیە، بیکەرە دەموچاوت."

دەمامکەکەی بە هەردوو دەستی گرت و هێنایە نزیکی دەموچاوییەوە... هەر لەوێدا وشک بوو.

دەنگی پێیەکان بەرزتر و نزیکتر بوونەوە. بە هێواشی وتم: "پیتەر... خێراکە!"

"ئاخر... ناتوانم." دەموچاوی بە ڕقەوە گرژ کرد و وتی: "ئەم دەمامکە پڕە لە خۆڵ، خۆڵی مۆمیایی. بۆنی... بۆنی مردووی لێ دێت."

"گرنگ نییە بە لامەوە!" دووبارە دەمامکەکەم لە ڕووخساری نزیک کردەوە و وتم: "بیکە دەموچاوت. خێراکە پیتەر!"

دەستی کرد بە بۆڵەبۆڵ: "ئاااااهـ."

سەیری ناو دەمامکەکەی کرد. لەبەرخۆیەوە وتی: "ئاخر... بێزم لێی دێتەوە."

بەڵام دەمامکەکەی بەرز کردەوە... هەر ڕێک لەو کاتەدا کە ئەو دوو پاسەوانە لەپڕدا خۆیان کرد بە هۆڵەکەدا.

## ٢٣

کاتێک ئێمەیان بینی، چاوەکانیان زەق بوونەوە و یەکێکیان بە تووڕەییەوە هاواری کرد: "ڕاوەستن! هەر لەوێدا ڕاوەستن! نەجووڵێن!"

هاوڕێکەی وتی: "ئەو دووانەتان چۆن گەڕانەوە بۆ ئێرە؟"

خێرا هاتن بەرەو لای ئێمە. دەستەکانیان ئامادە لە تەنیشت جەستەیانەوە بوو، دەتوت چاوەڕێی ئەوەن شەڕ و لێدان ڕوو بدات.

بە زمانگرتنەوە وتم: "ئاخ... ئـ..ئێمە... لە ئاهەنگی مۆمیاییەکەدا بووین، نەمانتوانی ڕێگەی چوونە دەرەوە بدۆزینەوە، پاشان..."

هەردووکیان لەسەر زەوینیی مەڕمەڕیی هۆڵەکە تەپەتەپ دەهاتن بەرەو لای ئێمە. یەکێکیان وتی: "باشترە ڕاستییەکەی بڵێن. خراپ تووشی کێشە بوون."

ئەوەی تریان وتی: "چوونە ژوورەوەی بێمۆڵەت بۆ شوێنە دەوڵەتییەکان تاوانێکی قورسە."

ئاوڕم دایەوە بۆ لای براکەم. دەموچاوی لە ترسان کۆکردبوویەوە. لەناکاو قیژەیەکی کرد و دەمامکە مۆمیاییەکەی کردە دەموچاوی.

ڕووناکییەکی سپیی بەهێز بریسکەی دایەوە و هاواری ڕ...
چوو بە ئاسماندا.
چاوەکانم داخستن، بەڵام ڕووناکییەکە کز نەبوو. بەهێزتر و...
بەهێزتر بوو. تا ئەو جێیەی کە وا هەستم کرد هەر ئێستا...
ئێستا سەرم دەتەقێتەوە.
پاشان، تاریکییەکی پەتی. ڕەشتر لە ڕەشایی.
وردە وردە چاوەکانم کردنەوە. هۆڵی مۆزەخانەکە ون...
بووبوو و من خەریکبووم سەیری ئاسمانی هەوریی...
سەرەودم دەکرد.
ماوەیەکی زۆری پێچوو تا بۆم دەرکەوت بە پشتدا لەسەر
شتێکی پان و پتەو ڕاکشاوم. ئاسمانی بان سەرم تاریکتر
بوو. دەتوت هەورەکان سات لە دوای سات زیاتر دەهاتە
خوارەوە تا بمخنکێنن.
بە دەنگێکی خنکاوەوە وتم: "پیتەر؟"
ئاورم دایەوە و بینیم لە نزیک منەوە لەسەر زەوییەکە
خەوتووە. دەموچاوی لە پشتی دەمامکەکەوە شارابووبەوە.
ئەویش بە پشتدا لەسەر شتێکی وەک دەستەبەرەی دارین
خەوتبوو. لەبەر خۆمەوە وتم: "لەکوێین؟ ئەم دەمامکە..."
وتم: "دەبێت دەمامکە مۆمیاییەکە ئێمەی هێنابێ بۆ ئێرە. هەر
جارێک کە دەمامکێک دەکەینە دەموچاومان، ئەو دەمامکە...
ئەو..."

وشەکان لە قورگمدا گیریان خوارد. تازە زانیم کە دەستەکانمیان بە تەناف بەستۆتەوە. نەمدەتوانی لەسەر ئەو دەستەبەرە دارینە هەڵبسمەوە. نەمدەتوانی خۆیشم هەڵدەمە خوارەوە.

سەیری پێشەوەی خۆم کرد. من و پیتەر لە ناوەڕاستی دوو ریز پیاوی سپیپۆشدا ڕاکشابووین و ڕیزی سپیپۆشەکان تا چەند کیلۆمەتر درێژەی هەبوو.

هەموویان سەریان تاشرابوو و سەری ڕەشیان لەژێر رووناکییەکی ناحەز و ترسهێنەردا کە لە پشت هەورەکانەوە بەرەو خوارەوە شۆڕدەبوویەوە، دەبریسکایەوە.

هەموویان گۆرانییان دەچڕی و بە یەک دەنگ یەک نۆتەیان دەوتەوە. زیاتر لە نەڕەنەڕ دەچوو تا گۆرانی. لەگەڵ ئەو گۆرانییەدا، بەردەوام سەریان بەرز و نزم دەکردەوە.

لە تاریکیدا سەیری تەلارێکی بەردینی بەرز و ڕەنگ پرتەقاڵیم کرد کە لە دوورەوە سەری دەرهێنابوو. پەیکەری زەبەلاحی پشیلەیەک لە تەنیشت تەلارەکەوە دانرابوو و سەکۆیەکی سەوزیشم دەبینی کە لە پشتییەوە بڵێسەی بەرزی ئاگر بەرز دەبوویەوە.

بە خۆمم وت، دەبێت کڵێسا یان پەرستگە بێت. ئەو فیلمە مۆمیاییەی کە جارێکیان من و پیتەر بینیمان، لەمانەی تێدابوو.

لەسەر دەستەبەرەکەوە سەیری خوارەوەم کرد. ژێرمان لم بوو. ئاورم دایەوە... و لە ئاسۆدا شێوەیەکی ئاشنام بینی، هەرەم.

- پیتەر پێم وابێ دەمامکەکە ئێمەی هێناوە بۆ میسر. واتا میسری دێرین.

- دەبێ لێرە برۆین.

چەند پیاوێکی کەچەڵی سپیپۆش لە چواردەورمان کۆبوونەوە. هەموویان چاوی بەقووڵاچوو و ڕەشیان هەبوو و برۆکانیان تاشیبوو.

شەش کەس لەوان لێواری دەستەبەرەکەی منیان گرتبوو و لەسەر لمەکە بەرزیان کردەوە. ماسوولکەی بازوویان دەلەرییەوە. سەیری ئێمەیان نەدەکرد. ڕوویان ڕاستەوخۆ لە پێشەوە و لە پەیکەری زەبەلاحی پشیلەکە بوو.

دەنگی ورتەورتیان بەرزتر بوویەوە. دەتوت یەک ملیۆن هەنگ پێکەوە ویزەویز دەکەن.

پیاوەکان دەستەبەرەکانی ئێمەیان خستە سەر شانیان و بە ناوەڕاستی ڕیزی بێکۆتایی میسرییە سپیپۆشەکاندا بەڕێکەوتن.

هاوارم کرد: "دامانگرنە سەر زەوی! لە زمانی من تێدەگەن؟دامانگرنە سەر زەوی."

ئەو پەتەم ڕاکێشا کە دەستمیان پێ بەستبوویەوە.

کەس گوێی بە من نەدەدا، هەروا سەیری ڕووبەڕوویان دەکرد و بە هەنگاوی پتەو و هاوئاهەنگ دەچوونە پێشەوە.
دووبارە هاوارم کرد: "دامانگرنە خوارەوە!"
ئاسمان تاریکتر بوو. لەو ڕووناکییە کەمەدا لە پەرستگەی ئاگرینی بەردەم دیوارەکە ڕامام. دوو پیاوی باڵابەرز، بە کڵاوی سپی و درێژەوە، لە تەنیشت یەکەوە ڕاوەستابوون و چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد. کراسی درێژی شین و بریقاوییان لەبەردا بوو و زێڕ و زیوی سوور و گەورەیان کردبووە ملیان.
لەبەر خۆمەوە وتم: "دوو قەشە."
ویزە ویزی سپیپۆشەکان لە گوێمدا دەزرینگایەوە. حەزم دەکرد گوێیەکانم بگرم تا ئەو دەنگە ترسناکانە نەبیستم. دەموچاوەکان یەک بە یەک، بە بەرچاومدا تێدەپەڕین. وەختێک من و پیتەر بە دەستی بەستراوەوە بە بەردەمیاندا دەڕۆیشتین، بە چاوەکانیان شوێنمان دەکەوتن.
بۆنێکی سەیر بەر لووتم کەوت. هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا. هەناسەیەکی تر. بۆنێکی توند لووتی پڕکردم. چەند چرکەیەکی پێچوو تا ئەو بۆنەم ناسییەوە.
قیر.
کاتێک گوێم لە ژاوەژاوی ئەو دەنگە گڕانە دەبوو، حەزم دەکرد هاوار بکەم. ئەو دەموچاوانە، ئەو ڕووخسارە شێلگیرانە. ئەو چاوە ساردو سڕانە.

کاتێک من و پیتەر لە پەرستگەکە نزیک بووینەوە، ئەو دوو قەشە شینپۆشە هاتنە پێشەوە. کڵاوە لوولەکییەکانیان ڕێک چووبوو بە ئاسماندا. بەهۆی ئەو بۆنە توندەوە چاوەکانم ئاویان تێزا. ڕووم وەرگێڕا و لە تەنیشت پەرستگەکەوە چاوم بە شتێک کەوت.

قازانێکی خڕی زەبەلاح. وەک ئەو مەنجەڵانەی جادووگەرەکان هەیانە. بەڵام پێنج هێندە گەورەتر و لەناو مەنجەڵەکەدا، قیریان دەکوڵاند. بەڵێ، قیرێک کە قووڵپی دەدا و هەڵمی لێ بەرز دەبوویەوە.

من و پیتەریان دەبرد بەرەو لای مەنجەڵە قیرە لەکوڵەکە.

"وای، نا." ناڵەیەک لە گەروومەوە هاتە دەرەوە و سەرتاپام لە ترسان لەرزی.

دواجار لە ناکاو هەموو ئەو فیلمە ترسناکانەی کە بینیبووم، هەموو ئەو فیلمە مۆمیاییانەی سەیرم کردبوون، هاتنە بەرچاوم و تێگەیشتم بۆچی ئێمە بۆ ئەو پەرستگەیەی میسری دێرین دەبەن.

بڕیار بوو مۆمیایی بکرێین. هەر بەزیندوویی مۆمیاییمان بکەن.

## ٢٤

نزیکتر بووینەوە. ئێستا دەنگی قرچەقرچی ئاگری پشت پەرستگەکەیشم دەبیست. یەک دنیا قوماش لە گۆشەیەکی سەکۆکە لەسەر یەک دانرابوو. قوماش بۆ داپۆشینی قیر؟ بۆ پێچانەوەی جەستەی لە قیرهەڵکێشراوی من و پیتەر؟

لە ترسان، هەموو شتێک و هەموو جێیەک لەبەر چاومدا تاریک بووبوو. پەرستگەکە، ئەو قەشە چاوەڕوانانە، زێڕو زیوەرەکانی ملیان، ڕیزی ئەو پیاوانەی کە ورتەورتیان دەکرد.

قازانی قیرەکە قووڵپەقووڵپی دەکرد و قیری داغ لەسەر ڕووەکەی قووڵپ و شەپۆلی دەدا.

ئاوڕم دایەوە بۆ لای پیتەر تا بزانم ئەویش بۆی دەرکەوتووە بڕیارە چ بەڵایەکمان بەسەر بێت؟

دەموچاوی لە پشت دەمامکەکەوە بوو و نەمدەتوانی ڕووخساری ببینم. ئەو دەمامکە مۆمیاییە شەیتانییە ئێمەی هێنابوو بۆ ئێرە، لەم دۆخە ترسناکەدا.

دەنگی ورتەورتی پیاوەکانی پشت سەرمان هێواشتر و دەنگی قرچەقرچی ئاگر بەرزتر بوویەوە.

ئێستا لەژێر سێبەری پەیکەری زەبەلاحی پشیلەکەدا بووین
لە نزیکەی شێوەی بوونەوەرێکی دڕندەی هەبوو. زیاتر ل
پڵنگ دەچوو تا پشیلە.

قەشەکان هاتنە پێشەوە. لەکاتی ڕۆیشتندا جلەکانیان
خشەخشی دەکرد.

دەستەبەرەکەی من و پیتەر لە پڕێکدا ڕاوەستا. پیاوەکان
پەتەکانیان لە دەستمان کردەوە و ئامادە بوون تا ئێمە لەسەر
زەوییە لمینەکە دابنێن.

فشارم لە مێشکم کرد تا هێندە وەک فرفرۆکە نەخوولێتەوە.
دەبوو بیرکردنەوەم چڕ بکەمەوە. دەبوو بیر بکەمەوە چۆن
دەتوانین ڕابکەین؟

هیچ شتێک بە مێشکمدا نەدەهات.

ئەو دوو پیاوە پیتەریان لەسەر دەستەبەرەکەی بەرزکردەوە.
لەسەر قاچەکانی دایانگرتە خوارەوە. توند هەردوو قۆڵیان
گرت و ناچاریان کرد بڕوات بەرەو لای قەشەکان.

پیتەر پێچی دەخوارد و هەوڵی دەدا. هەوڵی دەدا جەستەی
ڕاتەکێنێت و خۆی لە دەستی پیاوەکان بهێنێتە دەرەوە. بەڵام
هێزی ئەوان زۆر زیاتر بوو.

هاواری کرد: "مۆنیکا! یارمەتیم بدە!" چاوی لەسەر مەنجەڵە
قیرەکە بوو. زانیبووی بڕیارە چی ڕووبدات.

- مۆنیکا! مەهێڵە ئەم کارە بکەن! ڕێگەیان لێ بگرە!

قەشەکان لە پێشترەوە کەوتنە ڕێ و چوون بەرەو لای مەنجەڵەکە.

پەرستگەکە بێدەنگ بوو. ئیتر هیچ دەنگێک لەو ڕیزە دوورودرێژەی نزاخوێنەکانەوە نەدەهات. ئەو ناوە بە ئەندازەیەک بێدەنگ بوو کە من تەنانەت دەنگی جووڵەی بام بەسەر لمەکانی بیاباندا دەبیست.

پیاوەکان پیتەریان توند لە جێگەی خۆی ڕاگرت.

پیتەر لەقەیەکی بەهێزی لە قوولەپێی یەکێکیان وەشاند، بەڵام پیاوەکە هیچ بەسەر خۆی نەهێنا؛ نە هاواری کرد، نە جووڵایەوە.

پیتەر هەروا پێچی دەخوارد و خۆی ڕادەتەکاند. پیاوەکانیش توند گرتبوویان.

قەشەکان چوونە بەردەم مەنجەڵی قیرە کوڵاتووەکە. تۆپەڵی هەڵم دەوروبەری مەنجەڵەکەی گرتبوو. بۆنی تیژی قیر چاوەکانمی دەکزاندەوە و فرمێسک بەسەر ڕوومەتمدا هاتە خوارەوە.

قەشەکان زێڕ و زیوە سوورەکانیان لەبەردەمیاندا ڕاگرت و ئەمبەراوبەریان پێ دەکردن. بە دەنگێکی گڕ، کۆمەڵێک وشەی سەیریان دەوت.

پیتەر هاواری کرد: "بەرمدەن! مافی ئەوەتان نییە ئەم کارەم لەگەڵ بکەن! ئێمە خۆ خەڵکی ئێرە نین! ئێمە خەڵکی ئەمریکاین!"

قەشەکان هەر نەتدەوت کە پیتەر لەوێ ڕاوەستاوە و بەسەریاندا هاوار دەکات، زێڕ و زیوەکانیان ئەمبەراوبەر پێ دەکرد و نزایان دەخوێند.

ئەوسا یەکێک لەوان بە هەردوو دەستی ئاماژەی بە مەنجەڵەکە کرد.

پیاوەکان پیتەریان لەسەر زەوییەکە بەرز کردەوە.

دەمزانی دەبێت کارێک بکەم. تەنها چەند چرکەیەک کاتم هەبوو.

پیاوەکان پیتەریان خستە سەر مەنجەڵەکە.

زانیم کە ئیتر درەنگ بووە. لەبەر ترسی زۆر، ناڵەیەکی درێژ لە گەرووم هاتە دەرەوە.

درەنگ بوو بوو.

## ٢٥

پیاوەکان پیتەریان بەسەر مەنجەڵە قیرە کوڵاتووەکەوە ڕاگرتبوو و قاچەکان یەکبینە لنگەفرتێیان دەکرد، چەند سانتیمەترێک لە قیرەکەوە دووربوون. داماوە پێچی دەخوارد، خۆی ڕادەتەکاند، هاواری دەکرد و دەپاڕایەوە.

هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و هەڵلەرزیم.

ڕەنگە... ڕەنگە بتوانم کارێک بکەم...

تەنانەت بەرنامەشم بۆ دانانەنابوو. تەنها لە پڕێکدا خۆم هەڵدایە پێشەوە. وابزانم دوای ئەو هەموو ڕاهێنانی جیمناستیکە، بە شێوەیەکی ئاسایی دەمتوانی ئەم جووڵانە بکەم.

خێرا خۆم خستە سەر دەستەکانم و لەسەر لێواری دەستەبەرەکە دانیشتم.

پاشان بۆ پێشەوە و بەسەر سەری ئەو پیاوانەدا کە منیان گرتبوو سەرمەقولاتێکم دا.

بە قورسی کەوتمە سەر لمەکان. بازێکم هەڵدا بۆ پێشەوە و سەرمەقولاتێکی ترم دا. خۆم هەڵدا بۆ ئاسمان و بە هەردوو پێ لەسەر سینەی یەکێک لە قەشەکان هاتمە خوارەوە.

تەواو واقی وڕما و دەنگێکی خنکاو لە گەروویەوە هاتە دەر.

کاتێک لێدانەکەی من هاوسەنگیی تێکدا و هەڵیدایە دواوە، دەمی لە سەرسامیدا کرایەوە.

لەسەر پێیەکانم خۆم گرتەوە و تەماشای دیمەنی تلخواردن و کەوتنیم کرد بۆ ناو مەنجەڵی قیرەکە.

لە پشتەوە شڵپ کەوتە ناو ئەو شلە خەستوخۆڵ و چەسپناکەوە و قیر لە لێوارەکانی مەنجەڵەکەوە سەرڕێژ بوو.

دەنگی هاوارێکی تۆقێنەر لە مرۆڤەکانی ناو پەرستگەکەوە بەرز بوویەوە و هەموویان کەوتنە سەر دەست و پێ. ئەو پیاوانەی کە پیتەریان گرتبوو، ئەویان داگرتە سەر زەوییەکە و بەسەر مەنجەڵە قیرەکەدا نووشتانەوە و چنگیان لە جلەکانی قەشەکە گیرکرد کە هاواری دەکرد.

ئەو قەشەیەی تر کە حەپەسابوو، چوار دەست و پێ کەوتە سەر زەوی. چاوەکانی داخستن و دەستەکانی بەرەو لای پەیکەری زەبەلاحی پشیلەکە درێژ کرد.

پیاوە سپیپۆشەکان هێرشیان هێنا تا قەشەکە لەناو مەنجەڵە قیرەکە بهێننە دەرەوە.

دەستی پیتەرم گرت و وتم: "وەرە با بڕۆین."

## ٢٦

هەستاین و وەک با ڕامانکرد.
من کەوتمە پێشەوە و بەرەو بەشی دەرەوەی پەرستەگەکە ڕامکرد. ئاوڕم دایەوە و سەیرێکی پشتی سەرم کرد. پیاوە سپیپۆشەکان هێشتا بەسەر مەنجەڵەکەدا نووشتابوونەوە و هەوڵیان دەدا.
بە تەنیشت دیواری پەرستگەکەدا توند ڕامانکرد تا گەیشتینە بەشی پشتەوە. کەس دوامان نەکەوتبوو.
ڕاوەستاین و چاومان گێڕا. تا چاو بڕکا هیچ شتێک جگە لە لم بوونی نەبوو. لە پشتی پەرستگەکەوە دەتوت بیابان تا کۆتایی دنیا درێژەی هەیە.
پیتەر دەستەکانی خستنە سەر ئەژنۆکانی و بە هەناسەبڕکێوە لە پشت دەمامکەکەوە بە دەنگێکی خنکاو وتی: "وایی! نزیک بوو!" پاشان قاچێکی بەرز کردەوە و وتی: "سەیرکە قیر بە بنی پێڵاوەکەمەوە نووساوە."
بێزم هاتەوە و وتم: "ئیتر نامەوێ بیری لێ بکەمەوە. ئێستا چی بکەین؟ چۆن بگەڕێینەوە بۆماڵەوە؟"
ئاسمان تاریک و هەوا ساردتر بوو. لمەکان لەسەر زەوی بەرز بوونەوە و وەک شەپۆلی ئۆقیانووس کەوتنە جووڵە.

بایەکی بەهێز هەڵیکرد و مشتێک لمی کرد بە دەموچاومدا. وەک وردە شووشە تیژ بوو. هاوارم چوو بە ئاسماندا. با دەیلووراند و لمەکانی وەک شەپۆل لەسەر زەوی بەرز دەکردەوە. من و پیتەر هەردوو دەستمان خستە سەر سەرمان. با لمەکانی گسک دەدا و دەیکردن بەسەر ئێمەدا. هەستم دەکرد لە هەزار جێوە پێستم بڕاوە و بە زەحمەت هەناسەم دەدا. شەپۆلێکی بەرزی لم کەوت بەسەر سەرمدا و وەک تۆپ درام بە دیواری پەرستگەکەدا. چاوەکانم هیچ شوێنێکیان نەدەبینی، تەنها دەنگی گڤەی با و بەرکەوتنی لمەکانم دەبیست.

پاشان... بێدەنگی.

زریانی لم هەروا کە لەناکاو دەستی پێکردبوو، لەناکاو ڕاوەستا. بەدوای یەکدا چەند هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و لمەکانم لەسەر جلەکانم تەکاند.

پیتەر مات و حەیران ئاوڕی دایەوە بۆ لای من و سەری ڕاوەشاند. یەک دنیا لم لەژێر دەمامکەکەیەوە هاتنە دەرەوە و بە چواردەوریدا بەربوونەوە. لەبەر خۆیەوە وتی: "بە تەواوی زەندەقم چوو بوو."

سەیرێکی دیواری پەرستگەکەم کرد. سەیرە! ڕاوەستە بزانم، ئەم دەرگایە پێشتریش هەر لێرە بوو؟

لە دەرگاکە و ڕیزێک پەنجەرەی تەنیشتییەوە ڕامام. تابلۆکەیم خوێندەوە: دەرگای تایبەت بە خزمەتگوزارییەکان.

لە دیوارەکە دوورکەوتمەوە و قیژاندم: "پیتەر... سەیرکە!"
زانیم لەکوێین: "پیتەر، گەڕاینەوە بۆ مۆزەخانەی مێژوو."
ماوەیەک هەر لەوێدا ڕاوەستاین تا هەناسەمان ئاسایی ببێتەوە. دواجار زمانی پیتەریش کرایەوە: "گەڕاینەوە... دوو دەمامکیشمان پێیە."
ئاخێکم هەڵکێشا و وتم: "زۆریش ئاسان نەبوو. چاوەکانم هێشتا بەهۆی ئەو زریانی لمەوە دەکزێنەوە و بریندار بوون. بۆنی ئەو قیرە کولاوەیش هێشتا لە لووتم دەرنەچووە."
پیتەر پێڕستی دەمامکەکانی لە گیرفانی دەرهێنا: "دەبێ بەردەوام بین. بێگومان زۆر لە شەو تێپەڕیوە." ئەمەی وت و پێڕستەکەی خوێندەوە: "دەمامکی دواتر گورگی بەفرینی هیمالیایە."
زەق زەق سەیرم کرد و وتم: "گورگی بەفرینی هیمالیا؟ لە پۆلدا لەبارەیەوە خوێندوومانە. لە چیای هیمالیا دەژی."
پیتەر پرسی: "ئەوێ دوورە؟"
وابزانم دەیویست گاڵتەم لەگەڵ بکات. وەڵامم دایەوە: "گورگە بەفرینەکان لە لووتکە پڕ لە بەفرەکاندا دەژین. ئێمە خۆ لێرە لووتکەی پڕ لە بەفرمان نییە. ئەم شارەی ئێمە چیای هەر لێ نییە."
- کەواتا... قیژە دەبێ لەکوێ دەمامکی گورگی بەفرینی شاردبێتەوە؟ لە ناوچەی پارێزراو؟
- هێل کریست، شوێنێکی لەو جۆرەی بۆ گورگەکان نییە.

پیتەر بە هەردوو دەست کێشای بە سەری خۆیدا و وتی:

"بیر بکرەوە، بیر بکەرەوە قیژە دەبێ لەکوێ دەمامکی گورگی بەفرینی شاردبێتەوە؟"

لەناکاو بیرێک بە سەرمدا هات.

## ٢٧

"واتا بڕیارە بەم تاریکییە بەمەدا سەر بکەوین؟" پیتەر چیتر ئەو پیتەرە شیتۆکە و بزێو و پڕ لە وزەیە نەبوو. بەم پرسیارەیدا دیاربوو کە بە تەواوەتی ترساوە.

ئاسمانم پیشان دا و وتم: "وەرە، مانگ دەرکەوت. سەیرکە، کوێرە ڕێگەی ژێر پێمانی ڕووناک کردەوە."

پیتەر سەیرێکی سەروو گردەکەی کرد و وتی: "بەڵام ئەم کوێرە ڕێیە بە دەوری گردەکەدا دەسووڕێتەوە. هێندێک شوێنی چاو چاو نابینێ. هاتنە خوارەوەیشی زۆر سەراولێژە."

دام لە شانی و وتم: "ئەمە تەنها گردی بەرزی شارەکەمانە. تەنها تەپۆلکەیەک کە تۆزێک لە کێو دەچێ. تەنانەت ناویشی گردی گورگە!"

- بەڵام ئێمە خۆ دڵنیانیین کە دەمامکەکە لەسەر ئەم گردە بێ. ئەگەر زەحمەت بکێشین و بەم گردەدا سەربکەوین و لەو سەرەوە هیچ دەمامکێک بوونی نەبێ چی بکەین؟

- ئەوسا دەڕۆین شوێنێکی تری بۆ دەگەڕێین.

سەرتاپای بە جۆرێک شل بوو؛ وەک میزەڵدانێک کە فش ببێتەوە.

- بجوولێ پیتەر. بکەوە ڕێ. تۆ خۆ وا نەبووی. ئێستا دەبوو ڕابکەیت و گۆرانی بچڕیت و بەم گردەدا سەربکەوی.

بەدەم ناڵەناڵەوە وتی: "بەڵام ئاخر... ئەم کارە بە تەواوی سەخت و ئەستەمە."

- دیارە کە ئەستەمە، بەڵام ناچارین ئەم کارە بکەین.

بە ئاراستەی با چوومە پێشەوە، سووڕامەوە و بە کوێرە ڕێیەکەدا سەرکەوتم. پێڵاوەکانم بەسەر زیخ و وردە بەردەکاندا دەخزان. ئاوڕم دایەوە و تەماشای دواوەم کرد. پیتەر ڕێک لە پشت سەرمەوە بوو، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا کە دەینا، وردە بەردەکان لەژێر پێیەکانیدا دەردەچوون.

گاڵتەجارییە کە ناوی شارەکەی ئێمەیان ناوە "لووتکەی گرد" ئاخر ئەم شارە وەک لەپی دەست سافە و تەنها چەند تەپۆڵکەیەکی گەورەی هەیە. گردی گورگ بەرزترینیانە و شاری "هیڵ کریست" لەبەردەم گردەکەدا تەواو دەبێت و ئەودیوی گردەکە تەنها زەوینی کشتوکاڵییە. بە ئۆتۆمۆبێل ناتوانی بەم گردەدا سەربکەوی، چونکە جادەی نییە. تەنها توولەڕێیەکی خۆڵی هەیە کە بە دەوری گردەکەدا دەسووڕێتەوە و تا سەر لووتکەکەی دەڕوات.

خەڵکی زۆر حەز دەکەن بەم گردەدا سەربکەون، چونکە دیمەنی شار لەو سەرەوە زۆر جوانە. زستانی ساڵی پار، چەند تازەلاوێکی شێتۆکە بڕیاریان دا لە سەر ئەم گردەوە بە تەختەبەفر و بە خلیسکێنە بێنە خوارەوە و هیچی وای

نەمابوو لەسەر تاشە بەردەکانییەوە بەر ببنەوە خوارەوە.
بەلام بەرلەوەی کەس زیانی بەر بکەوێت پۆلیس گەیشت.
تا زیاتر دەچووینە سەرەوە، وردە بەردەکان دەبوون بە کلۆ
بەرد و بەردی گەورەتر. ئەو نیوە مانگەی لە ئاسمان بوو،
وەک بلاجکتۆر، ڕووناکییەکی کزی دەخستە بەر پێم. بەلام
کوێرەڕێگەکە پێچی دەکردەوە و بەردەوام لە ڕووناکییەکە
دوور دەکەوتەوە. من زۆر ئاگادار بووم لە تاریکیدا سەرسم
نەدەم و نەکەوم بەسەر زەوییەکەدا.
بانگی براکەمم کرد: "پیتەر؟ تۆ باشی؟"
لەژێر لێوەوە شتانێکی وت. کەوتبووە دواوە. ڕاوەستام تا
هەم هەناسەم تازە بکەمەوە و هەم پیتەر پێم بگاتەوە.
با لەسەر گردەکە هەڵیکردبوو و فیکەی لێ دەدا. لەو سەرەوە
هیچ هەواڵێک لە درەخت نەبوو. ئەو گیا بەرزانەی
لەملاوئەولای کوێرەڕێکەوە سەریان دەرهێنابوو، لەبەر بادا
دەشنانەوە و خشەخشیان دەکرد.
ڕێک بەسەر سەرمانەوە، ڕێگەکە بە تاشەبەردێکی باریک
دەگەیشت. پیتەر چەند هەنگاوێک لە من دوورکەوتەوە و لە
تەنیشت تاشەبەردەکەوە سەیری خوارەوەی کرد: "وای
سەیرکە، زۆر هاتووینەتە سەرەوە." ئەمەی وت و چووە سەر
تاشەبەردەکە. لەناکاو دەستەکانی بەرز کردنەوە و هاواری
کرد: "وای، خەریکم دەکەوم، فریامکەوە! خەریکم دەکەوم!"
لە پڕێکدا دلم ڕاوەستا. ڕامکردە پێشەوە و قۆلیم گرت.

پێکەنی و وتی: "گاڵتەم کرد!" و لەسەر تاشەبەردەکە هاتە خوارەوە:
"ویستم کەمێک گاڵتەت لەگەڵ بکەم!"
تووڕە بووم: "بێ تام!"
دڵم هێشتا بەخێرایی لێی دەدا. گاڵتە گەوجانەکەی پیتەر پەستی کردم، بەڵام لە سەرێکیشەوە خۆشحاڵ بووم کە پیتەرەکەی جاران لەبەر دەممدا ڕاوەستابوو. پاڵم پێوە نا و وتم: "بڕۆ سەرەوە. دەبێ تا لووتکەکەی بڕۆین."
چاوەکانی لە پشت دەمامکە مۆمیاییەکەوە سەیریان کردم: "تۆ بەڕاستی دڵنیای کە دەمامکی گورگ لەو سەرەوەیە؟"
شانەکانم هەڵتەکاند و وتم: "خوا دەیزانێ. من تەنها وا بیر دەکەمەوە ئەگەر لە جێی قیژە بوومایە، لەوێدا دەمشاردەوە."
بە تەنیشتیدا تێپەڕیم، چوومە پێشەوە و درێژەم بە سەرکەوتن دا. کوێرەڕێکە پێچێکی تەسکی دەکردەوە و سەرەولێژییەکەی قورستر دەبوو.
کلۆ بەردەکان لەژێر پێمدا دەردەچوون و لەسەر تەپۆلکەکەوە بەردەبوونەوە خوارەوە. هیچی وای نەمابوو بکەومە ناو درزێکی قووڵەوە. قووڵەپێم سووڕا و ڕاوەستام تا ئازارەکەی نەمێنێت. دووبارە کەوتمەوە ڕێ.
نزیکی دە خوولەکی تریش چووینە سەرەوە.
ئاوڕم دایەوە بزانم حاڵی براکەم چۆنە: "پیتەر!"

هەستم کرد زەوی لەژێر پێمدا دەجوولێتەوە. یەک چرکەی پێچوو تا زانیم پێڵاوەکانم لەسەر بەردە لەقەکانی کوێرەڕێیەکە دەخزێن. لەترم دا، خۆم بەکێش کرد بۆ دواوە و هەوڵم دا هاوسەنگیی خۆم بپارێزم... بەڵام پێڵاوەکانم خزان و لە کوێرەڕێیەکە چوونە دەرەوە... پێیەکانم لەژێرمدا دەرچوون.

لە تەنیشت تاشەبەردەکەوە کەوتمە خوارەوە.

بەدەم هاوارەوە کەوتمە خوارەوە.

## ٢٨

توند کەوتم بەسەر لێواری تاشەبەردەکەی خوارەوەدا. بەسەر دەمدا کەوتم بەسەر بەردەکەدا و دەنگم لێ برا. لەپی دەستەکانم تەپ کەوتن بەسەر ڕووی بەردەکەدا و ئەمە بووە هۆی ئەوەی سەرم بەر تاوێرەکە نەکەوێت. هەموو ئەو هەوایەی لە سییەکانمدا بوو، لەگەڵ دەنگێکدا هاتە دەرەوە. خەریکبوو بخنکێم و هەوڵم دا سییەکانم پڕ بکەمەوە لە هەوا. بە یارمەتیی چوارپەلەکانم هەستامەوە و دواجار هەناسەم بۆ باری ئاسایی گەڕایەوە. چاوەکانم داخستن تا دنیا بە دەوری سەرمدا نەسووڕێتەوە.

دەنگی پیتەر بەسەر سەرمەوە هات. لەو سەرەوە نووشتابوویەوە و بانگی دەکردم.

دەستم بۆ ڕاوەشاند و هاوارم کرد: "من باشم!"

سەیری چواردەوری خۆمم کرد. لە شوێنێکی زۆر بەرزەوە بەرنەبووبوومەوە. لەسەر تاشەبەردێکی پان گیرسابوومەوە. تاشەبەردێکی تەخت کە لەژێر تریفەی مانگدا سپی دەردەکەوت.

لە تاریکیدا بە زەحمەت چاوەکانم کردنەوە و لەولای تاوێرەکەوە، کوێرەڕێیەکەم بینی. دووبارە دەمتوانی بگەڕێمەوە سەرەوە بۆ لای پیتەر، کارێکی سەخت نەبوو.

لەسەر هەردوو پێم ڕاوەستام. هەنگاوێک لە لێواری تاشەبەردەکە دوورکەوتمەوە و بەڕێکەوتم بەرەو توولەڕێکە. ڕاوەستام و چاوم بڕییە دەموچاوێک کە لە تاریکیی ناو توولەڕێکەدا سەیری دەکردم.

سەرەتا وامزانی پیتەرە. پێم وابوو هاتۆتە خوارەوە یارمەتیم بدات. بەڵام پاشان بۆم دەرکەوت مرۆڤ نییە و ئاژەڵە.

لە جێگەی خۆم نەجووڵام. سەری دانەواندبوو، دەتوت نیازی پەلاماری هەیە. کاتێک زانیم لە ڕووخساری گورگێکی بەفرینی تووڕە ڕاماوم، هاوارێکی خنکاو لە گەروومەوە دەرچوو.

وای، ڕاوەستن. گورگ نییە.

زیاتر چاوم تێبڕی. یەک چرکەی خایاند تا زانیم سەیری چی دەکەم. گیانەوەرێکی ڕەش کە دەمامکی گورگی بەفرینی بەستبوو.

ڕامکردە پێشەوە، هەردوو دەستم درێژ کرد و توند دەمامکەکەم گرت. ئاژەڵەکە مرەمرێکی هێواشی کرد.

دەمامکەکە لە دەموچاوی جیابوویەوە. خێرا هێنامە ئەملاوە و چاوم بڕییە ئەو ئاژەڵەی کە مرەمری دەکرد.

سەگ بوو.

سەگێکی ڕەشی گەورە. چاوە سوورەکانی دەبریسکانەوە. ددانەکانی پیشاندام و هێرشی بۆ هێنام.

دەمامکەکەم بە هەردوو دەست توند گرت و ڕامکردە دواوە. سەگەکە دووبارە سەری دانەواند و مرەمڕی کرد. چاوە سوورەکانی بە تووڕەییەوە سەیریان دەکردم.

هەنگاوێکی تر چوومە دواوە. سەگەکە هاتە سەر لێواری تاشەبەردەکە. منی خستبووە تەڵەوە. زۆر لەوە گەورەتر بوو کە بتوانم بە تەنیشتیدا تێپەڕم. ئەگەر دوو هەنگاوی تریش بچوومایەتە دواوە، لەسەر تاوێرەکەوە دەکەوتمە خوارەوە.

- ئافەرین سەگی باش. سەگی نازەنین.

بە مرەمڕ و پیشاندانی ددانەکانی وەڵامی دامەوە. پشتی چەماندەوە و ئامادەی پەلاماردان بوو.

فشارم لە مێشکم کرد تا بیر بکەمەوە. واتا دەتوانم بەسەر سەری سەگەکەدا خۆم هەڵبدەم و بە سەلامەتی بکەومەوە سەر زەوییەکە؟

لەوانەیە تەقلەیەکی سادە بەسوود بێ.

هیچ کاتێکم نەمابوو. ئاژەڵە زەبەلاحەکە نەڕاندی و خۆی هەڵدا بەرەو لای من.

پەنجە قورسەکانی خستنە سەر هەردوو شانم و ددانەکانی لە قووڕگم گیرکرد.

## ٢٩

- ئاااااااااخخخخخ!

لەناو ئازار هاوارم لێ بەرز بوویەوە، شانم ڕاتەکاند و سەگەکەم هەڵدایە لاوە. دەمامکی گورگی بەفرینم بە هەردوو دەست بەرز کردەوە. دەمزانی ئەو دەمامکە من بۆ شوێنێکی خراپ و ترسناک دەبات، بەڵام چارەیەکی ترم نەبوو. دەبوو لەم سەگە ترسناکە دوور بکەومەوە.

هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و دەمامکی گورگم کرد بەسەر دەمامکی مێرووەکەدا.

هەر لەو کاتەدا ڕووناکییەکی سپیی بەهێز درەوشایەوە و ناچاری کردم چاوەکانم دابخەم. ڕووناکییەکە وەک گێژەڵووکە بە دەورمدا سووڕایەوە و وەک بەتانییەکی سووکەڵە دایپۆشیم. چاوەڕێی ئازاری زۆری ددانەکانی سەگەکە بووم، بەڵام هەستم بە هیچ نەکرد.

هەستم بە هیچ شتێک نەدەکرد، جگە لە ساردیی ئەو ڕووناکییە سپییە.

سارد. زۆر سارد.

چاوەکانم کردنەوە و هاوارێکی خنکاوم کرد. ئاخر لە ناوەڕاستی یەک خەروار بەفردا ڕاوەستابووم.

بەفرەکان لەژێر تریفەی بەهێزی مانگدا کە لە مەودایەکی نزیکەوە بەسەر زەویدا دەدرەوشایەوە، وەک زیو دەبریسکانەوە.

سەیرێکی چواردەوری خۆمم کرد. زەوییە بەفراوییەکە بەرز و نزم بوو. لووتکەیەکی بەرز و سپی لەبەردەممدا بوو و لایەکم تاشەبەردێکی پڕ لە بەفر بوو کە لە پشتییەوە جگە لە ئاسمانی ئەرخەوانی هیچ شتێکی تر دیار نەبوو.

لەناو زنجیرە چیاکاندا بووم. چیا بەفرینەکان.

نەمدەزانی دەمامکەکە منی بۆ کوێ بردووە. بۆنی هەوام کرد. بۆنێکی تازە بەر لووتم کەوت. بۆنێک کە بە وردی نەمدەتوانی بڵێم چییە. چەند هەنگاوێک بەناو بەفرەکەدا ڕۆیشتم. بەفرێکی فشەڵ و نەرم بوو و کاتێک بەناویدا دەڕۆیشتم بەژێر پێیەکانمدا ڕۆ دەچوو. چاوم کەوتە سەر زەوییەکە و ڕیزێک شوێن پەنجە. شوێنی پەنجەکانی ئاژەڵێک کە بە تەنیشتی تاوێرەکەدا تێپەڕیبوو.

چەند هەنگاوێکی ترم نا و ڕاوەستام. حاڵم خراپ بوو. وەک ئەوەی یەک دنیا کێشم زیادی کردبێ، هەستم بە قورسایی دەکرد. دیمەنێک کەوتە بەرچاوم. کەروێشکێکم بینی. کەروێشکێکی مردارەوە بوو کە پارچەپارچە کرابوو. بۆنی کەروێشکی مردارەوەبووی کاڵم دەکرد. ڕانە گۆشتنەکانی و دڵ و ڕیخۆڵە نەرمەکانیم دەبینی، ئەو گۆشتە سوورەی بە ئێسکەکانییەوە نووسابوو.

برسیم بوو.

هێی، ڕاوەستە مۆنیکا. بۆچی ئەم بیرکردنەوە گاڵتەجاڕ و پڕوپووچانە کەوتوونەتە مێشکتەوە؟

سکم کەوتە قوڕەقوڕ. دووبارە بۆنی هەوام کرد. بۆنەکەم ناسییەوە. بۆنی مرۆڤ بوو. بۆنی مرۆڤێک کە لەو نزیکانە بوو، بەر لووتم کەوت.

لەسەرخۆ ئاوڕم دایەوە و بینیم پیتەر لەسەر تۆپەڵێک بەفر ڕاوەستاوە. دەمامکە مۆمیاییەکەی لەبەر تریفەی مانگدا دەدرەوشایەوە. دەستەکانی توند لەدەوری خۆیەوە ئاڵاندبوو.

'پیتەر؟'

دەمویست بانگی بکەم، بەڵام لە جیاتی ئەوە نەڕەیەک لە قوڕگمەوە هاتە دەر.

دووبارە هەوڵم دا و دووبارە نەڕاندم.

ئەوە چییە؟

سەرم دانەواند و سەیری شوێن پەنجەکانم کرد. ئەو هێڵەی کە لە پشت سەرمەوە کێشرا بوو.

ئەو شوێن پەنجانە هیی من بوون!

دووبارە سکم قوڕەقوڕی کرد. هاوکات حەزم دەکرد بنەڕێنم. لە پڕێکدا تووڕە بووم، جۆرێک تووڕەیی کە لە ژیانمدا هەستم پێی نەکردبوو. تووڕەییەکی ئاژەڵی ڕەسەن.

من ئاژەڵم.

ئەم وشانە لە گوێمدا دەزرینگانەوە و بەردەوام دووبارە دەبوونەوە. من ئاژەڵم.

زانیم دەمامکی گورگ ئەم بەڵایەی بە سەرمدا هێناوە. من و پیتەری هێناوە بۆ ناوەڕاستی ئەم کێوە بەفرینە و منی کردووە بە گورگی بەفرین.

گورگێکی بەفرین کە دەنەڕێنێت و لەسەر چوار پەلی دەڕوات. برسی و تووڕە.

پەنجەم بەسەر بەفرەکەدا هێنا. سەیری چواردەوری خۆمم کرد. دووبارە دیمەنی کەروێشکە مرداربووەکە هاتە بەرچاوم. تامی دڵ و ڕیخۆڵە سوور و زەرد و سارد و تەڕەکەیم لە دەممدا هەست پێکرد. چ خواردنێکی بەتام لە سکیدا دەستدەکەوێت؟

سەرم بەرز کردەوە و گوێچکە تووکنەکانم لەبەر بادا ڕاگرت تا ختووکەیان بدات. دووبارە بۆنی هەوام کرد. مرۆڤەکان زۆر لاوازن و گۆشتیان ناخورێت. بەڵام پیتەر بۆنێکی زۆر خۆشی لێ دەهات.

ئاو بە دەممدا هاتە خوار. سکم قۆڕەقۆڕی دەکرد.

پێم وابوو ڕەنگە پیتەر کەروێشکەکەم بدزێت. لە خەیاڵی خۆمدا بینیم کەروێشکەکەمی گرتووە و خەریکە بە هەردوو دەست یەکالای دەکاتەوە. تووکەکانی هەڵدەداتە سەر بەفرەکە و گۆشتە تازە و بەتامەکەی دەبات بۆ ناو دەمی. ها، خەیاڵی خاوە!

پیتەر ناتوانێ خواردنەکەی من بخوات. گورگەکان خواردنەکەیان لەگەڵ کەسدا بەش ناکەن.

دەمزانی دەبێ چی بکەم. دەبوو لە شەڕی پیتەر ڕزگار ببم. هەروا ڕاوەستابوو و سەیری منی دەکرد. من هەستم بە بۆنی ترسەکەی دەکرد.

بە دەست و پێیە ئاژەڵییە بەهێزەکانمەوە چووم بەرەو ڕووی. قیژاندی و پاشەوپاش ڕۆیشتە دواوە و لەسەر تەپۆڵکە بەفرینەکەوە کەوتە خوارەوە. بە پشتدا کەوت و لەناو بەفرە زۆرەکەدا نقووم بوو.

مۆڵەتم نەدا لە جێگەی خۆی هەستێتەوە. خۆم هەڵدایە سەری.

ددانەکانم لە ملی گیر کرد و بە پەنجەکانی دەستم گرتم و لە نێو بەفرەکەدا هێنامە دەرەوە. لەسەر پێیەکانم بەرز بوومەوە و بە هێزی تازەی ئاژەڵیم بەرزم کردەوە.

ملیم بەردا و دەمم کردەوە تا بەهۆی سەرکەوتنەکەمەوە بلوورێنم. لوورەم لە کێوە بەرزەکەی سەرماندا دەنگی دایەوە.

لوورەیەکی سەرکەوتنی دووروودرێژ لە قەفەزەی سینەمەوە بەرز بوویەوە و لە قەپۆزمەوە هاتە دەرەوە. زۆرم بەلاوە خۆش بوو کە هێزی خۆم بەو جۆرە پیشان بدەم. پیتەر هاواری دەکرد، هەوڵی دەدا، لنگەفرتێی دەکرد و دەستەکانی ڕادەوەشاند.

بەڵام توانای ئەو لەکوێ و هێزی ئاژەڵیی من لەکوێ؟

گورگ کاتێک توورە بوو، دەستبەکار دەبێت.

کورەمنداڵە ترساو و لەرزۆکەکەم لە چنگەکانمدا ڕاگرت و

لەسەر پەلەکانی دواوەم تا لێواری تاشەبەردێکی پڕ لە بەفر

چوومە پێشەوە.

بە نەڕەیەکی ئاژەڵی، هەڵمدایە خوارەوە.




Description

بسم الله الرحمن الرحيم
🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و  بابەتی جیاواز🤍

ئەم کتێبە لەلایەن { ئازیزێکی چەناڵ }
کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7
Invite Link

٣٠

پیتەر بە ئاسماندا فڕی.
هاوارە تۆقیوانەکەی بووە هۆی ئەوەی شتێک بە مێشکمدا بێت... خۆم هەڵدایە پێشەوە. لێواری جلە کاراتییەکانیم توند بە ددانەکانم گرت، لە نێوان ددانە تیژەکانمدا ڕامگرت، بە سووڕانەوەیەکی خێرا، گێڕامەوە سەر زەوییەکە.
ماوەیەک بە پەنجەکانم گرتم و چاوەڕێم کرد تا مێشکم دروست بکەوێتە کار. بیرکردنەوە ئاژەڵییەکانم تەواو تێکەڵ بوون و ئاوێتەیەک لە چەندین جۆر وێنە و بۆنی جیاواز، بەخێرایی بە مێشکمدا تێپەڕین. هەستم بە بۆنی خوێنی کەروێشکی مردارەوەبوو کرد. شوێن پەنجەکانم لەسەر بەفر دەبینی.
لەناکاو لە زەینمدا بینیم کە خەریکم لەسەر چوار پەلم بە نێو بەفرەکاندا ڕادەکەم و بەفرەکان لە دواوە دەپرژێنم بە هەوادا... پاشان دیمەنێکی تر هاتە بەرچاوم... پیتەر لەماڵەوە. ماڵی ئێمە. لە حەوشەکەمان.
بۆنی گەڵا وشکەکانی سەر زەوی بەر لووتم دەکەوت. بۆنی توند و تیژی ئەو دارانەی لە نێو سۆپا دیوارییەکانی دراوسێکاندا دەسووتان.

هاوارەکانی پیتەر لەناو گوێچکە هەستیارە گورگییەکانمدا دەزرینگانەوە و ئەو دەنگە منی هێنایەوە سەر خۆم. بۆ ئەوەی کە خۆم بم.

من مۆنیکام.

لە تاوێرە پڕ لە بەفرەکە دوورکەوتمەوە و وازم لە پیتەر هێنا. لەسەر زەوییەکە هەستایەوە و لەتری دا. دەتوت ئەژنۆکانی لەژێری دەردەچوون، بەڵام هەر چۆنێک بوو لەسەر پێ ڕاوەستا.

دیسان هاواری کرد.

منیش بێ ئەوەی خۆم بزانم، هاوارم کرد.

سەرم بەرز کردەوە بۆ ئاسمان. کاکیلەکانم لەیەک کردەوە و بەسەر مانگی ڕەنگ هەڵبزرکاودا، لووراندم.

هەردووکمان ڕاوەستابووین و هاوارمان دەکرد. وەختێک من بێدەنگ بووم کە هەستم کرد زەوی لەژێر پەنجەکانمدا دەلەرزێت. لەو بێدەنگییەدا کە هاتە پێشەوە، لە دوورەوە دەنگی گرمەگرمم بیست.

هەورەبروسکەی ئاسمانە؟

دەنگەکە هێواش هێواش بەرزتر بوویەوە تا ئەو شوێنەی کە گرمەگرمی زەوییەکەی دەلەرزان. بە شوێن دەنگەکەدا ڕۆیشتم و سەیری کێوەکانی سەروو خۆمانم کرد. چاوم بە شەپۆلێکی گەورە کەوت. شەپۆلێک لە بەفر کە وەک تاڤگە لەو سەرەوە بەرەو لای ئێمە دەهاتە خوار.

هەرەسی بەفر!

هاوارەکانی ئێمە بەفرەکانی سەر کێوەکەی لە جێگەی خۆی هەڵکەندبوو. من و پیتەر هەرەسی بەفرمان بەڕێخستبوو!

هەرەس بە دەنگێکی گوێدڕێن گرمەگرمی دەکرد و دەهات بەرەو خوارەوە. شەپۆلە سپییەکە سات لە دوای سات خێراییەکەی زیاتر دەبوو و ئێستا ئیتر ئاسمانی تاریکی پشتی دیار نەمابوو.

تۆپەڵە زەبەلاحەکانی بەفر لەو شەپۆلە سپییە جیادەبوونەوە، وەک تۆپ بەرز و نزم دەبوونەوە و لەسەر چیاکەوە دەکەوتنە خوارەوە.

هەموو جێیەک سپی بووبوو.

هەرەسی بەفر کەوت بەسەر من و پیتەردا. پانی کردینەوە و ناشتنی.

زۆر سارد بوو. زۆر، زۆر، سارد بوو.

دەستم درێژ کرد بۆ لای پیتەر، بەڵام نەمدۆزییەوە.

پاشان بە قووڵایی ئەو شەپۆلە بەفرینەدا ڕۆچووم.

نە هەناسەم دەردەهات، نەدەمتوانی بجووڵێم. تەنها لەژێر لێفەی ساردی بەفردا هەڵدەلەرزیم.

زۆرم لە خۆم کرد تا لەو دۆخە تۆقێنەرە بێمە دەرەوە. دەمزانی دەبێت کارێک بکەم... هەر ئێستا.

هەموو هێزی خۆم کۆکردەوە و چنگم لە بەفرەکانی بان سەرم گیرکرد و خۆم ڕاکێشایە سەرەوە. تەنها دە پازدە

سانتیمەتر لە جێگەی خۆم جوولام، بەڵام کەمێک جێگ
کرایەوە و توانیم لەقە لە بەفرەکە بدەم.
هێندە لنگەفرتێم کرد و بە بەفرەکانمدا کێشا تا گەیشتم بە
بەشی سەرەوە و بەو تۆزە وزەیەی لە لەشمدا مابوو، ب
لێدانێکی توند خۆم لەناو بەفرەکە هێنایە دەرەوە. ڕووم کردە
ئاسمان و هەناسە لە دوای هەناسە، هەوای تازە و فێنکم
کردە ناو سییەکانمەوە.
دەنگێک لە پشت سەرمەوە وتی: "هێی، سەیری ئەوێ بکە."
ئاوڕم دایەوە و پیتەرم بینی. ئەویش خۆی لەژێر بەفر
هێنابووە دەرەوە. بە دەستی شریتێکی لێڵ لە ڕووناکی
سووری لە ئاسمان پیشاندام کە بە درێژایی ئاسۆی ڕەش
درێژ بووبوویەوە.
پیتەر ڕووخساری کە لەژێر دەمامکە مۆمیاییەکەدا
شارابوویەوە، بۆ لای من وەرگێڕا و بە دەنگێکی لاواز و
خنکاوەوە وتی: "هیچ دیارە ئێمە لەکوێین؟"
خێرا وەڵامم نەدایەوە. لە ڕووناکییە سوور و ئەرخەوانییەکە
ڕامام و وتم: "ئەوە خۆرە کە خەریکە هەڵدێت. بێگومان بەفر...
ئەو هەرەسە... ئێمەی لەوێوە هێناوەتەوە بۆ ئێرە."
بە دەنگی خۆم قسەم دەکرد. بە دەنگی مرۆڤانەی خۆم.
دووبارە بووبوومەوە بە خۆم. ئیتر ئاژەڵێکی چوار دەست و
پێ نەبووم.

من و پیتەر لەسەر شەقامێک ڕاوەستابووین و سەیری تاریکیی چواردەورمان دەکرد. پیتەریش وەک من سەیری چواردەوری دەکرد و لەناکاو قیژاندی: "ئەو بەفرانە ئیتر نەماون، مۆنیکا! من و تۆ زیندووین! بەفر... کێوەکان... هەموویان ڕۆیشتوون!"

نفێکم قووت دا. هێندە هاوارم کردبوو، قورگم دەیەشا. "پیتەر، سەیرێکم بکە. دووبارە گەڕاومەتەوە بۆ شێوەی خۆم؟ واتا شێوەی ئاسایی؟"

بە تیلەی چاو سەیری کردم و وتی: "تۆ هیچ کات ئاسایی نەبووی!"

بەم قسەیەی خۆی بوورایەوە لە پێکەنیندا.

سەیرێکی خۆمم کرد. بەو دوو دەمامکەی لە دەموچاومدا بوو، نەمدەتوانی بەباشی ببینم. بەڵام دووبارە بووبوومەوە بە خۆم و لە سەرمای پاییزدا، بەو جلە تەنکانەی جیمناستیک تیک تیکەوە هەڵدەلەرزیم.

سەیری چواردەوری خۆمم کرد و بینیم لەسەر شۆستەی کۆلانێک ڕاوەستاوین کە هەموو ماڵەکانی تاریکن. لەوبەری کۆلانەکەوە چاوم بە زەوییەکی چۆڵ و بەتاڵ کەوت و چەند چرکەیەکی پێچوو تا زانیم من و پیتەر ڕێک لەو شوێنەدا ڕاوەستاوین کە پێشتر خانووەکەمانی لەسەر دروستکرابوو. دیمەنی زەوییە بەتاڵەکە تەواو جەوی گرتم.

ئاوڕم دایەوە بۆ لای پیتەر و وتم: "کاتی زۆرمان بەدەستەوە نەماوە."

سەری لەقاند. دەستەکانی کردن بە گیرفانی جلە سپییەکەیدا و وتی: "با... باوەڕ ناکەم ئەم شتانە بەڕاستی ڕوویان دابێت."

- ڕاستییەکەی من دەترسم دەمامکێکی تر بدۆزمەوە. دەترسم لەوەی دەمامکێکی تر بکەمە دەموچاوم. هەر دەمامکێکی تازە کە دەیبەستین دەمانبات بۆ ناو فیلمێکی ترسناک.

"بەڵێ، بەڵام فیلمی ڕاستەقینە. وەلێ ناچارین کە بەردەوام بین، ئێمە تەنها سێ دەمامکمان پێیە." پیتەر ئەمەی وت و چاوی لە زەوییە بەتاڵەکەی بەردەممان بڕی.

- کاتێکی زۆریشمان بۆ نەماوەتەوە.

- چۆنە ئەم جارە بڕۆین بە دوای دەمامکی کەللەسەردا. پێم وابێ دۆزینەوەی ئاسان بێ.

بە تیلەی چاو سەیریم کرد و پرسیم: "ئاسان؟ بۆچی ئاسانە؟"

شانەکانی هەڵتەکاندن و وتی: " تا ئێرە دەمامکەکان خۆیان سەرەداویان پێ داوین. کەواتا... "

خۆم ڕستەکەیم بۆ تەواو کرد: "باشترین شوێن بۆ پەیداکردنی دەمامکی کەللەسەر گۆڕستانە."

هەردوومان کەوتینە ڕێ. گۆڕستانی "هێل کریست" سێ چوار شەقام لە ئێمەوە دوور بوو.

شەو تاریک بوو و کەش و هەوایەکی ترسناکی هەبوو، هەموو ئەو ماڵانەی بە بەردەمیاندا تێدەپەڕین، تاریک بوون. هیچ ئۆتۆمۆبێلێک لەسەر جادە نەبوو. هەواڵێک لە با نەبوو و هیچ دەنگێک لە درەختەکانەوە نەدەهات.

تەنها دەنگێک کە بەرگوێ دەکەوت، تەپەتەپی پێڵاوەکانمان و ترپەترپی دڵی من بوو.

دەبوو نزیکەی ڕابکەم تا بە پیتەر بگەمەوە. لێم پرسی: "واتا ئێمە، هەر بەڕاستی بەم شەوی هالۆوینە دەچین بۆ گۆڕستانێکی دێرین؟"

پیتەر بە سەرمدا بۆڵاندی: "کوێی ترسناکە؟ مردووەکان خۆ کاریان بەسەر ئێمەوە نییە."

## ٣٢

ڕەنگی پەرژینە کورتەکانی چواردەوری گۆڕستانەکە هەڵیدابوو و لێبووبوویەوە. لە هێندێک شوێنیشەوە پەرژینەکان دەرهاتبوون و کون و کەلەبەری گەورەیان تێدا دروست بووبوو.

لە یەکێک لەو کونانەوە تەماشای کێلی خواروخێچی گۆڕەکانم کرد کە لەبەر ڕووناکیی کز و ئەرخەوانیی ئاسماندا، ڕەش دەردەکەوتن. لەبەر خۆمەوە بیرم کردەوە ئەم کێلانە وەک پەتۆ ڕووی مردووەکانیان داپۆشیوە.

پشتم لەرزی.

من هیچ کات حەزم لە گۆڕستان نەبووە. تەنانەت ئەو گۆڕستانە نوێیانەیش کە پڕن لە چیمەن و کێلی گۆڕەکانی ڕێک و بریقەدارن.

هێندێک لە هاوڕێکانم هێندێک جار بۆ سەیران دەچوون بۆ ئەو گۆڕستانە تازەیەی لە نزیک قوتابخانەکەمان دروستکرابوو، بەڵام من هیچکات لەگەڵیاندا نەدەڕۆیشتم. بە جۆرێک لە جۆرەکان دەیترساندم. نەمدەتوانی بیر لەو مردووانە نەکەمەوە کە بێدەنگ و بێجووڵە خەوتوون و لەژێر زەوی و لە گۆڕە پڕ لە کرمەکانیاندا دەڕزێن.

هەمیشە خەوی ناخۆشم لەبارەی گۆڕستانەوە دەبینی، بەلام هیچکات بۆ کەسم نەدەگێڕایەوە. نەمدەزانی ئەم بابەتە ئاساییە یان نا.

ئێستا من و پیتەر لەبەردەم پەرژینەکاندا ڕاوەستابووین و لە نێوان پەرژینە شکاوەکانەوە لە گۆڕستان ڕامابووین، لە کێلی خواروخێچی گۆڕەکان و ئەو گەڵا وشکانەی ڕوویانی داپۆشیبوو.

پیتەر وتی: "وەرە با بڕۆین." و خۆی بە ناو پەرژینێکی شکاودا چووە ناوەوە، منیش هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و بەدوایدا ڕۆیشتم.

هەر هێندەی پێمان نایە ناو گۆڕستانەوە، دووبارە با هەڵیکردەوە. پێشتر هەموو جێیەک و هەموو شتێک بێدەنگ و جووڵە بوو و ئێستا دەتوت با تەواوی ئەم ماوەیە چاوەڕێمان بووە.

با گەڵا وشکەکانی لەگەڵ خۆی دەبرد، بە دەوری کێلی گۆڕەکاندا خوولی دەدان و دەنگی خشەخشی لێوە بەرز دەکردنەوە. وا دەهاتە بەرچاوم کە درەختە بەتەمەنەکان و لقە ڕووتەکانیان لەبەر ئەو بایەدا هەڵدەلەرزین.

بە زمانگرتنەوە وتم: "پیتەر... من... حەزم لێرە نییە."

پیتەر لە ناوەڕاستی دوو ڕیز کێلدا کە زۆربەیان لەجێی خۆیان دەرهاتبوون و کەوتبوونە سەر زەوی، بەڕێدا

دەڕۆیشت. لە دڵی خۆمدا وتم، ئەم بەردانەیش وەک مردووەکانی ژێریان، لەسەر زەوی خەوتوون.

- پیتەر؟

وا دیار بوو گوێی لە دەنگم نەبوو. سەری دانەواندبوو و بەخێرایی بە نێو گۆڕە کۆنەکاندا دەڕۆیشت. منیش ڕێک بە پشت سەریدا دەڕۆیشتم و تەنها سەیری زەویم دەکرد. لە دڵی خۆمدا بیرم کردەوە؛ واتا دەمامکی کەللەسەر لێرەدا شاردراوەتەوە؟ لەژێر گەڵا وشکەکاندا؟ لە پشتی گۆڕێکەوە؟

گوێم لەناڵەیەکی بەرز بوو، چنگم لە قۆڵی پیتەر گیر کرد و هاوارم کرد: "دەنگی چی بوو؟ گوێت لێبوو؟"

ئاوڕی دایەوە بۆ لای من و پرسی: "چیم گوێ لێبوو؟"

- دەنگی ناڵە. دەتوت یەکێک ناڵەناڵ دەکات. وەک... دەنگی مرۆڤ بوو.

پیتەر دەستی ڕاوەشاند و وتی: "سەیری چواردەوری خۆت بکە، تەنها ئەم دووانەمان لێرەین."

هەڵەکەیم بۆ ڕاست کردەوە: "مەبەستت ئەوەیە کە تەنها بوونەوەری زیندووی ئێرە، ئەم دووانەمانین؟"

پیتەر چوو بۆ ناو ڕیزە گۆڕەکەی تەنیشت و درێژەی بە ڕێگەکەی دا. گەڵا وشکەکان خراپ لەژێر پێیدا دەنگیان لێوە دەهات و لە هەموو لایەکەوە دەنگی خشەخش و چپەچپی درەختەکان دەهات.

لەناکاو کێلی گۆڕێک ڕێک لەبەردەمی مندا کەوت و منی لە جێگەی خۆم بەرز کردەوە، دڵم کەوتە تەپەتەپ.

بەهۆی بایەکەوە بوو.

دووبارە گوێم لە دەنگی ناڵەناڵەکە بوویەوە.

بە دەنگی لەرزۆکەوە بانگی براکەمم کرد: "پیتەر، ئێمە... لێرە تەنیا نیین."

## ٣٣

هەردووکمان ڕاوەستاین و گوێیەکانمان تیژ کردەوە. بە خۆمم وت، ئەو ناڵە ترسناکە لەکوێوە دێت؟ لە گریانێکی غەمگین دەچێ لە ناو گۆڕەوە.
هەر لەو کاتەدا تەمێکی سپیی زەردباو هاتە بەرچاوم. بازنەیەکی کەمڕەنگی ڕووناکی. بە خشەخش چەند هەنگاوێک بەسەر گەڵا وشکەکاندا چوومە پێشەوە. لە ڕووناکییەکە نزیکتر بوومەوە و بەوردی سەیرم کرد.
بە دەستم ئەو خاڵەم پیشان دا و وتم: "پیتەر... ئەوە دەبینی؟"
ئاوڕی دایەوە و سەیری ئەو شوێنەی کرد.
چەند هەنگاوێکی تر چوومە پێشەوە و کونێکی تاریک و قووڵم لەسەر زەوینی خۆڵەمێشیی گۆڕستانەکە بینی. گۆڕێکی سەربەتاڵ.
لە تەنیشت ئەو گۆڕەوە چاوم بە چەند کێلی گۆڕی باریک کەوت. هیچیان ناو و نووسینیان لەسەر نەبوو و هەر یەکەیان بەرەو لایەک نووشتابوونەوە.
لە سەروو ئەو گۆڕە سەربەتاڵەوە، کێلێکی پانترم بینی... کە شتێکی ڕەنگ زەردی لەسەر بوو.
دەمامک!

دەمامکی کەللەسەر. ئێستا ئیتر بەڕوونی دەمبینی. چاڵی چاوەکانی، قەپۆزی کراوەی کە شل و شێواو لەسەر کێڵی گۆڕەکە کەوتبوو.

هاوارم کرد: "پیتەر! لێرەیە! دۆزیمەوە." پیتەر قیژاندی و ڕایکرد بەرەو لای من.

چووم بەرەو لای دەمامکەکە و نووشتامەوە. دەمامکی کەللەسەر دەمی شل و بێگیانی بە حاڵەتی زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕانە کردبوویەوە و ددانەکانی دەرخستبوون. تەپڵی سەری نارێک و ئاوساو و پڕ لە درز بوو.

هەردوو دەستم بەرزکردنەوە. تاوێک ڕاوەستام. دەمزانی بەم زووانە شتێکی سەیر ڕوو دەدات. بەڵام هیچ چارەیەکم نەبوو. هەردوو لای دەمامکی کەللەسەرم گرت.

وای، نا.

وای، نا.

دەمم کردەوە و لە ترسان هاوارێکی گوێدڕێنم کرد.

ئەو کەللەسەرە زەرد و پڕ لە درزە دەمامک نەبوو. وەک بەرد ڕەق بوو. هەر بە ڕاستی کەللەسەر بوو.

بەرلەوەی بزانم ئەو کەللەسەرە بە ئێسکەپەیکەرێکەوە نووساوە، ڕامکێشا تا لەسەر زەوی بەرزی بکەمەوە، لە جێگەی خۆمدا وشک بووم. بە جۆرێک واقم وڕمابوو کە نەمدەتوانی دەستی لێ بەربدەم. ئێسکەپەیکەرەکە لەسەر

زەوی بەرز بوویەوە. ئێسکەکانی لەژێر ڕووناکیی مانگدا وشک و زەرد دەهاتنە بەرچاو.
هەر لەو کاتەدا بایەکی بەهێز خۆی کرد بە نێو قەفەزەی سینەی ئێسکەپەیکەرەکەدا و ناڵەی لێ بەرز بوویەوە.
ئێسکەپەیکەرەکە لەسەر پێیەکانی ڕاوەستا. سەرە درزبردووەکەی بەرەو لای من خوار بوویەوە، دەتوت خەریکە لە کاسەی بەتاڵی چاوەکانییەوە سەیرم دەکات. دەمی بە حاڵەتی بزەیەکی ترسناک و ناحەز کرابوویەوە. تەنها دوو یان سێ ددانی شکاو لە دەمیدا بوون.
پیتەر گەیشت و دەستەکانی منی لە هەردوو لای کەللەسەرەکە جیاکردەوە. ڕێک لەو کاتەدا با خۆی کرد بەنێو ئێسقانەکانیدا، ئێسکەپەیکەرەکە دووبارە ناڵەی کرد و پیتەر لە ترسان قیژاندی. ئێسکەپەیکەرەکە زیاتر خۆی لەسەر پێیەکانی بەرزکردەوە و ئێسکەکانی قاچی تەقەیەکیان لێوە هات، دەمویست بکشێمەوە دواوە و لەو بوونەوەرە ناشیرین و ترسناکە دوور بکەومەوە، بەڵام ئێسکەپەیکەرەکە بەخێراییەکی باوەڕپێنەکراو هاتە پێشەوە.
دەستی ڕاکێشا و بە پەنجە ڕووت و ئێسقانییەکانی چنگی لە قورگم گیر کرد.
بە دەستە بێ گۆشت و ئێسقانییەکەی تریشی پیتەری گرت. هەردووکمانی لەسەر زەوی بەرز کردەوە... و هەڵیدااینە ناو گۆڕە سەربەتاڵەکەوە. من و پیتەر پێکەوە هاوارمان کرد.

## ٣٤

بە چوار پەلدا بەسەر خاکی شێداری ناو گۆڕەکەدا کەوتم. پیتەریش تەپ کەوتە تەنیشتی منەوە. لەسەر لا تلی خوارد و توند کێشرا بە دیواری گۆڕەکەدا.

سەرم بەرز کردەوە و سەیری ئەو سەرەوەم کرد. چاوەڕێی ئەوەم دەکرد ئێسکەپەیکەرەکە لەو سەرەوە ببینم. گوێم لە دەنگی نالەی بوو، بەڵام خۆیم نەبینی. بە دواماندا نەهاتە خوارەوە.

لەسەر پێ ڕاوەستام. خاکی ژێر پێیەکانمان شل و تەڕ بوو و قوڕ بە ئەژنۆکانمەوە نووسابوو. لەو خوارەوە بۆنی ترشاوی دەهات، بۆنی شیری بۆگەن.

پیتەر لە تەنیشتمەوە ڕاوەستا و دەستی بۆ لێواری گۆڕەکە درێژ کرد. باڵای هێندە بەرز نەبوو کە دەستی بەو سەرەوە بگات. دوو سێ جار خۆی هەڵدا و دەستی برد تا لێواری گۆڕەکە بگرێت، بەڵام ئەو سەرەوە زۆر قوڕ و تەڕ بوو و هەموو جارێک دەستی دەخزا و دەکەوتە خوارەوە.

لە کاتێکدا قوڕەکەی لە دەستی دەکردەوە، ئاوڕی دایەوە و ڕوو لە من بەهێواشی وتی: "وابزانم... لەم خوارەوە گیرمان خوارد."

لە بنی گۆڕەکەدا، شتێک سەرنجی ڕاکێشام، شتێک کە لەژێر تریفەی مانگدا دەبریسکایەوە. دەبریسکایەوە و... دەجوولایەوە.

نووشتامەوە تا باشتر ببینم و هاوارێکی خنکاوم کرد. یەک تۆپەڵ کرم، چرووپر وەک دەمی ئەو شتەی زەوی پێ دەسڕنەوە. ئەو کرمە درێژ و لیقانەی چووبوون بەناو یەکدا و بەسەر یەکدا دەخزان. وەک تۆپەڵێک ماکەرۆنیی جوولاو.

ڕووم وەرگێڕا و بینیم یەک دنیا کرمی تریش سەریان لە دیواری گۆڕەکەوە هێناوەتە دەر. دەیان کرم لەسەر دیوارەکانەوە بەربوونەوە بەر پێی من و لە نێو گلە تەڕەکەدا دەستیان کرد بە خولوولکردن.

زمانم لاڵ بوو: "مممـ...ن ڕقم لە کرم دەدەدە... دەبێتەوە. زززۆر خراپ لللێی دەترسم."

پیتەر وتی: "دەزانم. بیرتە جارێکیان جلیبۆنی کرماویم خستە ناو جێگەکەتەوە؟"

- بێدەنگ بە!

پیتەر چاوی بڕیبووە سەرەوە. پێم وت: "من بەرزت دەکەمەوە، تۆ بچۆ سەرەوە. کاتێک چوویتە سەرەوە، من بهێنەرە دەرەوە."

"باشە، بیرۆکەیەکی خراپ نییە" پیتەر ئەمەی وت، هاتە تەنیشت دیوارەکە و پشتی کردە من تا بەرزی بکەمەوە.

بەڵام من لە جێگەی خۆم نەجوولام.

نەمدەتوانی چاو لەسەر بنی گۆڕەکە لابەرم.
کەللەسەرێکی تر. خۆڵەمێشیی کاڵ. بە کاسەی ڕەش و قووڵی چاو و دەمی کراوەوە کە ددانی ناڕێک و شکاوی لێوە دەرچوو بوو. لە تاریکیدا دەجووڵایەوە. دیار نەبوو لەکوێوە هاتووە و لەناکاو لەبەر چاوماندا دەرکەوتووە.
بەهێواشی وتم: "پیتەر..."
- بجووڵێ ئیتر. من دەمەوێ لەم گۆڕە بچمە دەرەوە.
توند کێشام بەسەر شانیدا و ئەو شتەی بینیبووم پیشانم دا: "نا، سەیرکە."
ئاوڕی دایەوە و سەیری خوارەوەی کرد.
بەرلەوەی من و پیتەر بتوانین زیاتر بچینە پێشەوە، کەللەسەرەکە وردە وردە هاتە سەرەوە. لە پڕێکدا تریفەی مانگ هاتە ناو گۆڕەکەوە و من توانیم هەموو شتێک بەباشی ببینم، واتا ئەو پیاوەی بەرەو لای ئێمە دەهات. عەبایەکی درێژی ئەرخەوانی پۆشیبوو و کڵاوە قوماشییەکەی بەرز کردبوویەوە؛ کەللەسەرێک بە دەموچاوییەوە بوو. دەمامکێک. دەمامکی کەللەسەر.
"قیژە؟" ناوەکەی بە دەنگێکی هێواش و وشک لە گەروومەوە دەرچوو. لەبەردەم دیواری بنی گۆڕەکەدا ڕاوەستابوو. عەبا درێژەکەی لەبەر بادا خشەخشی دەکرد. تروسکەی چاوە ئەرخەوانییەکانیم لە پشتی دەمامکەکەوە دەبینی.

قیژە، لەناکاو لەکوێوە پەیدا بوو؟ واتا ئەم هەموو ماوەیە چاوەڕوانمان بووە؟

"نەدەبوو بهاتینایە." دەمامکەکە دەنگە پیرەکەی خنکاندبوو. هەنگاوێک لە من و پیتەر هاتە پێشەوە. بەسەر سەرمانەوە، مانگ دووبارە کەوتەوە ژێر هەورەکان و ناو گۆڕەکە تەواو تاریک بوویەوە.

کاتێک چاوەکانم بە تاریکی ڕاهاتن. بینیم "قیژە" هەردوو لای دەمامکی کەللەسەری گرت و بە جوولەیەکی خێرا دەمامکەکەی لە سەری کردەوە. مووە سپی و خاوەکانی ڕژان بەسەر شانەکانیدا. بریسکەی دڵۆپە عارەقەکانم لەسەر نێوچاوانی بینی. دەستێکی بەسەر ڕیشە چوارگۆشە و فلچەییەکەیدا هێنا.

بەخێرایی و بە نۆرە نیگای توندی دەخستە سەر من و پیتەر. بە دەنگێکی بەرز و گڕ وتی: "هەڵەیەکی زۆر خراپتان کرد! ئێرە جێگەی ئێوە نییە. نازانن خەریکن چی دەکەن."

هەنگاوێک هاتە پێشترەوە، هەنگاوێکی تر، من و پیتەر بە دیواری گۆڕەکەوە نووسابووین و گیرمان خواردبوو.

بە زمانگرتنەوە وتم: "دە.. دەتەوێ چ چ چیمان لێ بکەی؟"

## ٣٥

ڤیژە خێرا هاتە پێشەوە. پێی نا بە تۆپەڵێک کرمدا و دەنگی فلیقانەوە بەرز بوویەوە.

کرمەکانی لەژێر پاژنەی پووتەکانیدا پان کردەوە. چاوی لەسەر من و پیتەر هەڵنەدەگرت. پشتم نووساند بە دیوارە قوڕینەکەوە. ڕێگەی هەڵاتنم نەبوو. دوو مەتر لەژێر زەوییەوە، لە کونێکی باریکدا گیرمان خواردبوو.

بە دەنگێکی گڕ دووبارە پرسیم: "دەتەوێ چی بکەی؟"

- ئاگادارم کردبوونەوە. لەماڵەکەی بێلا ئاگادارم کردبوونەوە.

دەمامکی کەللەسەری بە دەستێکی توند گرتبوو. دەستەکەی تریشی بەرەو لای من درێژ کرد.

دەمویست لوول بخۆم و لە دەستی دوور بکەومەوە، بەڵام جێیەک بۆ جووڵانەوە نەبوو.

ڤیژە وتی: "بسووڕێ و ڕوو بکەرە دیوارەکە. دەمەوێ بتنێرمەوە سەرەوە."

بە زەحمەت تفێکم قووت دا. دڵم خراپ تەپەتەپی دەکرد. هیچ چاوەڕێم نەدەکرد ئەوە بڵێت.

چەند چرکەیەک دواتر، ڤیژە منی بەرزکردەوە بەرەو لێواری گۆڕەکە. لەسەر هەر چوارپەل خۆم بەسەر گژوگیاکاندا ڕاکێشا و یەسکەر هەستامە سەر پێ.

پیتەریش لە دوای منەوە هاتە دەرەوە و گێژ و مات، لەسەر پێ ڕاوەستا.

ئاورم دایەوە و چاوم بەو ئێسکەپەیکەرە کەوت کە دەینالاند. وەک داری وشک لە تەنیشت گۆڕەکەوە ڕاوەستا بوو. دەستە ئێسقانییەکانی لە هەردوو لای لەشییەوە دەجوولانەوە و کاسەی بەتاڵی چاوەکانی لەسەر من و پیتەر ڕاگرتبوو.

ڤیژە بە هەوادا فڕی و لەناو گۆڕەکە هاتە دەرەوە. عەبا ئەرخەوانییەکەی لەبەر بادا دەشەکایەوە و مووە سپییەکانی لە دەوری سەرییەوە دەئالان.

ڕووی کردە ئێسکەپەیکەرەکە و پێی وت: "تۆ کاری خۆت ئەنجام دا." پەنجەی بەرز کردەوە. ئەنگووستیلەکەی درەوشایەوە. نقێمی ئەنگووستیلەکەی کردە ئێسکەپەیکەرەکە.

ئێسکەپەیکەرەکە ناڵەیەکی تری کرد و ئێسکەکانی شکان و لە یەک جیابوونەوە. ئێسکەکان کەوتن بەسەر گژوگیاکاندا و بوون بە تۆز. با تۆزەکەی لە هەوادا لوول دا و لەگەڵ خۆی بردی.

ڤیژە بۆ ساتێک سەیری ئەو دیمەنەی کرد و ئاوڕی دایەوە بۆ لای ئێمە: "ئەو سێ دەمامکەی کە دۆزیوتانەتەوە، بیدەن

بە من: ئەمەی وت و دەستی بەرەو لای ئێمە درێژ کرد: "ئەوانەم بدەنێ و بڕۆن بەڕێی خۆتاندا... خێرا."

زەق زەق سەیری کردم. نەمدەزانی بڵێم چی. هێندە ترسابووم کە نەمدەتوانی قسە بکەم.

قیژە وتی: "من دەبێت تا بەری بەیانی دەمامکەکان لەگەڵ خۆم بەرم. ئەگینا شەڕانگێزی دنیا دەگرێتەوە."

مەترسییەکی تۆقێنەر. بێلا وتبووی ئەگەر قیژە دەمامکەکان بۆ خۆی بەرێت ئەمە ڕوو دەدات.

بەلام من لەو ساتەدا تەنها بیرم لە یەک شت دەکردەوە. تا قیژە یارمەتی نەدابنایە، دەمامکەکانم نەدەدایەوە.

هاوارم کرد: "ئێمە دایک و باوکمان دەوێتەوە! ماڵەکەمان دەوێتەوە. وەختێک ئەوانەت بۆ گەڕاندینەوە، دەمامکەکانت دەدەمێ."

چاوە ئەرخەوانییەکانی قیژە بریسکەیان دایەوە. سەری ڕاوەشاند و بە دەنگی بەرز وتی: "ئەگەر تا بەری بەیانی هەر پێنج دەمامکەکە لە دەستی مندا نەبن، ئێوە تا هەمیشە دایک و باوکتان نابیننەوە."

٣٦

کاتێک ئەم ڕستەیەم بیست، هەناسەم بۆ نەدرا.
قیژە کە چاوی لەسەر من و پیتەر لانەدەبرد، وتی: "بێلا هێندە بەدکار و شەڕانگێزە کە هیچ شتێک ڕێگەی لێ ناگرێت."
ها؟ بێلا شەڕانگێزە؟
قیژە بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی: "هێزی جادوویی ئەم دەمامکانە زۆر زۆرە و نابێ ئەم هێزە بکەوێتە دەستی بێلا. ئەو دووانەتان نازانن خەریکن بۆ چ بوونەوەرێک کار دەکەن. پێتان وایە کۆکردنەوەی دەمامکەکان لە بەرژەوەندیی هێزی چاکەیە؟"
بە زمانگرتنەوە وتم: "تـ... تـ.. تێناگەم... واتا دەتەوێ بڵێی..."
- دەمەوێ بڵێم ئەو کەسەی ماڵەکەی ئێوەی ونکرد بێلا بوو. نەک من. ئەو ژنە ماڵ و دایک و باوکی ئێوەی ونکرد و بەم فێڵە ناچاری کردن یارمەتیی بدەن.
دەمم کرایەوە. بێلا پێی وتبووین قیژە ماڵەکەمانی ون کردووە. واتا قیژە ڕاست دەکات؟ بێلا کەسە خراپ و شەڕانگێزەکەیە؟

ڤیژە وتی: "ئەم یارییە ترسناکە دەبێ تەواو ببێت. ئێوە یەکەم کەسانێک نیین کە بێلا بەم جۆرە ئازاری داون. هێندێکیان بە ئەندازەی ئێوە بەختەوەر نەبوون."

با مووە سپییەکانی ئاڵۆزکان و عەبا ئەرخەوانییەکەی لەژێر تریفەی مانگدا بریقەی دایەوە.

سەیرێکی پیتەرم کرد. هەڵدەلەرزی. پێم وانەبوو بەهۆی سەرماوە بێ. قسەکانی ڤیژە هەموو گیانی دەلەرزاند.

ڤیژە بەردەوام بوو: "ئەو دووانەتان هەر ئێستا دەتوانن ڕێگەی لێ بگرن. دەبێ باوەڕ بە قسەکانی من بکەن."

باوەڕ بکەن. باوەڕ بکەن. ئەم وشەیە لە مێشکمدا گیری کردبوو. لە خۆمم پرسی، دەبێت باوەڕ بە قسەکانی بکەم؟ ئەم کارە ڕاستە؟

لەناکاو کەوتمەوە بیری ئاگادارکردنەوەکەی بێلا وەختێک لە ماڵەکەی دەهاتینە دەرەوە؛ ئەو پێی وتین: "ڤیژە باشترین درۆزنی سەر گۆی زەوییە. هێندە بە جوانی درۆ دەکات کە باوەڕپێنەکردنی نزیکەی ئەستەمە. بیرتان نەچێ، هەر کارێک پێتان خۆش بوو بیکەن، بەڵام باوەڕ بە قسەکانی ئەو مەکەن. فریوی درۆکانی مەخۆن."

بەهێواشی بە پیتەرم وت: "باوەڕ بە قسەکانی مەکە." و ئاوڕم دایەوە و ڕوو لە ڤیژە وتم: "بێلا پێی وتبووین کە تۆ درۆزنی."

قیژە ئەو دەمامکی کەللەسەرەی بەدەستییەوە بوو، ڕاوەشاند و وتی: "باش گوێیەکانتان بکەنەوە. ناوی ڕاستەقینەی ئەو بێلا نییە. بێلادۆنایە. دەزانن بێلادۆنا چییە؟"

ناوەکەم چەند جارێک لە سەرمدا دووبارە کردەوە: "پێشتر ئەم ناوەم بیستووە."

- بەڵێ، بێلادۆنا. "*نایتشەید*"ی کوشندەیشی پێ دەڵێن کە جۆرێک ژەهرە. ئەو ژنە ژەهرە.

دەمزانی کە درۆ دەکات.

دەستەکانم خستنە سەر کەمەرم و وتم: "ئەگەر تۆ کەسێکی باشیت، ئەی بۆچی کاتێک من و پیتەر بەدوای دەمامکەکاندا دەڕۆیشتین، هێندە ئێمەت خستە مەترسییەوە؟"

"بەڵێ، ڕاست دەکا." پیتەر هەنگاوێک لە قیژە نزیک بوویەوە و وتی: "تۆ هەموو جارێک دەتویست ئێمە بە کوشتن بدەی. بۆچی دەبێ باوەڕ بکەین کە تۆ لایەنگری چاکەیت و شەڕانگێز نیت؟"

- دەی، ئێوە بۆ بێلادۆنا کارتان دەکرد و من نەمدەتوانی وازتان لێ بهێنم دەمامکەکان بەرن و بڕۆن. دەبوو ڕێتان لێ بگرم. چارەیەکی ترم نەبوو.

پیتەر وتی: "درۆ دەکەی." و بە شێوەی جووڵەیەکی کاراتی دەستەکانی بەرز کردنەوە.

"بەلامەوە گرنگ نییە ئێوە چۆن بیر دەکەنەوە. ئارەزووی خۆتانە، ئەگەر ناتانەوێ، باوەڕ بە قسەکانم مەکەن." قیژە

ئەمەی وت، دەستی درێژ کرد و هات بەرەو ڕووی ئێمە:

"تەنها ئەو سێ دەمامکەم بدەنێ، خێرا!"

من پاشەوپاش چوومە دواوە. بەڵام پیتەر توند لەسەر جێگەی خۆی ڕاوەستا. قیژە بەپەلە لێمان نزیک بوویەوە تا دەمامکەکان لە دەموچاومان بکاتەوە.

پیتەر هاواری کرد، خۆی بەرز کردەوە و هەوڵیدا لەقەیەک لە ئەژنۆکانی قیژە بدات. بەڵام نەیپێکا و لێدانەکەی بەر هەوا کەوت.

قیژە هەردوو مەچەکی گرت و بەرەو لای خۆی بەکێشی کرد. هاوسەنگیی خۆی لەدەست دا و هەردووکیان لەو سەرەوە کەوتنە ناو گۆڕەکەوە.

## ٣٧

لیدانی دڵم خەریکبوو قەفەزەی سینەمی دەشکاند و چاوەکانم لەسەر گۆڕەکە وشک بووبوون. دەمویست ڕاکەم بەرەو لای گۆڕەکە، بەڵام وەک بەرد لە جێگەی خۆمدا مابوومەوە و پێیەکانم نەدەجووڵان.

هەناسەم ڕاگرت و گوێم هەڵخست.

بێدەنگی.

تەنانەت دەنگی بایش نەمابوو. درەختەکانی سەر گۆڕەکە بێدەنگ و بێجووڵە بوون.

گوێیەکانم تیژکردنەوە تا گوێم لە دەنگی هاواری پیتەر بێ، یان هەراوزەنای لیدان و تێکگیران، یاخود دەنگی خشەخشی دەست و پێی کەسێک کە دەیەوێت لەناو گۆڕەکە بێتە دەرەوە.

نا.

هیچ دەنگێک نەدەهات.

دەنگی ئەو بێدەنگییە هێندە بەلامەوە بەرز بوو کە دەستەکانم خستنە سەر گوێیەکانم.

- پیتەر؟

دواجار بەزۆر خۆم بردە پێشەو و یەک هەنگاو ڕۆیشتم بەرەو لای گۆڕەکە: "پیتەر؟"

بێدەنگی.

دەستەکانم کە توند مشت کردبوون، داگرتنە خوارەوە. هەنگاوێکی ترم نا و بانگی براکەمم کرد: "پیتەر؟ گوێت لە دەنگمە؟"

هەناسەیەکی قووڵم دا و هەوام لە سینەمدا ڕاگرت. نووشتامەوە بەسەر گۆڕەکەدا و لە تاریکیدا سەیری ئەو خوارەوەم کرد.

لەژێر لێوەوە وتم: "نا، وای، نا!"

٣٨

لەسەر ئەژنۆ کەوتمە سەر زەوییە قوڕەکە و سەرتاپام لەرزی.

"پیتەر؟ لەکوێی؟"

سەیری ناو گۆڕە بەتاڵەکەم کرد. دەنگم زۆر خراپ دەلەرزی. لەژێر لێوەوە وتم: "ئەستەمە." و لە دڵی خۆمدا بیرم کردەوە، لەوانەیە قیژە هێزی جادوویی خۆی بەکارهێنابێت و پیتەری لێرە بردبێ.

لەوانەیە قیژە بە هەمان ئەو جادووەی بۆ دایک و باوکمانی بەکارهێنابوو، پیتەریشی ون کردبێ.

نووشتامەوە بەسەر گۆڕەکەدا و هاوارم کرد: "پیتەر؟ تکا دەکەم وەڵام بدەرەوە!"

هیچ وەڵامێک نەبوو.

زیاتر نووشتامەوە بەسەر گۆڕەکەدا و هاوارم کرد: "پیتەر؟" لێواری شل و قوڕاوی گۆڕەکە لەژێرمدا هەرەسی هێنا و بەخێرایی کەوتمە خوارەوە. بەسەر دەمدا کەوتمە ناو بنی گۆڕەکەوە.

"وایییی!" کاتێک زانیم بەسەر تۆپەڵێک کرمدا کەوتووم، ناڵەم لێ بەرز بوویەوە: "نـــــــا."

دەستبەجێ لە جێگەی خۆم بەرز بوومەوە و هاوارم کرد: "پیتەر؟ ئاخر تۆ لەکوێی؟" دەنگم لەناو گۆڕەکەدا دەنگی دایەوە.

کرمە قەڵەوەکانم لە سەر ڕووی جلەکانم تەکاند و دیسان هاوارم کرد: "پیتەر؟ گوێت لە دەنگمە؟"

دەستم بە دیواری گۆڕەکەوە گرت و هێواش هێواش بەڕێکەوتم. پێویستم بەوە بوو دەستم بە شوێنێکەوە بگرم. لەو سەرەوە، مانگ لەژێر هەورەکانەوە هاتە دەرەوە و ڕووناکییە کز و زەردەکەی هاتە ناو گۆڕەکەوە. لەبەر تریفەی مانگدا، چاوم بە دیواری گۆڕەکە کەوت و کونێکی هاوشێوەی دەرگایەکی کورتم بینی.

خێرا ڕۆیشتم و لە نزیک کونەکەوە ڕاوەستام. تریفەی مانگ ناو کونەکەی ڕووناک کردبوویەوە و توانیم تونێلێکی باریک ببینم کە بەناو دڵی تاریکیدا دەچووە پێشەوە.

تازە بۆم دەرکەوت ئەو دووانە لە تونێلی تەنیشت گۆڕەکەدا ونبوون. دەستەکانم لەسەر ئەملاولای دەمم دانا و بانگی براکەمم کرد. گوێم لە دەنگی خۆم بوو کە لە تونێلە تاریک و قووڵەکەدا دەنگی دایەوە.

لە دەمی تونێلەکە چوومە پێشەوە و ڕاوەستام. چاوەڕێم کرد هەناسەم ئاسایی بێتەوە. "قیژە" پیتەری بردبووە ناو ئەو تونێلەوە. دڵنیا بووم بۆ هیچ جێیەکی تر نەڕۆیشتوون. دەبوو بڕۆم بەدوای پیتەردا.

سەرم دانەواند و بە پێی لەرزۆکەوە، هەنگاوێکم نا و چوومە ناو دەمی تونێلەکەوە.

هەر لەوێدا ڕاوەستام.

دەنگی ئەو پێیانەم دەبیست کە لەسەر زەوییە خۆڵەکە تەپەتەپیان دەکرد، دەنگی پێی کەسێک کە ڕایدەکرد.

لەژێر ڕووناکیی کەمی تونێلەکەدا "قیژە"م بینی. دەستەکانی کردبوونەوە و لە تونێلەکەدا بەرەو لای من ڕایدەکرد.

دەمم کردەوە و هاوارم کرد: "نـــــــا!"

شوێنێکم بۆ هەڵاتن نەبوو.

قیژە لە گۆڕەکەدا گیری دابووم. واتا بەنیازە منیش بەرێتە ناو ئەم تونێلە تاریک و درێژەوە؟

## ٣٩

هەموو ماسوولکەکانم کەشەنگ بوون. چۆن دەمتوانی لەگەڵ "قیژە" بجەنگم؟

وەختێک "قیژە" چوارناڵە ڕایکردە پێشەوە و تریفەی مانگ کەوتە سەری... هاوارێکی خنکاو لە گەروومەوە دەرچوو.

- پیتەر؟

"قیژە" نەبوو. براکەم بوو. دەمامکی مۆمیایی هێشتا بەسەر دەموچاوییەوە بوو و پشتوێنی جلە کاراتییەکانی بەسەر زەوییەکەدا دەخشا.

بە هەناسەبڕکێوە ڕایکرد بەرەو لای من و هەردوو دەستی بەرزکردەوە. بە هەر دەستێکییەوە دەمامکێک شۆڕ بووبوویەوە.

من کە حەپەسابووم، زەق زەق سەیرم کرد. پیتەر دەمامکی کەللەسەر و بەرازی بەدەست هێنابوو.

لێم پرسی: "ئەمانە... ئەمانەت لە چنگی "قیژە" دەرهێنا؟"

بە لەقاندنی سەری وەڵامی دامەوە.

"چۆن ئەم کارەت کرد؟ چۆن ئەمانەت لە "قیژە" سەند؟"

سەیری ناو تونێلەکەم کرد و پرسیم: "قیژە لەکوێیە؟"

شێتانە حەزم دەکرد بزانم لەو خوارەوە چی ڕووی داوە، بەڵام پیتەر وەک با بەنێو ڕیزی گۆڕەکاندا ڕایدەکرد و بە دەست ئاماژەی بۆ کردم دوای بکەوم.

ڕامکرد تا خۆم بە پیتەر بگەیەنم و پێڵاوەکانم بەسەر گەڵا وشکەکاندا دەخزان. هەوا خەریک بوو ڕووناکتر دەبوویەوە و ڕەنگی ئاسمان لە ڕەشەوە، بۆ ئەرخەوانی گۆڕابوو. تاڵێکی پان و سوور لە تیشکی خۆر لە پشتی درەختەکانەوە هاتە سەرەوە.

لەژێر لێوەوە وتم: "خەریکە ڕۆژ دەبێتەوە."

بە مەرزی گۆڕستان و قەراخی شەقامەکە گەیشتین و ڕەق ڕاوەستاین. ڕووناکیی دوو لایتی ئۆتۆمۆبێلێک شەقامەکەی بڕی. من و پیتەر خۆمان هەڵدایە پشتی قەدی ئەستووری دارێکەوە و چاوەڕێمان کرد تا ئۆتۆمۆبێلەکە تێپەڕێت.

کاتێک ئۆتۆمۆبێلەکە پێچی کردەوە بۆ شەقامەکەی دواتر، خێرا وەک با دەستمان کردەوە بە ڕاکردن. پیتەر هیچی نەوت، بەڵام خۆم دەمزانی کە بەرەوماڵی بێلا دەڕوات.

هەر پێنج دەمامکەکەمان دۆزیبووەوە. ئێستا نۆرەی بێلا بوو کە یارمەتیمان بدات. دەبوو جادووی دەمامکەکانی بەکاربهێنایە و دایک و باوک و ماڵەکەمان بۆ بگەڕێنێتەوە.

بەڵام کاتێک لە ئاسۆدا چاوم بەو ڕایەڵە سوورە کەوت، لەناکاو ترس دایگرتم. ئێستا ئاسمان خۆڵەمێشی بووبوو. واتا درەنگ بووە؟

بە باخچەی بەردەم ماڵەکاندا قەدبڕمان کرد و بەژێر سایەی درەختەکان و چنارە بەرزەکاندا ڕاماندەکرد تا نەبینرێین. کاتێک بەبەردەم ئەو زەوییە بەتاڵەدا کە پێشتر ماڵەکەمانی لەسەر دروستکرابوو تێپەڕین، ڕاوەستام. بێ ویستی خۆم ناڵەیەک لە گەروومەوە هاتە دەرەوە. حەزم دەکرد هاوار بکەم و مشتەکانم لە هەوادا ڕاوەشێنم. لەو گژوگیا بەرزانە ڕامام کە زەوییان فەرش کردبوو. هەر نەتدەوت ئەوێ ڕۆژێک ماڵی ئێمە بووە.

مەگەر دەکرێ ئەم ڕووداوە بەسەر دایک و باوکماندا هاتبێ؟

ئەگەر بەڕاستی درەنگ کەوتبین چی بکەین؟

گڵۆپێک لە ماڵەکەی تەنیشتەوە هەڵکرا. ئۆتۆمۆبیلێکی تریش بەخێرایی و فرەفرەوە بە شەقامەکەی پشتی سەرماندا تێپەڕی.

نەدەبوو کات بەفیڕۆ بدەین. بەرەبەیان نزیک بوو.

پایسکیلێک لەبەردەم ماڵەکەی خوارەوەدا لەسەر زەوی کەوتبوو، سووڕامەوە و لەسەر پێچی شەقامەکە خۆم بە پیتەر گەیاند. یەکسەر چووینە ئەوبەری کۆڵانەکە و دەستمان کردەوە بە ڕاکردن. پیتەر دەمامکەکانی لە تەنیشت خۆیەوە گرتبوو و ڕایدەکرد. تاوێک دواتر، چنارە بەرزەکانی بەردەم ماڵەکەی بێلامان بینی.

خۆمان هەڵدایە ناو چنارەکانەوە و لەبەردەم ماڵەکەدا سەرمان دەرهێنا. پێڵاوەکانمان لمەکانیان بەرز دەکردەوە بۆ ئاسمان.

بەدەم هەناسەبڕکێوە لەبەردەم سەکۆی ماڵەکەدا ڕاوەستاین. دەستم بەرزکردەوە تا لە جەڕەس بدەم و هەر لەوێدا ڕامگرت: "سەیرکە، دەرگاکە کەمێک کراوەتەوە."

پیتەر کە لەژێر دەمامکە مۆمیاییەکەدا هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو، دەرگاکەی زیاتر کردەوە. سەرم بردە ناوەوە و هاوارم کرد: "بێلا؟" دەنگم لە پشت دوو دەمامکەوە گیراو و خنکاو بوو.

دووبارە تاقیم کردەوە و ئەم جارە هاوارم کرد: "بێلا؟"

وەڵامێک نەبوو.

چوومە ژوورەوە و ڕامکرد بەرەو ژووری دانیشتن. پیتەریش بەپەلە بەدوامدا هات. هاوارم کرد: "بێلا؟ ئێمە گەڕاینەوە. لە کاتی خۆیدا نەگەیشتین؟"

بێدەنگی.

کاتژمێرێک چکە چکی دەکرد و لەو بێدەنگییەدا، دەنگی وەک تەپڵ تەپە تەپی دەکرد.

بە دەنگی بەرز وتم: "ئێمە هەر پێنج دەمامکەکەمان هێنا! هەموویان لێرەن."

چاوم بە هەموو جێیەکی ژووری دانیشتنەکەدا گێڕا و هەروا کە بانگم دەکرد، ڕامکردە ناو کتێبخانەکەوە.

هیچ شوێنەوارێک لە بێلا نەبوو.

چوومە ڕاڕەوێکەوە کە کۆتاییەکەی بە چێشتخانەکە دەگەیشت. ئەویش کەسی لێ نەبوو. لە پەنجەرەی چێشتخانەکەوە چاوم بە خۆرێکی سوور کەوت کە وردە وردە بەرز دەبوویەوە.

بە هەموو هێزی خۆم هاوارم کرد و بانگم کرد.

هیچ وەڵامێک نەبوو.

ئاوڕم دایەوە بۆ لای پیتەر و وتم: "ئێستا چی بکەین؟ لێرە نییە. ڕۆیشتووە."

٤٠

پیتەر بە دەنگێک کە بە زەحمەت دەمبیست، وتی: "خۆی
دەردەخات. دەبێت هەر لێرە بێ."
لەو کاتەدا بوو کە دەنگی خشەخشێکم بیست. دەنگی پێیەکی
نزم.
ئاورم دایەوە و بینیم بێلایە کە بە پلیکانەکاندا دێتە خوارەوە.
کراسە درێژەکەی بەسەر پلیکانەکاندا دەخشا. قژی هەڵدایەوە
و کاتێک ئێمەی بینی، بزەیەکی گەورە لەسەر ڕووخساری
نیشت.
هاواری کرد: "ئێوە گەڕانەوە! ببوورن. ئیتر بێهیوا بووبووم."
نزیکەی هەڵفڕی و بە پلیکانەکاندا هاتە خوارەوە. بزە لەسەر
لێوەکانی لانەدەچوو و چاوەکانی لەتاو خۆشحاڵی
دەبریسکانەوە.
ڕایکردە ناو چێشتخانەکە و بەپەلە هات بۆ لای من و پیتەر.
دەستەکانی کردنەوە و وتی: "هەر پێنج دەمامکەکەتان هێنا؟"
من وەلامم دایەوە: "بەڵێ. لەکاتی خۆیدا هاتینەوە؟ هەر پێنج
دەمامکەکەمان هێنایەوە و... "
دەستەکانی بەرز کردنەوە و وتی: "سەرکەوتوو بوون!
شانازیتان پێوە دەکەم! ئەوان بدەن بە من خێراکەن."

لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد. ئێستا خۆر تۆپێکی گەورە و سوور بوو، بەڵام هێشتا لە پشت درەختەکانەوە بەرز نەبووبوویەوە.

- نزیکەی بەیانییە. خێراکەن. دەمامکەکان لە دەموچاوتان بکەنەوە و بیاندەن بە من... هەر ئێستا!

- تۆ خۆ دەتوت... ناتوانی دەست لەم دەمامکانە بدەیت؟

دەستەکانی بەرز کردنەوە. دەستکێشی ڕەش و درێژی کردبووە دەستی: "خێراکەن ئەوانە بدەن بە من."

لێوارەکانی دەمامکی گورگی بەفرینم گرت و ویستم لە دەموچاومی بکەمەوە. بە دەمامکەکەی ژێرییەوە نووسابوو و نەمدەتوانی لێی بکەمەوە.

توندتر ڕامکێشا و بێجووڵە مامەوە.

ئاورم دایەوە بۆ لای پیتەر و بەلامەوە سەیر بوو بۆچی لە جێگەی خۆی ناجووڵێت.

هەر لەوێدا ڕاوەستابوو و لە پشت دەمامکی مۆمیاییەوە سەیری بێلای دەکرد. دوو دەمامکەکەی تریشی بە دەستییەوە گرتبوو.

بێلا دووبارە وتی: "خێراکە." و نووشتایەوە بەسەر پیتەردا: "تۆ چیت بەسەر هاتووە؟ ئەو دەمامکانە بدە بە من."

پیتەر لە جێگەی خۆی نەجووڵا. دەستەکانی بێجووڵە لە هەردوو تەنیشتی خۆیەوە ڕاگرتبوو و زەق وزەق سەیری بێلای دەکرد.

بێلا دەستی برد تا دەمامکی بەراز لە دەستی دەربهێنێت. بەڵام پیتەر خێرا سووڕایەوە تا دەمامکەکە نەکەوێتە دەستی بێلا.

بێلا هاواری کرد بە سەریدا: "ئەوانە بدە بە من!" دەموچاوی سوور بووبوویەوە: "هیچی وای نەماوە بۆ خۆرهەڵاتن. واتا دەبێ خۆم دەمامکەکە لە سەرت بکەمەوە، منداڵی نەفام؟"

دەنگێک لە گەروومەوە هاتە دەر. باوەڕم نەدەکرد بێلا بەو شێوەیە تووڕە بێت.

بێلا دیسان بەسەر براکەمدا هاواری کرد: "نەفام! بوونەوەری هیچ و پووچ! کرمی قێزەون! ئەوانە بدە بە من!"

دووبارە بە تووڕەییەوە هێرشی برد بۆ پیتەر. نەیتوانی بیگرێت و دەستی لە پشتوێنی کاراتییەکەی پیتەرەوە ئاڵا.

پیتەر خۆی لادا و لە دەستی بێلا خۆی ڕزگار کرد. یەک وشەیش قسەی نەکرد. وەک داری وشک بێدەنگ ڕاوەستابوو و نەیدەهێشت دەستی بێلا بە دەمامکەکان بگات.

تاڵی زەردی تیشکی خۆر کەوتە سەر زەویی چێشتخانەکە.

بە هێواشی وتم: "پیتەر، بۆچی وا دەکەی؟ بۆچی..."

لەو کاتەدا بوو کە پیتەر هەردوو دەمامکەکەی خستە ژێر باخەڵی و ئەملاولای دەمامکە مۆمیاییەکەی گرت.

بە یەک جووڵە دەمامکە مۆمیاییەکەی لە دەموچاوی کردەوە.

من و بێلا پێکەوە هاوارمان کرد: "نـــــــــا!"

دەمم کرایەوە، چاوەکانم زەق بوونەوە. ماوەیەکی پێچوو تا مێشکم بکەوێتە کار و تێبگەم... ئەو کەسەی لە تەنیشتمەوە ڕاوەستابوو پیتەر نەبوو.

"دوکتۆر ڤیژە" بوو!

## ٤١

مووە سپییەکانی ڤیژە ڕژان بەسەر نێوچاوانیدا. بە قۆڵی هەڵیدانەوە و دەمامکە مۆمیاییەکەیشی لەگەڵ ئەو دووانەی تر خستە ژێر باخەڵی. ڕوو لە بێلا بزەی کرد.

بە دەنگی بەرز وتی: "غافڵگیرم کردی بێلادۆنا! هەموو دەمامکەکان لای منن و هاتووم تا لەناوت بەرم!"

بێلا بە ترسەوە سەیری کرد و دەنگێک لە گەروویەوە هاتە دەر. ڕەنگی وەک گەچ سپی بووبوو و چەناگەی دەلەرزی.

دەمی ڤیژە بەسەر ڕیشە چوارگۆشەکەیەوە زیاتر کرایەوە و بە دەنگە گڕەکەی وتی: "بیرم نەبوو کە تۆ حەز بە میوانی بانگنەکراو ناکەیت. وا نییە؟"

"مـ... من..." بێلا هێندە حەپەسابوو کە نەیدەتوانی قسە بکات. بە زەحمەت وتی: "ئەو کوڕە..."

ڤیژە وەڵامی دایەوە: "ئەو کوڕە باوەڕی بە قسەکانی من کرد. زانی کە من ڕاست دەڵێم. لە تونێلەکەی من لە گۆڕستان شوێنی خۆمان لەگەڵ یەکتر گۆڕییەوە."

بێلا کە یەک لەدوای یەک دەستەکانی لەناو دەستکێشە ڕەشەکانیدا مشت دەکرد و دەکردەوە، وتی: "پێم... وتبوو کە تۆ درۆزنی."

من لەو منداڵەم گەیاند کە درۆزنی ڕاستەقینە کێیە. کارێکی سەخت نەبوو." قیژە ئەمەی وت و لەناکاو ئاوڕی دایەوە بۆ لای من و هەردوو شانمی توند گرت.

هاوارم کرد بە سەریدا: "چی دەکەی؟"

دەستەکانی درێژکرد بۆ دەمامکەکانی من و بە پارێزەوە، دەمامکەکانی یەک بە یەک لە سەرم کردەوە. ئێستا هەر پێنج دەمامکەکە لە دەستیدا بوو: "دەمامکەکان هیی منن. بێلادۆنا، لە ئێستاوە تا یەک ساڵی تر دنیا لە دەستی تۆ و شەڕانگێزییەکانت پارێزراوە."

بێلا تەماشایەکی خراپی کردم. چاوەکانی لە تووڕەییدا بریسکەیان دەدایەوە: "مۆنیکا، براکەت ناپاکیی لە من کرد. پێت وایە ئەو دووانەتان تەمێ ناکەم؟"

قیژە لەبەردەمی مندا ڕاوەستا و بە بێلای وت: "تا یەک ساڵی تر ناتوانی کەس تەمێ بکەی. هەر بەڕاستی پێت وابوو ئەم جارە بە ناردنی ئەم دوو منداڵە دەتوانی من گێژ بکەیت و فریوم بدەیت؟ تۆ زۆر لەوە بێدەسەڵاتتری کە بیرم لێ دەکردەوە."

"ئاااااااا!" بێلادۆنا دەمی کردەوە و وەک ئاژەڵێکی دڕندە و تووڕە نەڕاندی. خۆی هەڵدا بەرەو لای قیژە و لەقەیەکی لێ دا و هەڵیدایە سەر مێزەکە. پاشانیش نەڕەیەکی تری کرد و دەمامکەکانی لە دەستی قیژە دەرهێنا.

قیژە لەسەر میزەکە هاتە خوارەوە، دەستەکانی وەک ورچێک کە نیازی هێرشی هەیە، کردنەوە و وەڵامی لەقەکەی بیلای دایەوە.

دەمامکەکان لەدەستی بیلا کەوتنە خوارەوە.

هەردووکیان پێکەوە خۆیان هەڵدا بەرەو دەمامکەکان.

بیلا لەسەر یەک دەینەڕاند: "هیی منە! هیی منە! هیی منە!"

بەڵام قیژە بووە خاوەنی دەمامکەکان.

ڕێک لەو کاتەدا کە دەیویست دەمامکەکان لەژێر باڵیدا بشارێتەوە، بیلا لەقەیەکی لێدا و هەردووکیان کەوتنە سەر زەوی.

بیلا هەروا هاواری دەکرد: "هیی منن! هیی منن! هیی منن!" لەقە، لە دوای لەقە لە هەوای دەدا. هەردووکیان دەیانقیژاند.

بۆ فڕاندنی دەمامکەکان لەسەر زەوییەکە تلیان دەخوارد، چنگیان لە هەوا گیردەکرد. هێندە توند دەجووڵان کە چاوەکانم نەیاندەتوانی دوای جووڵەکەیانیان بکەون و تەنها تەمێکی تاریکم دەبینی.

ئێستا ئیتر خۆر لە ئاسمان بەرز بووبوویەوە و ڕووناکییەکەی لە پەنجەرەی گەورەی چێشتخانەکەوە بەسەر زەوییەکەدا دەدرەوشایەوە و بەشێک لە زەوییەکەی تەواو ڕووناک کردبوویەوە.

قیژە بەشوێن دەمامکێکدا تلی خوارد بۆ بەردەم پەنجەرەکە. بیلایش خۆی هەڵدا بەرەو ئەوێ.

وەختێک هەردووکیان گەیشتنە بەشە ڕووناکەکەی زەوینی چێشتخانەکە، ڕووناکییەکی سپی لەبەر چاومدا بریسکەی دایەوە.

ڕووناکییەکی سپی کە توانای تەقینەوەی هەبوو.

چاوەکانم داخست. بەڵام ڕووناکییەکەم لە پشتی پێڵووە داخراوەکانمەوە هەر دەبینی.

وەختێک چاوەکانم کردەوە، شوێنەواری هیچ کامیان نەمابوو. دەمامکەکانیش لەگەڵ ئەواندا ون بووبوون.

ڤیژە و بێلادۆنا... هەردووکیان لەژێر ڕووناکیی خۆردا ونبوون. بەڵام هاوارەکانیان هێشتا لە گوێیەکانمدا دەزرینگانەوە.

گێژ بووم. فشارم لە مێشکم کرد تا دروست بیر بکەمەوە. وەختێک هۆشم هاتەوە سەر خۆی، شەپۆلی ترس بە هەموو گیانمدا هات و چوو.

پرسیارێکی ترسناک هات بە زەینمدا: پیتەر لەکوێیە؟ چ بەڵایەک بەسەر براکەمدا هاتووە؟

واتا دەکرێت دووبارە بیبینمەوە؟ یان ئەویش وەک ڤیژە... وەک بێلادۆنا ون بووە؟ وەک دایک و باوکمان؟

## ٤٢

بازووەکانم لە دەوری خۆمەوە پێچا. سەرەڕای بوونی ڕووناکیی گەرمی خۆر کە ڕژابووە ناو چێشتخانەکەوە، سەرمام بوو.

بێدەنگیی ماڵەکە لە گوێمدا دەزرینگایەوە، دەنگێکی بەتاڵ. هەر لەو کاتەدا بوو کە گوێم لە دەنگی تەپەتەپی پێ بوو. دەنگەکە لە هۆڵەکەوە دەهات. قیژەیە؟ گەڕاوەتەوە؟

نا. پیتەر بوو کە بە دەمی کراوەوە و جووڵەی کاراتییەوە خۆی کرد بەناو چێشتخانەکەدا: "تا-دا!"

بە زەحمەت وتم: "پیتەر؟ ئەو عەبایە... تۆ..."

- ڕێک پڕ بە بەرمە. بەڵام بۆ قوتابخانە لەبەری ناکەم.

بە زمانگرتنەوە وتم: "چۆن دەتوانی لەوێدا ڕاوەستی و گاڵتە بکەی؟"

شانەکانی هەڵتەکاندن و وتی: "هالۆوین تەواو بووە، وانییە؟ من و تۆیش زیندووین."

ڕامکرد بەرەو لای. یەک دنیا پرسیارم هەبوو: "تا ئێستا لەکوێ بووی؟ بۆچی لەگەڵ قیژە نەگەڕایتەوە بۆ ئێرە؟"

- ئەو پێی وتم تا خۆر بە تەواوەتی بەرز نەبێتەوە، خۆم دەرنەخەم. وتی ئەوکات ئیتر هەموو شتێک تەواو بووە و ئێمە لە مەترسیدا نیین.

"وای، وای!" بە ئەندازەیەک خۆشحاڵ بووم کە هێندەی نەمابوو باوەشی پێدا بکەم. هەردوو شانیم گرت و وتم: "پیتەر، بەیانییە. دایک و باوکمان. بێگومان لە دڵەڕاوکێدا شێت بوون. دوور نییە پۆلیسیان ئاگادار کردبێتەوە و ئێستا خەریکبن بە شوێنماندا بگەڕێن."

بزەیەک کەوتە سەر لێوەکانی پیتەر و بەهێواشی وتی: "ئەگەر خۆیان تا ئێستا گەڕابنەوە."

قسەکانی پشتمی لەرزاند: "هالۆوین تەواو بووە. قیژە و بێلادۆنایش ڕۆیشتوون. ئەمە واتا هەموو شتێک بۆ حاڵەتی ئاسایی گەڕاوەتەوە. هەموو شتێک..."

ئاخێکم هەڵکێشا و هاوارم کرد: "پیتەر، ماڵەکەمان دەبێت گەڕابێتەوە سەر جێی خۆی. دایک و باوکمان دەبێت گەڕابنەوە."

ئیتر هیچمان نەوت و ڕامانکردە ناو ڕاڕەوەکە و لەوێشەوە بەرەو دەرگای ماڵەکە. تەنانەت زەحمەتمان بە خۆمان نەدا دەرگای ماڵەکە لە دوای خۆمانەوە دابخەین.

تەپ تەپ بەسەر شۆستەکەدا ڕاماندەکرد. لە چنارە بەرزەکان تێپەڕین و گەیشتینە سەر شەقامەکە. ئۆتۆمۆبێلەکان بەخێرایی بە تەنیشتماندا تێدەپەڕین. لەوبەری شەقامەکەوە، دوو منداڵی چکۆلە لە حەوشەکەیاندا لەسەر تۆپەڵێک گەڵای وشک هەڵبەز و دابەزیان دەکرد.

ڕۆژێکی شەممەی ئاسایی.

بەڵێ. ئاسایی، سروشتی. ژنێک دەرگای ماڵەکەی کردەوە و پشیلەکەی ناردە دەرەوە. ئۆتۆمۆبێلی سپیی پۆستە پێچی کردەوە بۆ ناو شەقامەکە. ئەو دوو منداڵە دەستیان بۆ ڕاوەشاند، ئاسایی.

لەسەر شەقامەکەدا پێچمان کردەوە بۆ ناو کۆڵانەکەی خۆمان. بەبەردەم بۆشایی سەری شەقامەکەدا تێپەڕین. دوو ماڵی تریشمان تێپەڕاند. درەختەکان بەردەم چاویان گرتبووین و نەمدەتوانی ماڵەکەمان ببینم.

دڵم هێندە بەخێرایی لێی دەدا کە نەمدەتوانی هەناسە بدەم. "ڕاکردن" زۆر کەمبوو بەلامەوە. حەزم دەکرد باز هەڵبدەم و تا ماڵی خۆمان بفڕم.

دواجار گەیشتین. دواجار توانیمان ببینین.

هاوارم کرد: "وای، نـــــــــــا!"

لە پشت سەرمەوە دەنگی هاواری پیتەریش هات: "نـــــــــا!"

هێشتاکەیش زەوییەکی بەتاڵ لەبەر دەمماندا بوو. سەرم بەرز کردەوە و سەیری چیمەنە کەچەڵ و تێکشکاوەکانم کرد. تەنها گژوگیای بەرز بوو. گیاکەڵە، نە ماڵێک. نە دایک و باوکێک، سەرتاپام لە خەفەتان شل بوو. ئەژنۆکانم نووشتانەوە. کەوتمە سەر زەوییە تەڕەکە.

نەبوو. هەموو شتێک ڕۆیشتبوو. هێشتا هیچ شتێک لەوێ نەبوو.

٤٣

ئێستا چی بکەین؟ ئێستا دەبێ چی بکەین؟ پیتەر یەکبینە ئەم ڕستەیەی دەوتەوە و لەسەر یەک دووبارەی دەکردەوە. هەموو جارێکیش دەنگی تیژتر دەبوو.

ڕەق ڕاوەستابوو، بە دەستەکانی فشاری لە هەردوو لای دەموچاوی دەکرد و زەق زەق سەیری شوێنی بەتاڵی خانووەکەمانی دەکرد: "هالۆوین تەواو بووە. بڕیار بوو هەموو شتێک بۆ باری ئاسایی خۆی بگەڕێتەوە، هەموو شتێک..." دەنگی کز بوو.

مێشکم وەک فرفرۆکە دەخوولایەوە و گێژ بووبووم. باوەڕم نەدەکرد بەم جۆرەی لێ هاتبێ. بێلا و قیژە ڕۆیشتبوون. دەبوو هەموو شتێک بۆ باری ئاسایی بگەڕێتەوە.

بیر بکەرەوە مۆنیکا... بیر بکەرەوە!

قۆڵی پیتەرم ڕاکێشا و وتم: "لەگەڵ من وەرە. پێم وابێ بزانم چۆن دایک و باوکمان بگەڕێنینەوە."

خۆی کێشایە دواوە و پرسی: "بۆ کوێ بڕۆین؟"

- دەچینەوە بۆ ماڵەکەی بێلا.

***

من و پیتەر بە حالەتێکی تووڕەوە چووینە ناو ڕاڕەوەکەوە و من هاوارم کرد:
"کەس لە ماڵ نییە؟"
سەیرێکی ژووری دانیشتنم کرد، کەسی لێ نەبوو. هیچ شتێک نەگۆڕابوو. جگە لە تیشکی زێڕینی خۆر کە لە پەنجەرەی پێشەوەی ماڵەکەوە دەهاتە ژوورەوە.
پیتەر وتی: "بێلا و قیژە بەتەواوەتی ڕۆیشتوون، بەڵام ئەم ماڵە تەنانەت بە بەتاڵییش، ناخۆش و ترسناکە. هەواکەی پڕە لە ترس."
سەرم لەقاند و وتم: "وەرە بەدوامدا. دەبێ کتێبەکەی هاڵۆز بدۆزینەوە."
خێرا لە ژووری دانیشتنەوە ڕۆیشتین بۆ کتێبخانەکەی پشتەوە. ڕەفەی کتێبەکان هێشتا هەڵگەڕاوە بوون و ناچار بووین بەسەر ئەو کتێبانەدا بڕۆین کە کەوتبوونە سەر زەوییەکە. پیتەر پرسی: "ئەو کتێبە کۆنەت بۆچییە؟"
- بیرۆکەیەکم بۆ هاتووە.
دۆزینەوەی زۆری نەخایاند. لەسەر یەکێک لە ڕەفەکانی خوارەوە بوو، بەڵام هێندە گەورە بوو، نیوەی لە ڕەفەکەوە هاتبووە دەرەوە.

کێشی یەک تۆن بوو. پیتەر یارمەتیدام بیخەینە سەر مێزی ناوەڕاستی ژوورەکە. کاتێک کەوتە سەر مێزەکە، یەک خەروار تۆز بەرز بوویەوە.

- پیتەر یارمەتیم بدە هەڵیبگێڕینەوە. دەمەوێ لە کۆتایی کتێبەکەوە دەست پێبکەم.

بەرگە قورسەکەی پیس و ناڕێک بوو و سووچێکی لێبووبوویەوە.

ماوەیەکی پێچوو تا توانیمان بە باشی بیگرین و هەڵیبگێڕینەوە.

نووشتامەوە بەسەر مێزەکەدا و بەرگی کتێبەکەم کردەوە. وەک بەشی پشتەوەی کۆمۆدێکی کۆنە، بۆنی شێ و کەڕووی لێ دەهات. لووتی خۆمم گرت تا پژمە نەمگرێت.

پەڕەکانم هەڵدایەوە تا بە پەڕەی کۆتایی کتێبەکە گەیشتم: "گوێ لەمە بگرە، پیتەر."

ئەمەم وت و پەرەگرافی کۆتاییم بە دەنگی بەرز خوێندەوە: "بێلا و قیژە لە ڕووناکیی خۆردا ون بوون. پیتەر و مۆنکیا بەخێرایی گەڕانەوە بۆماڵەوە. بەڵام ماڵەکەیان نەگەڕابوویەوە سەرجێی خۆی.

ئەو دووانە دنیایان لە شەڕانگێزییەکانی بێلا ڕزگار کردبوو، بەڵام دایک و باوکیان ون بووبوون و ئەو دوو منداڵە ناچار بوون کە بێ ئەوان بژین..."

پیتەر بە خەمبارییەوە سەری ڕاوەشاند و وتی: "هەموو شتێکی نووسیوە."

دەنگی لە گەروویدا تاسا: "کتێبەکە هەموو بەسەرهاتەکەی نووسیوە. دایک و باوکمان ڕۆیشتوون."

- لەوانەیشە نەڕۆیشتبن. ڕەنگە من بتوانم هەموو شتێک بگۆڕم، خامەیەکم لەسەر زەوییەکە دۆزییەوە و بەسەر کتێبی هالۆزدا نووشتامەوە. دەستم لەرزی، بەڵام ڕێگەم لە لەرزینی گرت و خستمە سەر لاپەڕەی کتێبەکە.

نیشانەیەکی ڕاست و چەپم بەسەر ئەو چەند دێڕەی کۆتایی کتێبەکەدا هێنا کە بۆ پیتەرم خوێندبوویەوە و پاشان... دەنگی خشەخشی جووڵەی خامە لەسەر کاغەزە نارێکەکە بەرز بوویەوە؛ ئاخر من خەریک بووم کۆتاییەکی تازەم بۆ ئەو چیرۆکە دەنووسی...ماڵەکە گەڕایەوە سەر جێی خۆی. دایک و باوکەکە سەلامەت بوون. دیسان شەوی هالۆوین بوو و مۆنکیا و پیتەر بە کیسەی پڕ لە شکولاتەوە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، هەموو ئەوەی بەسەریان هاتبوو، لە یادیان کرد. یادەوەرییە ترسناکەکانی مێشکیان سڕانەوە. خۆشحاڵ و ڕەزامەند بۆ ژیانی ئاسایی خۆیان گەڕانەوە.

ئاخێکی بەرزم هەڵکێشا و کۆتاییە تازەکەی چیرۆکەکەم بۆ پیتەر خوێندەوە: "دەی، ڕات چییە؟"

زەق زەق سەیری کردم و وتی: "نازانم. پێت وایە بەڕاستی بێتە دی؟"

٤٤

پێڵووەکانم لێکنا و... هاوارم کرد.
لەناکاو ژوورەکە تاریک بوو.
چەند چرکەیەکی خایاند تا بزانم بۆچی ڕووناکیی خۆر ونبوو. ڕامکردە بەردەم پەنجەرەکە و سەیری دەرەوەم کرد.
نیوەگۆی مانگ، لەو سەرەوە بە ئاسمانی ڕەشەوە بوو.
دووبارە شەو بوو.
- بڕۆین پیتەر.
لە ماڵە تاریکەکە ڕامانکردە دەرەوە. وەختێک پێمان نایە سەر شەقامە ڕووناکەکە، بێ ویستی خۆم هەناسەیەکی دەنگدارم هەڵکێشا. پیتەر دووبارە جلی سپیی کاراتی لەبەردا بوو و کیسەیەکی پڕ لە مژمژە و شکولاتەکانی هاڵۆوینی توند بە دەستەوە گرتبوو.
سەرم بەرز کردەوە و تەماشای مانگم کرد: "دەبێ زۆر درەنگ بێ."
پیتەر ئاوڕی دایەوە و ڕوو لە خانووە گەورەکەی پشتی سەرمان وتی: "ئەمە ماڵی کێیە؟ ئێمە لێرە چی دەکەین؟"
سووڕامەوە و سەیری ماڵەکەم کرد. لە ڕێگەدا ڕووبەڕووی چەند کەسێکی تر بووینەوە کە بۆ هاڵۆوین هاتبوونە دەرەوە.

زۆربەیان ئەو منداڵە گەورانە بوون کە مۆڵەتی ئەوەیان هەبوو تا درەنگوەخت لە دەرەوە بمێننەوە. کاتێک بەسەر ئەو پیادەڕۆیەدا تێپەڕین کە دەچووە ناو کۆڵانەکەی خۆمانەوە، فانۆسێکی کوولەکەیی زەردی مەیلەو نارنجی و گەورە، لەسەر سەکۆی بەردەم ماڵێکەوە بزەی بۆ کردین.

هەموو گڵۆپەکانی ماڵەوەمان هەڵکرابوون و کاتێک من و پیتەر گەیشتینە ناوەڕاستی چیمەنی بەردەم ماڵەوە، دەرگاکە کرایەوە. دایک و باوکمان لەبەر دەم دەرگا چاوەڕێمان بوون.

دایە وتی: "ئێمە کەمێک نیگەران بووین. ئێوە هیچکات تا ئەم کاتەی شەو لە دەرەوە نەدەمانەوە."

وتم: "ئاخر سەرمان لە چەند ماڵێکی تریش دا." و چاوەکانم خڕکردنەوە و بەردەوام بووم: "پێشنیازی پیتەر بوو، نەک من."

پیتەری کیسەی دەستکەوتەکانی جەنگی بەرز کردەوە و وتی: "سەیری ئەمە بکە!"

بابە دەستی بۆ کیسەکە درێژ کرد و وتی: "هیوادارم ئەمساڵ بتەوێ ئەمانە دابەش بکەیت، ها؟"

"بەڵێ. باشە." پیتەر کیسەکەی بردە دواوە و بە پلیکانەکاندا رایکردە سەرەوە.

بە دوایدا ڕۆیشتمە ناو ژوورەکەیەوە. ئەمە کاری هەمیشەی ئێمە بوو، کیسەکانمان هەڵدەڕشتە سەر زەوییەکە،

خواردەمەنییەکانمان جیا دەکردەوە و لەگەڵ یەک دەمانگۆڕینەوە.

پیتەر چووە ناوەڕاستی ژوورەکە، کیسە گەورەکەی بەرز کردەوە و هەڵیڕشت.

چەند شکولاتێک بەربوونەوە. بەڵام پاشان... پاشان...

پێنج دانە دەمامکی لاستیکیی و ترسناک لە کیسەکە کەوتنە خوارەوە.

هەموویان لەسەر پشت کەوتنە سەر زەوی.

هەنگاوێک چوومە دواوە. نەمدەتوانی چاویان لەسەر لابەرم. زۆر ترسناک بوون.

بە زمانگرتنەوە وتم: "پیتەر ئەمانە چیین؟ ئەمانەت لەکوێ هێناوە؟"

شانەکانی هەڵتەکاندن و وتی: "نا...زانم."

دەتوت هەر پێنجیان لەسەر زەوییەکە چاویان تێبڕیوم. لەو کاتەدا بوو کە هەموو شتێکم بیرکەوتەوە. هاوارم کرد: "نـــــــــا!" ئاخر دەمامکەکان دەمیان کردبوویەوە و پێدەکەنین.

# بەخێرهاتنەوە بۆ تالاری شاراوە

دەی، مۆنیکا، چیرۆکی هالۆوینی تۆ ڤیژەیەکی ڕاستەقینەیە، گرنگ نییە چۆن حونجەی دەکەی!
دڵنیای ئەم چیرۆکە سەد ساڵە کە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە؟ ئاخر ڕووخساری تۆ زیاتر لە ٩٨ ساڵ پیشان دەدات!
هاهاهاها. بەڵێ، دەزانم. تۆ تەنها تەمەنت دوازدە ساڵە. ئاخر من حەز دەکەم کەمێک گاڵتە بکەم. ئەم شیعرە کۆنەت خۆ ئەزبەرە: "هەر کەس هەر ڕۆژێک پێبکەنێ، مرۆڤە گورگینەکان لە ماڵەکەی ڕاودەنێ."
کەواتا هەوڵ بدە کە لێرە دەچیتە دەرەوە، پێبکەنی. ڕەنگە تۆ لە میوانەکەی پێشتری من بەختەوەرتر بی.
سوپاست دەکەم کە چیرۆکەکەی خۆت بۆ هێنام. من چیرۆکوانم و چیرۆکەکەی تۆ لە تالاری شاراوەدا، واتا ئەو شوێنەی کە پەیوەستە پێوەی، دەپارێزم.
ئێستا میوانێکی تازەمان هەیە. وەرە ژوورەوە کوڕە گەنجەکە.
ناوت چییە؟ مەت کرینسکی؟

زۆر ماندوو دێیتە بەرچاو، مەت. بۆچی ئاوا لەتر دەدەی؟
وەک مردوویەک کە لەسەر پێیەکانی بڕوات.
تا ئێستا کەس پێی وتووی هاوشێوەی زۆمبییەکانی؟
وەرە ژوورەوە. بەدەم لەترخواردنەوە و لەم لایەوە وەرە.
تەلاری شاراوە جێگەی زۆر زۆرە. دەزانی... ئەم تەلارە هەمیشە بۆ قیژەیەکی تر جێگەی هەیە.




Description

بسم الله الرحمن الرحيم
🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و  بابەتی جیاواز🤍

ئەم کتێبە لەلایەن { ئازیزێکی چەناڵ }
کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7
Invite Link